# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٩١٠ ■ هەینی، ١٩ی بەفرانباری ١٤٠٤ _ ٩ی ژانویەی ٢٠٢٦

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالدا




ڕووداوە سیاسییەکان و جێگۆڕکێیە جۆگرافیاییەکانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، شەقڵی خۆیان لەسەر فۆرم و قەوارەی «کوردستان» بەجێ هێشتووە. هەرچی «کوردستان» لە شار و هەلومەرجی ئاسایی زیادتر دوور کەوتووەتەوە، فۆرم و قەوارەکەی بچووکتر و کەلوپەلی چاپ و بڵاوکردنەوەی سادەتر بووە. بەم هۆیەوە کە مەبەستی سەرەکی، گەیاندنی شتە هەر پێویستەکان لە دۆخێکی دژواردا بووە، لە نێوەرۆکیشدا «کوردستان» چار نا چار زیاتر سیاسی بووە و کەمترفریای شتی دیکە کەوتووە.

ل ١٢



ئەگەر ڕۆژنامەی کوردستان لە دەستپێکی یەکەم ڕۆژی کارکردنی، واتە هەشتا ساڵ لەمەوبەر لەسەر دەستی ڕووناکبیران و کەسانی دیاری کۆمەڵگەی ئەو کات دامەزرا، بەڵام لە دواییدا بوو بە قوتابخانەیەک بۆ پەروەردەکردنی کۆمەڵێک لاو و گەنجی کوردستان کە زۆربەی هەرە زۆریان جێ پەنجەیان بە مێژووی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دیارە. بەڵام حەق وایە بڵێین کە لە هەموو هەلومەرجێکدا ڕۆژنامەی کوردستان ڕەسالەت و بنەما فکرییەکانی خۆی کە لەسەری دامەزراوە لەدەست نەداوە.

ل ٦

# تایبەتنامەی یادی ٨٠ ساڵەی دەرچوونی «کوردستان»

# «کوردستان» زمانحاڵ و سەنگەری بەرگری و شوناسپارێزیی نەتەوەیەک







## "کوردستان" لە ٨٠ ساڵ تەمەنیدا

## هیچ لە جەوهەر و ڕیسالەتی ئەو ڕۆژنامەیە نەگۆڕاوە (ل٤)



## ڕۆڵی ڕۆژنامەی "کوردستان"

## لە پێکهێنان و بەرزکردنەوەی ئاگایی نەتەوەیی لە کوردستان (ل ٥)




## "کوردستان" و پرسی ئەدەب و هونەری بەرگری

## (شیکارییەکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و زمانەوانی) (ل ١٠)



## "کوردستان" و مۆدێرنیتەی سیاسی؛

## لە سەروەریی گوتارییەوە بۆ بونیادنانی نەتەوە (ل ٧)



## "کوردستان"

## لە دەوڵەتدارییەوە هەتا بەردەوامیی لە تاراوگەدا (ل ١٥)



## "کوردستان"

## وەک قوتابخانە و دامەزراوەیەکی پەروەردەیی (ل ١٥)

## مستەفا هیجری: «کوردستان» سەنگەری پاراستنی زمان و شوناسی نەتەوەییە



٢٠ی بەفرانباری ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ هەشتا ساڵەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لە ماوەی ئەو هەشتا ساڵەدا ڕۆژنامەی کوردستان زمانی دەربڕینی سیاسەتەکانی حیزب و بەرگری لە بزوتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و پێ بە پێی خەباتی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بە قۆناخی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە و تریبۆنێک بووە بۆ پرسە نەتەوایەتییەکان.

ڕۆژنامەی کوردستان بەپێی تایبەتمەندی حیزبی دێموکرات لە دەستپێکی حکوومەتداری کۆماری کوردستان هەتا ئێستا کە لە دەوری نوێی ڕۆژنامەدا ٩١٠ ژمارەی لێ چاپ و بڵاو بۆتەوە، وەک ئۆرگانی فەرمی و زمانحاڵی حیزب، مەکۆیەک بووە بۆ ڕاستبێژی، زمان پاراوی، سینگفراوانی و گوێگرتن بۆ ڕەخنە و پێشنیاری ڕەخنەگران ودڵسۆزانی حیزب و بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد.

لە ماوەی ئەو هەشتا ساڵەدا ڕۆژنامەی کوردستان وەک سەنگەرێکی قایم بۆ پاریزگاریکردن لە زمان و شوناسی نەتەوەیی توانیوویەتی بەربەرەکانی بکا لەگەڵ تەوژم وهێرشی دوژمنکارانەی نەیارانی گەلی کورد کە هەموو کات تێکۆشاون زمان، مێژوو وکولتووری گەلی کورد بسڕنەوە، لە هەمان کاتدا لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لە قۆناخە جیاجیاکانی خەباتدا بووە بە شوێنی تۆمارکردنی ڕووداوەکان کە وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی مێژوویی دەتوانرێ پشتی پێ بسپێردرێ.

بە بۆنەی هەشتا ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان سڵاوی ئەمەگداری دەنێرم بۆ دامەزرێنەرانی ئەو ڕۆژنامەیە و تەواوی ئەو کەسانەی لەو ماوە دوور و درێژەدا بە هەوڵ و تێکۆشانیان لە هەلومەرجی دژواری خەباتدا لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بەردەوام بوون لە چاپ وبڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان. لە هەمان کاتدا پیرۆزبایی بە بەڕێوەبەران و نووسەران و هاوکارانی ئەو ڕۆژنامەیە دەڵێم کە سەرەڕای هەموو کەم وکورتی وکۆسپەکانی سەر ڕێگایان هەتا ئێستا ئەو ئەرکە پیرۆزەیان وەئەستۆ گرتوە، ئەوەش نیشانەی بایەخدانانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە بە کاری ڕاگەیاندن لەسەر بنەماکانی پرسی نەتەوایەتی و دێموکراسیخوازی.

بەو هیوایە کوردستان جارێکی دیکە لە نیشتمانێکی ئازاد کراودا درێژە بە ئەرکە نەتەوایەتی و ڕۆشنگەریەکانی خۆی بدا.

**مستەفا هیجری**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٩ی بەفرانباری ١٤٠٤**

## مستەفا هیجری:

# هێزی دوژمن دواجار لە خاکی کوردستان ڕادەماڵرێن

**هاونیشتمانیانی هێژا!**
**کوردستانیانی خۆڕاگر!**

دۆخی ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە گۆڕان بابەتێکی چاوەڕوانکراوە و تا دێ لە ڕزگاری و ئازادی نزیک دەبینەوە. لەم دۆخەدا ئێمە وەک کۆمەڵگەی کوردستان لە وێستگەیەکی هەستیار و تایبەتداین. هەستیار لەو بوارەوە کە خاوەندارییەتی بزووتنەوەیەک دەکەین کە گرێدراوی ژن، ژیان، ئازادییە و، لەو ڕەهەندەوە خوازیاری هێنانە ئارای ئێرانێکی ترین. ئێرانێک کە بۆ هەمیشە لە پاوانخوازی ناسنامەی "نەتەوە-دەوڵەت"ێک دەرباز بێ و ببێتە جوغرافیایەکی مەدەنی کە تیایدا، فرە ناسنامەبوون و مسۆگەربوونی "سەروەریی هاوبەش" ی هەموو نەتەوەکان بەگوێرەی یاسا بەفەرمی بناسرێت.

بەڵام ئامانجی سەرەکی گەیشتنی کوردستانیان بۆ بەئەنجامگەیاندنی دوا وێستگەی سەرکەوتن مسۆگەر نابێ، ئەگەر نەتوانین خۆمان بە تەواوی ڕێکبخەین. هەر لەم ڕەهەندەوەیە کە لەم کاتەدا بە پێویستم زانی ئەم پەیامەتان لە دۆخێکی تایبەتەدا پێشکەش بکەم. پەیامێک کە مەبەستی سەرەکی لێی، بەخشینی ئارامی و پێکەوەبوونە لە داهاتووی خۆرهەڵاتی وڵات.

هەوڵی هەمووان ئەوەیە کە ڕێگاکانی یەکگرتوویی کۆمەڵگەی کوردستان مسۆگەر بکەین. هەرچەن جیاوازی لە کوردستان بابەتێکی ئاسایی و قەبوڵکراوە، بەڵام ئەوەی لە کۆتاییدا بەیەکەوە گرێمان دەدات بەرژەوەندیی گشتی و چارەنووسی هاوبەشمانە، هەربۆیە پێویستە لە دەلاقەی بەرژەوەندیی کوردستانییەوە سەیری گۆڕانکارییەکان بکەین.

ژینگەی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی کوردستان نابێ ببێتە پانتایەک بۆ دوژمنایەتی و بەربەرەکانی یەکتر. بەپێچەوانە دەبێ ببێتە ژینگەیەک بۆ لەیەک تێگەیشتن و یەکتر قەبوڵکردن. ئامانجیش ئەوەیە کە دەرفەت بە هەلپەرەسێتی و دوژمنانی کوردستان و دابەشبوونمان نەدرێت.

لە ڕابردوودا دوژمنانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بە ڕاکێشانی تاقمێک بە ناوی جاش ژینگەیەکیان بۆ بەریەککەوتنی کوردستانیان پێکهێنا تاکوو مرۆڤی کوردستانی بکەن بە دوژمنی یەکتر. لێرەوە جارێکیتر داوا لەو کەسانە دەکەین واز لە خزمەتکردن بە دوژمنانی کوردستان بهێنن و بگەڕێنەوە باوەشی نیشتمان. دڵنیاش بن هەر هەنگاوێک کە ئەوان لە بەرژەوەندی کوردستان هەڵیبگرن بە سینگفراوانییەوە پێشوازی لێ دەکرێت. ئەزموونی بەشەکانی تری کوردستان پێشانی داوە کە هێزی دوژمن دواجار لە خاکی کوردستان ڕادەماڵرێن و، ئەوەی دەمێنێتەوە کوردستان و کوردستانیانن.

ئێمە لە کوردستان بێجگە لە کۆماری ئیسلامی و هێزەکانی، دوژمنێک ناناسین. بۆیە هەموو هەوڵمان بۆ یەکانگیری کۆمەڵگای خۆرهەڵاتە لەو سۆنگەیەوە بە ئەرکێکی نیشتمانی و ئەخلاقی دەزانین کە داوا لە خزمەتکارە کوردەکانی ڕێژیم بکەین کە بگەڕێنەوە باوشی کوردستان و ببن بە بەشێک لە بزاڤی ڕزگاری و ئازادی کوردستان.

سەرکەوتن بۆ گەل و ئازادی بۆ نیشتمانە
**١٦ی سەرماوەزی ١٤٠٤**



پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات ڕوو بە خەڵکی کوردستان

# حیزبی دێموکرات: با یەکڕیز و یەکگرتوو دژی ڕێژیمی مرۆڤکوژی ئێران بوەستینەوە



**خەڵکی خەباتکار و مافخوازی کوردستان!**
**گەلانی ئازادیخوازی ئێران!**
**کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستە نێودەوڵەتییەکان!**

پاش تێپەڕینی چەند ڕۆژ لە دەستپێکردنی نارەزایەتییەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە هەمبەر دۆخی نالەباری ژیان و زوڵم و دیکتاتۆریی زاڵ بەسەر وڵاتدا، سەرەڕای سەرکوت و هەڕەشەکانی ڕێژیم، هەتا دێت خۆپیشاندانەکان بەربڵاوتر دەبن و شار و ناوچەی زیاتر بەو بزووتنەوەیە پەیوەست دەبن.

ئەو خۆپیشاندانانە کە سەرەتا زیاتر ڕەهەندێکی ئابووریی هەبوو، بە تێپەڕینی کات، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بوو بە ئەکتێکی جەماوەری بۆ دەربڕینی داواکارییە سیاسییەکانی خەڵک و بەرزکردنەوەی دروشم لەپێناو مافە دێموکراتیک و مرۆییەکانیاندا؛ بەڵام وەک چاوەڕوان دەکرا، لەگەڵ هەڵسوکەوتی دڕندانەی ڕێژیم و دامودەزگاکانی سەرکوت بەرەوڕوو بوو. بۆیەشە لە ئاکامی هاتنەمەیدانی ئازایانەی خەڵک و سەرکوتکرانیان لەلایەن هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیمدا تا ئێستا دەیان کەس لە خەڵکی بێتاوان لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، لوڕستان، هەمەدان و ناوچە جیاجیاکانی دیکەی ئێراندا کوژراون و بریندار بوون، هەروەها سەدان کەسیش لە لایەن هێزە داپڵۆسێنەرەکانی ڕێژیمەوە ڕفێنراون و بۆ ئەشکنجەگاکان گوازراونەتەوە.

لە دوایین نموونە لەو تاوانانەی ڕێژیمدا، ئەمڕۆ شەممە ١٣ی بەفرانبار لە نارەزایەتییەکانی ناوچەی مەڵەکشایی پارێزگای ئیلام، چەندین کەس لە خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە لە لایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە کوژراون و بریندار بوون. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی بریندارانی شاری مەڵکشای یەکجار زۆرە و برینداران لە ژووری نەشتەرگەریدا لەگەڵ کەمیی خوێن و پزیشک بەرەوڕوون. هەربۆیە خەڵکی ئەو ناوچەیە داوای بەهاناوەچوونی خێرا و گەیاندنی یارمەتی بۆ دابینکردنی پزیشک و خوێن بۆ بریندارەکان دەکەن. هاوکات هەتا کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاگەیەندراوە، ناوچەکە لە دۆخێکی زۆر ئاڵۆزدایە، تێکهەڵچوون و تەقەکردنی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە خەڵکی مافخوازی مەڵەکشایی بەردەوامە، ئاماری کوژراوەکان لە بەرزبوونەوەدایە و دەیان بریندراری ئەم کارەساتەش برینەکانیان زۆر قووڵە و ژیانیان لەگەڵ مەترسی بەرەوڕوویە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی تاوان و کۆمەڵکوژیی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی مافخوازی وڵاتەکەمان، نارەزایەتی و خەبات بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە بە مافی ڕەوای نەتەوەکەمان دەزانین و داوا لە هەموو خەڵک و لایەنە سیاسییە دێموکرات و ئازادیخوازەکان دەکەین کە یەکڕیز و یەکگرتوو بەرەوڕووی کاولکاری و سەرکوتەکانی ڕێژیمی مرۆڤکوژی ئێران بوەستنەوە و پشتیوانی خەبات بۆ بەچۆکداهێنانی ڕێژیم و کۆتاییهێنان بە ستەم و دیکتاتۆریی زاڵ بە سەر وڵاتەکەماندا بن. هاوکات سەرەخۆشی لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ئەم کاروانی مافخوازییە دەکەین و دڵنیاین کە خوێنی ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە بەفیڕۆ ناچێ و ئازادی و ڕزگاری بۆ نەتەوەکەیان بەدیاری دێنێ.

هەروەها داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستە نێودەوڵەتییەکان دەکەین بە هەموو شێوەیەک بۆ گەیاندنی یارمەتی بە خەڵک و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەکانی ئێران هەنگاوی پێویست و خێرا هەڵگرن و پێش بە کۆمەڵکوژیی خەڵک لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بگرن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕی**
**١٣ی بەفرانباری ١٤٠٤**

# کۆبوونەوەی ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران




کۆبوونەوەی باڵای حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژی دووشەممە، ١٥ی بەفرانباری ١٤٠٤ (٢٠٢٦/١/٥) بەڕێوە چوو. لەم کۆبوونەوەیەدا بارودۆخی سیاسیی ئێران و دوا گۆڕانکارییەکان لە کوردستان خرایە بەر باس، پشتیوانی لە خەبات و ڕاپەڕینی سەراسەریی گەلان و پێکهاتەکانی ئێران کرا، و بڕیار لەسەر پێویستیی کاری هاوبەش و بەرهەمدار بۆ بەهێزکردن و گوڕوتین بەخشین بە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی دژی کۆماری ئیسلامی درا.

ئەم کۆبوونەوەیە بە ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدان و گیانبەختکردووانی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانە لە ئێران و ناوچەکانی خوارووی کوردستان دەستی پێکرد. دواتر بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بەرپرسی دەورەیی ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانە لە وتاری کردنەوەی کۆبوونەوەکەدا ئامانج لە دانیشتنەکەی شی کردەوە و تیشکی خستەسەر ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییانەی لەو دۆخەدا پتر لەسەر شانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قوورسایی دەکا. پاشان کۆبوونەوەکە بە ڕا و سەرنج و بۆچوونی بەشداران دەوڵەمەند کرا.

لە کۆبوونەوەکەدا شەپۆلی نوێی نارەزایەتی، مانگرتن و خۆپیشاندانەکان دژی کۆماری ئیسلامی کە بەرهەمی دەیان ساڵ گەندەڵی، ناکارامەیی و سیاسەتی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامییە بەرز نرخێندرا و؛ سەرکوتی خوێناویی نارەزایەتییەکان لە کرماشان، ئیلام، مەلەکشایی و لوڕستان بە بڕیاری ڕاستەوخۆی خامنەیی کە دیسان مافخوازیی خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستانی بە ئاژاوە ناو برد، مەحکووم کرا. هەروەها وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری شەهیدانی ئەم دواییانە لە سەرانسەری ئێران لە مەلەکشایی و ناوچەکانی خوارووی کوردستان، پێداگری لەسەر پێویستیی یەکڕیزی و هاوخەباتیی هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێران و هەنگاوی جیددی و بەکردەوە دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی دوژمنکاری و سەرکوتی سیستماتیکی بزووتنەوەی کورد لەلایەن ڕێژیمەوە کرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا بڕیار لەسەر چڕکردنەوەی هەوڵ و وتووێژەکان بۆ داڕشتنی گەڵاڵەی بنەمای هاوکاریی لایەنە سیاسیەکان، دیاریکردنی نەخشەڕێگا بۆ بە هێزکردنی بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ئێران درا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کاک سەید برایم عەلیزادە، دەبیرەوەڵی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران؛ کاک عومەر ئیلخانیزادە، جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران؛ کاک ڕەزا کەعبی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان؛ کاک باباشێخ حوسێنی، سکرتێری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کاک حوسێن یەزدانپەنا، سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان؛ کاک ئەمیر کەریمی، هاوسەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان و کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ سەرۆکایەتیی هەیئەتی حیزبەکەیان کردبوو.

**ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکانی ئێران**
**١٥ی بەفرانباری ١٤٠٤ (٢٠٢٦/١/٥)**

# پەیامی بەردەوامیی یەکگرتوویی و خۆڕاگری و پێزانینی ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاری سەبارەت بە سەرکەوتنی مانگرتنی ١٨ی بەفرانبار

**خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!**
**خەڵکی ئازادیخوازی سەرانسەری ئێران!**
**حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان!**
**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی!**

ئەمڕۆ پێنجشەممە، ١٨ی بەفرانبار کوردستان جارێکی دیکە سەلماندیەوە سەنگەری لەگیراننەهاتووی خەبات و خۆڕاگری دژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

ئەمڕۆ خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بە مانگرتنی گشتی، داخستنی دووکان و بازاڕ و شوێنە گشتییەکان و دەربڕینی ناڕەزایەتی لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان، هەم متمانەی چەند بارەیان بە حیزبە سیاسییەکانیان بەخشییەوە، هەم نیشانیان دا شۆڕشی "ژینا-ژن، ژیان، ئازادی" نەک هەر لە پێ نەکەتووە؛ بەڵکوو لە قووڵایی کۆمەڵگەدا زیندووە و لێ بڕاوە بۆ هەمیشە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی تێکەوە پێچێ. خەڵکی کوردستان پێشانی دایەوە کە لەهەمبەر تاوان و جیناتەکانی کۆماری ئیسلامی لە لوڕستان و مەلەکشایی و شوێنەکانی دی بێدەنگ نابێ و ڕێگە نادا ڕێوڕێبازی خوێن و خەباتی لاوان و ئازادیخوازان ون ببێ. هەروەها پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە ناڕەزایەتییە سەراسەرییەکانی ئێران، مەحکوومکردنی سیاسەتی هەڵاواردن و وەستانەوە لەهەمبەر جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان سەلمێنەری زیندێتی و گەشەی بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ئێران و پێشکەوتنی خەبات و ڕاپەڕینی ئەم قۆناغە چارەنووسسازە دژ بە دیکتاتۆریی ڕێژیمی ئێرانە.

ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاریی حیزبەکان لە کوردستان سپاسی خەڵکی خەباتکاری کوردستان و ئازادیخوازانی ناوچەکانی تری ئێران دەکا کە بە مانگرتن و بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکانیان وەڵام و پەیامێکی سیاسیی ڕوون و گورچکبڕیان بە هێزە سەرکوتگەرەکان و تەواوەتیی ڕێژیمی دەسەڵاتدار دایەوە. خەڵکی بوێر و ئازادیخوازی کوردستان نیشانیان دایەوە هەڕەشە و تۆقاندن و سیاسەتی سەرکوت هەنگاویان پێ شل ناکا و بەو یەکڕیزی و یەکگرتوویییەی حیزبە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان ئەو پەیامە بە ڕاشکاوی ڕاگەیەندرا کە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێمە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. ئەم قۆناغە نوێیەش دەخوازێ لەپێناو بەردەوامی و سەرکەوتنی یەکجارەکیدا زیاتر و جیاوازتر لە هەمیشە بەستێنی لەبار بۆ یەکڕیزی، هاوخەباتی و هەڵمەتی پێکەوەیی دەستەبەر بکەین و بەوەش هێزێکی زیاتر بە خەبات و بزووتنەوەکەمان بدەین.

بزووتنەوەی سیاسی و مافخوازانەی کوردستان کە بەردەوام پێداگریی لەسەر فرەچەشنی و پێکەوە ژیان کردووە و دژ بە پاوانخوازی و خۆسەپاندن بووە، جارێکی دیکەش پشتیوانیی خۆی لە ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکان دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕادەگەیەنێ و پێ لەسەر شێلگیری و بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانی خەلکی کوردستان لەپێناو وەدیهاتنی ماف و داوا ڕەواکانی لە ئێران دادەگرێتەوە.

بژی هاوپشتی و یەکگرتوویی خەڵکی مافخوازی کوردستان!

بڕووخێ کۆماری ئیسلامیی ئێران!




**– پارتی ئازادیی کوردستان**
**– پارتی ژیانی ئازادی کوردستان**
**– سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**
**– کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**– کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**– کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**– حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ئێوارەی ١٨ی بەفرانباری ١٤٠٤**

---

# خرۆشی دووبارەی شەقامەکان!



**ڕەزا دانشجوو**

ئابووریی لاواز و نەخۆش و پێکهاتەی سیاسیی گەندەڵ، ڕێژیمی وەلایەتی فەقیهی لە وەها گۆماو و تالاوێکی قووڵ گرفتار کردوە کە تەنانەت گەشبینترین لایەنگرانی کۆماری ئیسلامیش دەربازبوون و ڕزگاربوونی لەم بارودۆخە بە مەحاڵ و ئەستەم دەزانن. دابەزینی ڕەهای بەهای دراوی نیشتمانی ئیتر هیچ دەسەڵاتێکی بۆ ئەم ئابوورییە نادیارەی دەوڵەتی – سەرمایەدارییەدا نەهێشتۆتەوە. سیستەمێک کە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە تا ئەمڕۆ لە دەستی سەرکردە گەندەڵەکانی ڕێژیمدا لە بازنەیەکی چەوتدا دەخولێتەوە!

کۆماری ئیسلامی کە بە بەڵێنی ئاو و کارەبای بێ بەرانبەر هاتە سەر دەسەڵات، ئێستا تەنانەت بۆ چەند ڕۆژێکیش توانای کۆنترۆڵکردنی نرخەکانی نیە و لە لێواری دارمانی تەواوی ئابووریدایە! سیستەمی کوپۆنیی کۆماری ئیسلامی کە لە ڕۆژانی سەرەتای ڕێژیمدا بۆ دڵخۆشکردن و ڕازی ڕاگرتنی هەژارانی کۆمەڵگە لانیکەم بۆ ماوەیەکی کورت داڕێژرابوو، دواتر لەژێر ناوی یەکسانکردنی نرخەکان بەتەواوی لەنێو چوو و ئەو نەخۆشییەی کە بەهۆی ساڵانێک سیاسەتی هەڵەی ڕێژیمەوە سەرتاسەری جەستەی ئابووریی داگرتبوو ڕوون و ئاشکرا بوو. ئەو نەخۆشییەی کە هەر ڕۆژ زیاتر لە ڕۆژی ڕابردوو خۆی نیشان دەدا و بوو بەهۆی ململانێی چینایەتیی زیاتر، بەو جیاوازییەی کە بەراورد بە ڕابردوو کەلێنی نێوان دارا و نەدار زۆر زیاتر بووە و ڕێژەی چینی چەوساوە و هەژار هەر ڕۆژ زیاتر و زیاتر دەبێت!

پلانی بەناو نادەوڵەتیکردنی ئابووری و بەشداریکردنی زیاتری خەڵک لەم پرۆسەیەدا، کە لە ڕاستیدا ڕادەستکردنی سیستەمی ئابووریی وڵات بوو بە فەرماندە و کارتێلەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی سپای پاسداران، دۆخەکەی زۆر خراپتر کرد. ئەمەش سەرەتای پرۆسەیەک بوو کە لە بواری ئابووریدا بە گەندەڵیی سیستماتیک (Systematic Corruption) ناسراوە، واتە سیستەم دەگاتە ئاستێکی گەندەڵیی کە ناچار دەبێت گەندەڵی بەرهەم بهێنێتەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە بوونی خۆی و سیستەمەکە لەناوەوە خۆی لەنێو دەبات. شەڕخوازی و قسەی بێ مانا و خۆبەزلزانینی بێئەنجام و ناعەقڵانیی ڕێژیم کە تەنیا دەستکەوتی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان بوو، دوا هەناسەی ئەم سیستەمە گەندەڵەی خستۆتە مەترسیی مردن و لەنێوچوون. دابەزینی ڕەهای بەهای دراوی نیشتمانی کە ساڵانێک لەمەوبەر دەستی پێ کردوە، لە چەند مانگی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بێ وێنە چڕتر بووەتەوە و ئێستا بەکردەوە ئەگەری هەر جۆرە بازرگانییەکی ئیفلیج کردوە و تێکۆشانی ئابووری تەواو ڕاوەستاوە.

ناڕەزایەتییەکانی ڕۆژانی ڕابردوو کە لە بازاڕەوە دەستی پێکرد و ئێستا گەیشتۆتە زانکۆکان، جارێکی دیکە نیشانی دا کە دۆخی کۆماری ئیسلامی چەندە ناسک و ناسەقامگیرە. لێدوانی سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی وەک پزیشکیان سەرۆککۆماری بووکەڵەیی خامنەیی و قالیباف سەرۆکی مەجلیسی ڕێژیم کە وەک هەمیشە هەوڵیان دا بە گرێدانی ناڕەزایەتییەکان بە دەرەوەی سنوورەکانەوە سەرنجی خەڵک بۆ لایەکی دیکە لابدەن، بە چڕبوونەوەی ناڕەزایەتییەکان شکستی هێناوە. چاوخشاندنێک بەو دروشمانەی کە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا دراون، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ناڕەزایەتییەکان درێژەپێدەری هەمان ئەو پرۆسەیەن کە لە شۆڕشی ژیناوە دەستی پێ کردوە و ئاراستە و ئامانجیان ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە و هیچی تر ڕازییان ناکات! واقیعەکە ئەوەیە کە چل و چەند ساڵ تەمەنی شەرمەزارانەی کۆماری ئیسلامی سروشتی ئەم نیزامەی بە جۆرێک دەرخستووە کە هەر ئاڵوگۆڕێک یان بزووتنەوەیەک لە چوارچێوەی قەوارەی کۆماری ئیسلامیدا ئێستا لە چاوی جەماوەری ئێراندا بێ بایەخ و نادروستە و جەماوەر بە ڕوونی لە کۆماری ئیسلامی تێپەڕ بوون و هیچ گۆڕانکارییەک لەنێو چوارچێوەی ڕێژیمدا ناتوانێت کۆتایی بەم دۆخە بهێنێت.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتای ئەم ناڕەزایەتییانە، بەپێچەوانەی شۆڕشی ژینا، بەجێی سانسۆری تەواوی ڕووداوەکان هەوڵی دا بە ڕووماڵی تەواو ئامانجدار و پەخشکردنی هەندێک دروشمی پیشەیی، ناڕەزایەتییەکان وەک جووڵانەوەیەکی پیشەیی و دژی بارودۆخی ئابووریی وڵات نیشان بدات، ئێستا بە تەشەنەسەندن و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان بۆ شارە جۆراوجۆرەکان و بەربڵاوی دروشمەکان بەتایبەت دژی دیکتاتۆر و کۆماری ئیسلامی، دەستەوەستان و سەرلێشێواو ماوەتەوە. درێژەی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییە و یەکگرتنی ناوچە جۆراوجۆرەکان دەتوانێت سەرەتای گۆڕانکارییەکی گەورە بێت لە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکان لەم ساڵانەی دوای شۆڕشی ژینا و کۆتاییهێنان بە کابووسی کۆماری ئیسلامی! خاڵێکی گرنگی دیکە لەم ڕۆژانەدا هەوڵی ژمارەیەک دەزگای ڕاگەیاندنی سەر بە بزووتنەوەی بەناو سەلتەنەتخواز بوو، کە هەموو ئامرازێکیان بەکارهێنا بۆ ئەوەی ئەم درۆیە بڵاو بکەنەوە کە کۆمەڵگە خوازیاری گەڕانەوەی حکوومەتی پێشووە. ڕەنگە دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر، کە لە لایەن ئەو دەزگا میدیاییانە وەک دروشمێکی لادەرانە پێناسە کرا! گەورەترین وەڵام بێت بۆ هەموو ئەوانەی بیر لە سەپاندنی خومەینییەکی تر بەسەر ئەم میللەتەدا دەکەنەوە.

ساڵانێکە نەتەوەکانی ئێران ئەم گەمە دووپاتەبووەوە دەناسن و جگە لە سیستەمێکی دێموکراتیک کە لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ بێت وەکوو باقی جیهانی ئازاد، بە هیچ شتێکی تر ڕازی نابن. ئەو سەردەمەی کە وێنەی کەسێکیان لەسەر مانگ دەبینی، زۆر لەمێژە تێپەڕیوە. ئێستا خەڵک زیاتر گرنگی بە ڕاستییەکان دەدەن نەک دروشمی پووچ و بەڵێنی بێ بنەما. هەر کەس لە خەیاڵی خۆیدا دەتوانێت خەون بە ئاواتەکانییەوە ببینێت، بەڵام ئەمە شەقامەکانن کە کۆتاییان بە هەموو دیکتاتۆرەکان هێناوە! ئەمە خەڵکی شەقامەکانن کە بڕیار دەدەن نەک تاقمێک میدیای دوور لە هەموو ڕاستییەکان. کات، کاتی تێپەڕبوونە لە هەر چەشنە چەقبەستووییەک! ئەم خەڵکە ئازادیخوازە بێزارن لە دووپاتە و دووپاتەبوونەوە! بەدوای هەوای پاک و ئازادیدا دەگەڕێن! دێموکراسی و ئازادی و کۆتاییهاتنی هەر جۆرە ستەمکارییەک! ئێرانی سبەی، ئێرانێکی ئازاد دەبێت لەسەر بنەمای دێموکراسییەکی گشتگیر و لامەرکەزی و ڕێزگرتن لە مافی هەموو نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەم جوگرافیایە. گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دووپاتەکردنەوەی هەڵەکانە! داهاتوو ڕوون و بەرەوپێشچوونە!



## عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

# لە ٨٠ ساڵ تەمەنی "کوردستان"دا هیچ لە جەوهەر و ڕیسالەتی نەگۆڕاوە



**ئاماژە: لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، هەندێک ڕۆژ و ڕێکەوت هەن کە تەنیا ژمارەیەک نین لە ڕۆژژمێردا، بەڵکوو وەرچەرخانێکی مێژوویی و هەڵگیرسانی چرایەکی پڕشنگدارن لە تاریکستانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. ٢٠ی بەفرانبار، ساڵڕۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکێکە لەو ڕۆژە پیرۆز و مانادارە کە وەک سیمبولی تێکەڵبوونی "خەبات" و "ڕووناکبیری" دەناسرێت. لە کاتێکدا پێشەوا قازی محەممەد و سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات بیریان لە دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک یەکەم ئەزموونی دەوڵەتداریی مۆدێڕنی کوردی دەکردەوە، بە دروستی دەرکیان بەوە کردبوو کە خەباتی چەکداری و سیاسی بەبێ بوونی مینبەرێکی ڕاگەیاندن و هزری، ناتەواوە. بۆیە ڕۆژنامەی "کوردستان" تەنیا وەک بڵاوکراوەیەکی ئاسایی لەدایک نەبوو، بەڵکوو بوو بە ناسنامەیەک بۆ سەلماندنی بوونی نەتەوەیی کورد و ئامرازێک بۆ گەیاندنی دەنگی مافخوازانەی گەلێک بە گوێی دۆست و دوژمن. "کوردستان" بۆ باس و بابەتێکی تایبەت بۆ ئەم ڕۆژە مێژووییە وتووێژێکی لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیمای سیاسی و ئەدەبیی ناسراوی کورد، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات و هەروەها یەکێک لە سەرنووسەرانی پێشووی ئەم ڕۆژنامەیە پێکهێناوە.**

**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**بەڕێز مامۆستا، دەرچوونی ژمارە ٩١٠ی ئەم دەورەیەی "کوردستان" هاوکاتە لەگەڵ ٨٠ ساڵەی ئەم ڕۆژنامەیە. ٨٠ ساڵ تەمەن، ٨٠ ساڵ بەردەوامی بەڵام ٩١٠ ژمارە کە ئەوەندە ژمارەیەش لە ماوەی ٥٥ ساڵدا دەرچووە. بەڕێزتان چ خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکتان بۆ ئەم بابەتە هەیە؟**

پێم خۆشە لەپێشدا ئەوە بڵێم ئەگەر ئەتۆ وتووێژ لەگەڵ من دەکەی وەکوو یەکێک لە ئەندامانی هەرە کۆنی حیزب، ئەمنیش هەر چەند ساڵێک پێش ئێوە ڕۆژنامەی کوردستانم دیوە، دەنا نە هاودەورەی بووم و نە بە زوویییش دیومە، بە حوکمی ئەوەی ئێمە ئارشیڤێکمان لەبەردەستدا نەبوو کە ڕۆژنامەی کوردستان ببینین. بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئێمە هەموو ژمارەکانی یەکەم دەورەی ڕۆژنامەی کوردستانمان لەبەردەستدا نیە. بۆیە شتێکی تەبیعییە کە ئێمەش زۆری لێ نازانین، بەڵام لەبارەی ئەوەی کە بۆچی ئاوایە، دەڵێم بەبۆنەی دەرچوونی ژمارە ١٠٠ی کوردستانەوە پێم وابێ هەر لەو ژمارەیەشدا بوو، وتارێکمان هەبوو بە ناوی ئەوەی کە دەڵێ ڕۆژنامەی کوردستان "هاوچارەنووسی تێکۆشەرانی کوردە" یا "زمانحاڵی تێکۆشەرانی کوردە". لەوێدا بە تەفسیل باس دەکا ئەو کاتەی حکوومەتی کۆماری کوردستانمان هەبووە، ڕۆژنامەی کوردستانیش لەنێو شار بووە، کاتێک خەباتکاران کەوتوونەتە شاخ ئەویش کەوتۆتە شاخ. دەورانێک هەبووە کە تێکۆشەرانی کورد نەیانتوانیوە دەرکەون ئەویش هەر غایب بووە. خولاسە، بەحوکمی ئەوەی ڕۆژنامەکە ئۆرگانی ڕەسمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و ئەویش هەتا ئێستا لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە حیزبێکی ناقانوونییە، حیزبێکە کە لە دەرەوەی ژیانی تەبیعی خەباتەکەی درێژە دەدا، ئیمکانی ئەوەی نیە بە ڕێک و پێکی دەربچێت، بۆیە ئەوە کە دەبینین پاش ٨٠ ساڵ ڕۆژنامەی کوردستان ٩٠ ژمارەشی ماوە بۆ ئەوەی هەزارەمین ژمارەی دەربچێ، ناخۆشە، تاڵە، بەڵام واقیعەتێکە کە قابیلی دەرکە.

**هەمیشە باس لەوە کراوە کە ڕۆژنامەی "کوردستان" پتر لەوەی ناسنامەی "ڕۆژنامە"ی هەبێ، "ئۆرگان"ی حیزبێکی سیاسی بووە. دیارە من وەک خۆم لام وایە دەتوانین بڵێین "کوردستان" زمانحاڵی نەتەوەیەکیش بووە. ئەو ئۆرگانبوونەی "کوردستان" چ کاریگەرییەکی لەسەر پێناسە و ژیانی ٨٠ ساڵەی ڕۆژنامەی "کوردستان" بووە؟**

ڕۆژنامەی کوردستان لە یەکەمین ڕۆژ و حەوتوو و مانگەکانی دەرچوونیدا تا ڕادەیەک خەسڵەتی ڕۆژنامەشی پێوە بووە، چونکە لە خاکی خۆی و لەنێو خەڵکی خۆی دەردەچوو، هەواڵی ڕۆژانە و ڕووداوی ڕۆژانەی قەید دەکرد، لە حەوتوودا دووجار یان سێ جار دەردەچوو، ئەوە خەسڵەتی ڕۆژنامەشی پێوەیە، هەر تەنیا ئۆرگان نیە. ئێستا پتر ئۆرگانە، ئیدی ناتوانێ ئەو شتانە تۆمار بکا، ناتوانێ بەئاسانی بەدەست خەڵکی بگا. بەڵام ئەوەی کە ئۆرگان بوونەکەی چ تەئسیرێکی هەبووە، بە باوەڕی من ئەو تەئسیرە دوولایەنەیە، هەم حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیستیفادەی لە ڕۆژنامەکە کردوە بۆ ئەوەی دەنگی خۆی بگەیەنێتە بەردەنگەکانی، ناڵێم کۆمەڵانی خەڵک، هەم کوردستانیش بە حیزبی دێموکراتەوە خۆشەویست بووە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەو ڕۆژنامەیە زمانحاڵی سادقی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، هەمیشە ئەوەی گوتووە کە حیزبەکەی ویستوویەتی بیڵێ و بناغەی سیاسەتی حیزبەکە بووە. جاری واش هەبووە لای داوە، ئەمن لەبیرمە جارێک تازە دەورەی ئێستامان دەست پێ کردبوو، مەقالەیەکمان لەسەر دۆخی ئێران نووسی، پێویست ناکا بڵێین کێ نووسیبووی! بەلارێدا چووبوو، یانی نەیتوانیبوو ئەوەی پێویستە بیڵێ، لە ژمارەی داهاتوودا عەینی ئەو تیترە دووپاتە کرایەوە بەناوی دیسان لەسەر بارودۆخی ئێران، ئەوجار سیاسەتەکە ڕاست کرایەوە. لەسەر ئەوەی کە فەرمووت پێم وایە ئۆرگانی نەتەوەیەکە یان زمانحاڵی نەتەوەیەکە، بەو مانایە کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی خۆشەویست و حیزبی کۆمەڵانی خەڵکە ڕاستە، بەڵام موبالەغە نەکەین باشە.

ئەو ڕۆژنامەیە زیاتر هەر ئۆرگانی حیزب بووە و تا ئێستاش بە هۆی ئەوەی بەداخەوە لە دەورانێکی یەکجار زۆر، لانیکەم ٦٠ ساڵ لەو ٨٠ ساڵەی عومریدا هەم نامورەتتەب دەرچووە و هەم نەیتوانیوە بگاتە دەستی خەڵک، نەشتوانراوە ئارای خەڵکی بەوجۆرە کۆبکاتەوە، یانی ڕۆژنامەیەک کە هی خەڵک بێت، دەبێ ئاوا بێت. تەنیا لەو ٢٠ ساڵەی ڕابردوودا کە ئەویش نەک لە ڕێگای ڕۆژنامەکەوە وەک کاغەز، بەڵکوو لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەڵک ئەوەی بیهەوێ، لەهەر جێیەک بێ دەستی پێ ڕادەگا و دەتوانێ زیاتر زمانحاڵی خەڵک بێ.

**لە "کوردستان"ی زمانحاڵی حکوومەتی کۆماری کوردستانەوە هەتا ئەم "کوردستان"ەی ئێستا کە لانیکەم زیاتر لە ٧٠ ساڵ لە تەمەنی لە دەرەوەی زێد و شوێنی لەدایکبوونی دەردەچێ، چ شتێک لە جەوهەر و ڕیسالەتی "کوردستان" گۆڕاوە؟**

ڕۆژنامەی کوردستان لە دەورانی جۆراوجۆردا کە تێیدا دەرچووە، زۆر شتی گۆڕاوە، شکڵی گۆڕاوە، فۆرمی گۆڕاوە، زمانی دەرچوونی گۆڕاوە. وەختێک هەر سێ ڕۆژ جارێک دەرچووە، وەختێک بە شەش مانگ جارێک، تەنانەت وەختی وای تێدایە بە ساڵ و دوو ساڵ و سێ ساڵ و دە ساڵ ژمارەیەکی دەرنەچووە، هەمووی ئەوانە هەن. جارێک بە شێوەی کتێب بووە، جارێک بە شێوەی بەیانییە دەرچووە، هەمووی ئەوانە گۆڕاون. بەڵام لە شتێکدا بە باوەڕی من ڕۆژنامەی کوردستان هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتوە، ئەویش ئەوەیە لە هێڵە گشتییەکاندا زمانحاڵی حیزبی دێموکرات و ئاوێنەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات بووە. سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیش کە پیاو تەماشا دەکا، لە لایەکەوە ناخۆشە کە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات پاش هەشتا و چەند ساڵیش هێشتا وەدی نەهاتوون. بەڵام لە لایەکەوە جێگەی شانازییە کە ئەو ئامانجەی هەشتا ساڵ، هەشتا و سێ ساڵ بەر لە ئێستا دانراون هەتا ئێستاش تازەیی خۆیان و ڕاستی و دروستیی خۆیان لەدەست نەداوە. جا بۆیە لەو بارەیەوە دەتوانین بڵێین هیچ لە جەوهەر و ڕیسالەتی ڕۆژنامەکە نەگۆڕاوە.

**یەکێک لە ئامانجەکانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنیاتنانی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا کە وەک ئەرکێک بۆ ڕۆژنامەیان دیاری کردوە، بردنەسەرێی ئاگایی نەتەوەیی کورد یان بەواتایەکی دیکە نەتەوەسازی بووە. دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە هەمووان دەیبینین. پێتان وایە "کوردستان" چەندەی بەش لەو دەسکەوتە، واتە پەرەسەندنی گوتاری نەتەوەیی پێ دەبڕێت؟**

ئەمن پێم وایە ئەگەر موبالەغە نەکەین، وەکوو لەپێشدا باسم کرد حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا هەڵگری ڕیسالەت و پەیامی نەتەوەییە و ڕۆژنامەکەش هەڵگری ئەو پەیامە و ئەو ڕیسالەتەیە. بەڵام بە حوکمی ئەوەی کە ڕۆژنامەکە کەمتر گەیوەتە دەستی خەڵکی، ناتوانێ ئەو نەخشە کاریگەرەی بۆ خۆی هەبێ. چونکی ڕۆژنامەکە وەکوو بۆم باس کردی، لە دەورانی جۆراوجۆردا و بە ماوەی جۆراوجۆر و بە حەجمی جۆراوجۆر دەرچووە. سەرباری ئەوەش نەگەیوەتە دەستی خەڵکی، لە باری پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەی کوردستان ئێستا دەورانی زێڕینی خۆی دەگوزەرێنێ. چونکە لە سایەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەڵک دەتوانێ لە هەر جێگایەکی دونیا هەیە دەستی پێ ڕابگا. بۆیە ناتوانین بڵێین ئەو دەسکەوتە یانی پەرەسەندنی گوتاری نەتەوەیی هەموو یا بەشی هەرە زۆری هی ڕۆژنامەی کوردستانە. دەتوانین بڵێین هی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. چونکە ئەو پەیامە کە حیزبی دێموکرات هەیەتی ئێستا دەبینین لەنێو خەڵکی کوردستاندا، ئەوانە کە ئەندامی حیزبیش نین، ڕەنگە لە جێی وا هەبێ ئیحتمالەن لەگەڵ حیزبی دێموکرات پەیوەندی دۆستانەشی نەبێ، بەڵام ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات وا فۆرموولە کراون کە ئێستاش ئامانجی خەڵکی کوردستانن. لەو بارەیەوە حیزبەکە تەئسیری هەبووە، بەڵام هیچ تاوان نیە کە بڵێین ڕۆژنامەی کوردستان بەداخەوە نەیتوانیوە ئەو نەخشە بگێڕێ، بە حوکمی ئەوەی کە وەک گوتم نامورەتتەب دەرچووە، حەجمەکەی کەم بووە و لە هەمووی گرنگتر زەحمەت گەیوەتە دەستی خەڵکی.

**جەنابت جگە لەوەی سیاسەتمەدارێکی دیاری کوردی، هاوکات ئەدیب و زمانزانێکی ناوداری کوردیشی. پێتان وایە "کوردستان" زیاتر خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردیی کردوە، یان تایبەتمەندییە زمانییەکانی "کوردستان" یارمەتیی گەشەکردنی ئەم ڕۆژنامەیەی داوە؟**

دەتوانین بڵێین هەردوولایان دروستن. لەلایەکەوە ڕەوانیی ئەو کوردییەی کە لە بەشێکی زۆری عومری ئەم ڕۆژنامەیەدا پێی نووسراوە وای کردوە کە خەڵک ڕۆژنامەکەیان خۆش بوێ. ئەمن لەبیرمە وەختێک لە ساڵەکانی ١٩٧٠دا، ئێمە لە عێراق ڕۆژنامەی کوردستانمان چاپ دەکرد، لە ئەوەڵەوە فەقەت لە چوار لاپەڕەدا بوو، دوایە بوو بە هەشت لاپەڕە، زۆر لە ئەدیبان و کەڵە نووسەرانی ئەم وڵاتە، هی باشووری کوردستان، دەیانگوت ئێمە، مەتالبی کوردستانمان لە پێش دەرچوونی ژمارەی کوردستان لەمێژە دیوە، بەڵام پێمان خۆشە ڕۆژنامەی کوردستانمان بە ڕێک و پێکی پێ بگا، بە خاتری زمانەکەی. بە خاتری زمانەکەی چوار لاپەڕە چییە؟ لەبەر ئەوە نموونەیەکی باشە، ئەو نموونە باشە وای کردوە کە ڕۆژنامەکە خۆشەویست بێ. ئەگەر وابێ کاریگەریی ڕەوانیی زمانەکەیە لەسەر مەحبووبیەتی ڕۆژنامەکە، لە پاشانیش ڕۆژنامەکە کاریگەریی داناوە. چونکە نموونەیەکی باشی داوەتە دەستی ئەو کەسانە کە پێیان خۆشە، ڕۆژنامەکان زمانێکی ڕەوانیان هەبێ، کوردی دروستتر بنووسن. بەڵام ئەو کاریگەرییە کەمە بە هۆکاری ئەوەی وەک وتم و چەند جاریش دەیڵێمەوە، ئەو ڕۆژنامەیە ئەوەندە بڵاو نەبووەتەوە لەنێو خەڵکیدا کە بتوانێ ئەوەی بکا، لە عەینی حاڵدا چوار لاپەڕە بە یەک مانگ یان چەند لاپەڕە بە دوو مانگ ناتوانێت ئەو کاریگەرییە دابنێ لەسەر دروستبوونی زمانێکی ئەدەبی کوردی.

**ڕەخنەیەک کە لەم ساڵانەدا لە "کوردستان" دەگیرێ ئەوەیە مەودای لەگەڵ ئەو زمانە گرتوە کە لە دەیەکانی ٥٠ هەتا ٧٠ و ٨٠ی هەتاویدا پێی دەنووسرا. ئەم ڕەخنەیە چەندە بەجێیە و هۆکارەکانی بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

ئەم ڕەخنەیە ئەمن لەمێژە هەمە، وەکوو ئاماژەی پێ دەکەی، وادیارە خەڵکی دیکەش هەیەتی. وەختی خۆی وەک باسم کرد، ڕۆژنامەی کوردستان وەک نموونەی زمانێکی ڕەوانی کوردی کە دەیتوانی ببێتە بناغەی زمانی ستانداردی کوردی چاوی لێدەکرا. ئێستا بەداخەوە، فاسیلەی گرتوە. هۆکارەکەشی دەتوانین لە دوو سێ شتدا کۆ بکەینەوە. یەکەم ئەوەیە ئێمە لەنێو خەڵکی خۆماندا نین تا کوردی لە خەڵکی خۆمان فێر بین. ئەوە زۆر گرنگە. کوردی یان لە کتێبێک فێر دەبین، یان لە ڕۆژنامەی خەڵکی دیکە، یان لە قسە کردنی خەڵکی دیکە، و بەتایبەتی خەڵکی خوێندەوار. دووهەم ئەوەیە کە ئەوانەی ئەو وەختە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا کاریان دەکرد، بەشێکی زۆریان کەسانێک بوون کە لە عومقی کۆمەڵگەی کوردەواری هەڵقوڵابوون، لە دێوە هاتبوونە شار و هاتبوونە نێو کاری نووسین و وەرگێڕان. ئەوانە ئێستا یان هەر نەماون، یان ئەگەر مابن، فاسیلەیان لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستاندا گرتوە و کەمتر سەروکاریان لەگەڵی هەیە. ئەوەی دیکە ئەوەیە دەستیان خۆش بێ، خوا عومریان درێژ کا، بەردەوام بن، ئەوانەی ئێستا کە دەنووسن، زۆریان پتر مەتڵەب پێیە لەوانە کە پێشتر دەیان نووسی. بەڵام بۆ خۆیان پەروەردەی نێو کۆمەڵی کوردەواری نین، لە مەدرەسە و لە زانکۆ و لە وانە فێری زمانی کوردی بوون. زمانی ئەسیلی هەر میللەتێکیش لە زانکۆوە نایە، قانوون لە زانکۆوە دێ، قانوونی زمانیش لە زانکۆوە دێ، بەڵام زمان لەنێو کۆمەڵانی خەڵک و بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی لادێ و نەخوێندەوار دێتە دەرێ. ڕەنگە لەو بارەشدا ئەمەیان گلەیی بێ، کە زۆر گرنگی بەوە نادەن، کە بزانن چۆن بکەین بۆ ئەوەی زمانەکە زمانێکی پتر ڕەسەن بێ. ئەمن لەبیرمە جارێکییان برادەرێکم شتێکی نووسیبوو، ئەمن پێم گوت ئەوەها نابێ، ئەو بە پانەوە گوتی ئەوەی تۆ دەیڵێی کۆنە. باشە ئەو قسەیە ڕاست نیە، چونکە هەموو شتێک تازەکەی باش بێ، زمان کۆنەکەی باشە. ئەسالەت لەوێ دایە. جا ڕەنگە ئەوەش یەکێک لە هۆکارەکان بێ کە باسم کرد.

**مامۆستا جەنابت تەمەنێک لەگەڵ "کوردستان" بووی. هەم وەک ئەزموونی تاکەکەسی، هەم وەک گێڕانەوەی بەسەرهاتی قۆناغە جیاوازەکانی کارکردنت لە ڕۆژنامەدا چۆن باسی ئەو مێژووە دەکەی؟**

ئەو مێژووە پڕە لە دەورانی خۆش و ناخۆش، لە بیرەوەریی خۆش و ناخۆش. یانی ئێمە ئێستا ئەوانەمان کە لە کوردستان کار دەکەن، دونیایەک کەموکورتی هەست پێ دەکەن. چونکە بە حەقیقەت ئەو ئیمکانیاتە کە ئەورۆ بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەیە، ڕۆژنامەی کوردستان یەکجار زۆر کەمی لەبەر دەستدایە، حەقیانە، بەڵام ئەوەی ئێمە دیومانە لەو دەورانەدا کە ئەمن ئاگام لێیەتی، لەچاو ئێستا ئیتر قابیلی بەراورد نیە. مەسەلەن ئێمە دەبوو بە تایپێکی شەق و شڕی میکانیکی ڕۆژنامە بنووسین، دەبوو زۆر بە دیققەت بێ، ئەو تایپیستە، هەمووی لەسەر ستوونی پێنج سانتیمتری یان کەمتر یان زیادتر تایپ بکا. لە پاشان ئەوەی بە مقەستێک ببڕین لەسەر کاغەزێکی دیکە بیچەسپێنین بە چەسپ، جا ئەوجار کە ئەوەمان ئامادە دەکرد، پێکەوەمان نابایەوە و ناردبامانە شوێنێک بۆ ئەوەی فیلم و زینگی لێ هەڵبگیرێ و چاپ بکرێ. بەڵام لەوەش سەیرتر، ڕەنگە جێی باوەڕ نەبێ، ئەمن ژمارەیەکی کوردستانم لەبیرە، ئامادەمان کرد، ڕۆژنامەی کوردستان چونکە خەبەری نیە، زوو کۆن نابێ، ئێمە چوار پایتەختمان پێ کرد تا توانی چاپ بێ. لەم پایتەختە چاپ نەبوو، لەو پایتەختە چاپ نەبوو، ئاقیبەتەکەی بە جۆرێک کە ئەگەر لەبیرم بێ، لە بەیرووت بۆمان چاپ بوو. پاشان ئەو حەجمە سەیر و سەمەرەی کە تێیدا چاپ بوو. ئێستاش ئەگەر یەکێک بیەوێ ڕۆژنامەی کوردستان مەسەلەن وەک ڕۆژنامەی خەڵکی دیکە لە بەرگ بگرێ، ئەو دەورانەی ئاخیرە ئەلحەمدولیللا هەموویان یەکن. بەڵام قەت شتی وا مومکین نیە، چونکی هێندێکی بەقەد کتێبە، هێندێکی ئا چوارە، هێندێکی ئا سێیە، یانی لەو بارەوە

درێژە بۆ لاپەڕەی ٧

## ڕۆڵی ڕۆژنامەی "کوردستان"

# لە پێکهێنان و بەرزکردنەوەی ئاگایی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



د. کامڕان ئەمینئاوە

بۆ چوونە نێو بابەت "مێژووی نەتەوەکان هەر لە بەرەی شەڕ و ململانێی سەربازی دروست نابێ، بەڵکوو زۆرجار بە قەڵەم، وشە و بڵاوکراوە لە بەرەیەکی گشتگیرتر و بەرفراوانتردا وەڕێ دەکەوێ، پەرە دەستێنێ و دەبێتە هێز و هاندەری نەتەوە بۆ خەبات و شۆڕش لەپێناو پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و گەیشتن بە ئاواتە لەمێژینەکانی.

لە کوردستان، ڕۆژنامەنووسیی کوردی وەک لقێکی گرنگ لە مێژووی فەرهەنگی و سیاسی، ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگر و بەرچاوی لە ڕەوتی شکڵگرتنی ناسنامە و ئاگایی نەتەوەییدا گێڕاوە و لە کۆنەوە و هەر لە ساڵی ١٨٩٨ی زایینییەوە کە یەکەم ژمارەی "کوردستان" لە قاهیرە بە هیممەتی بنەماڵەی نیشتمانپەروەری بەدرخان دەرچوو، ڕووناکبیر و ئازادیخوازانی کورد هەوڵیان داوە لە ڕێگای قەڵەمەوە نەک هەر زمانی زگماکی و ناسنامەی کوردی بپارێزن، بەڵکوو ببنە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاگایی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و زانستیی جەماوەری کورد و، ڕێپیشاندەری ئەوان بۆ بەشداری لە خەبات و هەڵێنانی هەنگاوی پێویست بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بن. لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و دەستپێکی سەدەی بیست، چاپی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی وەک "هەتاوی کورد"، "دەنگی کورد"، "ژیان"، "هاوار" و "نیشتمان" وەک مەکۆی ئازادیخوازانی کورد پەرە دەستێنێ و کاریگەرییەکی قووڵ و سەرنجڕاکێش لەسەر داهاتووی بزووتنەوەی کورد دادەنێ.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەو کاتەیەوە یەکەم ژمارەی "کوردستان" لە بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤ (ژانویەی ١٩٤٦) لە مەهاباد پایتەختی کۆماری کوردستان وەک بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرچوو، تا ئەمڕۆ، بۆ ماوەی ٨٠ ساڵ کۆڵەکەیەکی قایم و بەهێز لە خەباتی ڕووناکبیری و سیاسیی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بووە. ڕۆژنامەیەک کە لە هەوراز و نشێوی سیاسیی ٨ دەیە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) هەمیشە پردێک لە نێوان ئەم حیزبە و نەتەوە و نیشتمانەکەی بووە. لە ڕاستیدا مێژووی ڕۆژنامەی کوردستان یەکێکە لە سەرنجڕاکێشترین ڕەهەندەکانی خەباتی گەلی کورد.

لە تەواوی ساڵانی پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژەیان بە بەردەوامی و چاپی ئەو ڕۆژنامەیە داوە. یەکەم ژمارەی بە ناوی 'کوردستان' لە ساڵی ١٣٢٦ (١٩٤٧) لە شاری باکۆی ئازەربایجان لە لایەن کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بڵاو بووەتەوە. دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" (بە تایبەتی بە هۆی ماندووییەناسیی گیانبەختکردوو د. عەلی گەلاوێژ، نەمران د. ڕەحیم قازی و د. کەریم ئەیووبی و د. محەممەد سوڵتان وەتەمیشی) لە باکۆ بەهۆی سەقامگیربوونی شوێنی ژیانیان، توانیان لە ساڵی ١٣٢٦وە تا ساڵی ١٣٤٠ی هەتاویی (١٩٤٧ تا ١٩٦١) بۆ ماوەی ١٤ ساڵ درێژە بە بڵاوکردنەوەی 'کوردستان' بدەن و ١٣٣٧ ژمارەی لە چوارچێوەی ڕۆژنامەی ئازەربایجان و لە لاپەڕەی دووی ئۆرگانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجاندا چاپ و بڵاو بکەنەوە.

لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نزیک بە ٦ مانگ پاش کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی (١٩ی ئاگوستی ١٩٥٣) ئێران، گیانبەختکردووان د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سەدیق ئەنجیری، و نەمران غەنی بلووریان، و عەزیز یووسفی بە یارمەتیی نەمر سارەمەدین سادق وەزیری توانیان لە بەهار و پاییزی ١٣٣٣ (١٩٥٤) لە چاپخانەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە شاری تەورێز ٥ ژمارەی کوردستان لە ٢٠٠٠ نوسخەدا چاپ و بڵاو بکەنەوە. ژمارەی ٥ی "کوردستان" بەر لە بڵاوکردنەوەی لە لایەن دەوڵەتی ئێران لە چاپخانەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان دەستی بەسەردا گیرا. لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، ٤ ژمارەی کوردستان لە ساڵی ١٣٣٩ (١٩٦٠) بە ناوی ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەورەی سێهەم لە لایەن نەمران کاک کەریم حیسامی، گیانبەختکردووان عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) و قادر شەریف، هەروەها سمایلی قاسملوو لە شاری سلێمانی چاپ و بڵاو بووەوە.

لە نێوان ڕێبەندانی ١٣٤٣ تا خەرمانانی ١٣٤٩ (١٩٦٥-١٩٧٠) لە پراگ پایتەختی کۆماری سۆسیالیستیی چیکۆسلۆڤاکی بە پشتیوانیی حیزبی توودەی ئێران، ٢٦ ژمارەی کوردستان بە سەرنووسەری دوکتور قاسملوو چاپ و بڵاو کرایەوە. کاک محەممەد موهتەدی، نەمر کاک کەریم حیسامی و گیانبەختکردوو مامۆستا حەسەنی قزڵجی نووسەرانی سەرەکیی ئەم دەورەیەی ڕۆژنامەکە بوون.

دەورەی دیکەی ڕۆژنامەی کوردستان وەک ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هەتا ئێستاش دەوامی هەیە، لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ (١٩٧١) وە بە هیممەتی کەسانێک وەک د. قاسملوو، مامۆستایان کەریم حیسامی، حەمەدەمین سیڕاجی، مامۆستا هێمن و مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە دەستی پێکرد و، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و گەڕانەوەی ڕێبەریی هەڵبژاردەی کۆنگرەی سێی حیزبی دێموکراتی کوردستان، جارێکی دیکە لە نێوخۆی وڵات بۆ ماوەی چەند ساڵێک وەکو بڵاوکەرەوەی بیری ئەو حیزبە دەرچوو، بەڵام پاش سەرکوتکرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە و پاشەکشەی هێزەکانی کوردستانی بۆ باشووری کوردستان لە دەیەی ٦٠ی هەتاویدا، هەتا ئێستا ئەم ڕۆژنامەیە دوور لە وڵات بەردەوام بڵاو دەبێتەوە، کارێک کە جێگای پێزانین و شانازییە.

### تایبەتمەندییەکانی بڵاوکراوەیەکی حیزبی

بڵاوکراوەی حیزبیی ئەو نەتەوانەی دەوڵەت و کیانێکی سەربەخۆیان نیە، ڕۆڵێکی باڵاتریان لە ڕاگەیاندنی زانیارییەکی ڕووت و ساکار هەیە و لە درێژەی کار و چالاکییاندا دەبن بە دامەزراوەیەکی سیاسی و فەرهەنگی بۆ ناسنامەسازیی و پەرەپێدان بە ڕەوتی ئاگایی نەتەوەیی لە ڕێگەی زمان و یادەوەریی مێژوویی و پەروەردەی سیاسییەوە. ئەگەر ڕۆژنامەکە لە پێگەیەکی پیشەیی و ئەخلاقی و تا ڕادەیەک سەربەخۆ بەهرەمەند بێ، دەتوانێ ببێتە پردی نێوان ڕێکخراوی سیاسی و ئەزموونی ژیاوی خەڵک؛ ناوەندێک کە نەک هەر پەیامەکان دەگوازێتەوە، بەڵکوو هەڵسەنگاندنیان و لێکدانەوەیان بۆ دەکات و بە زمانێک کە کۆمەڵگە لێی تێبگات، ڕایاندەگەیەنێت. بەم مانایە ڕۆژنامە تەنیا ئامرازێک نیە بۆ پڕوپاگەندەی حیزبی، بەڵکوو مەیدانی دیالۆگ و ڕەخنەیە کە تیایدا بیرۆکەی پێشکەوتنخوازانە پاڵاوتە و کۆمەڵایەتی دەکرێ.

بەشێک لە حیزبە سیاسییەکان، زمانێکی تایبەتمەند و چەمکگەلی ئاڵۆزی تیۆری و چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیی تایبەتیان هەیە. ئەگەر ڕاستەوخۆ بەم زمانە لەگەڵ کۆمەڵگە بدوێن، زۆرجار لێی تێ ناگەن. لەم ڕووەوە ڕۆژنامە ڕۆڵی وەرگێڕێکی کۆمەڵایەتی دەگێڕێ؛ واتە بیرۆکەی حیزبی لە ئاستی بەیاننامە و بڕیارنامەکانەوە دەهێنێتە ئاستی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. کاتێک دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئازادی، یەکسانیی جینسی یان گەشەسەندنی بەردەوام لە شێوەی ڕاپۆرت، چاوپێکەوتن، گێڕانەوەی مرۆیی و شیکاریی بابەتی بەرز دەکرێنەوە، لە ئەبستراکت دەردەچن و دەبنە داواکاریی گشتی.

خاڵی سەرەکی لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆڵی ڕۆژنامەیەک وەک ناوبژیوان ئەوەیە کە ئەم پێوەندییە دوولایەنەیە. ڕۆژنامەیەک کە تەنیا دەنگدانەوەی دەنگی حیزب بێ، درەنگ یان زوو متمانەی گشتی لەدەست دەدات و لە چوارچێوەی ئۆرگانێکی پڕوپاگەندەی داخراودا قەتیس دەمێنێتەوە. لە بەرانبەردا ڕۆژنامەیەک کە ڕەنگدانەوەی کێشە و مەینەتی و هیوا و ڕەخنەکانی خەڵک بێ، دەتوانێ ئەم زانیارییە کۆمەڵایەتییە بۆ حیزب بگەڕێنێتەوە. بەم شێوەیەش حیزب لە مەترسیی دابڕان لە واقیعی کۆمەڵایەتی پارێزراو دەبێ و دەتوانێ بە پشتبەستن بە پێداویستییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگە، بەرنامەکانی خۆی ڕێک بخاتەوە.

بیرۆکەی پێشکەوتنخوازانە بەبێ وشیاریی گشتی ناتوانن بەردەوام بن. ڕۆژنامەکان، لە ڕێگەی پەروەردەی سیاسیی ناڕاستەوخۆ، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕن. بڵاوکردنەوەی بابەتە شیکارییەکان، پشکنینی ئەزموونە مێژووییەکان، ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی ئێستا و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی چارەسەرەکان، هاووڵاتیان لە بەکارهێنەری پاسیڤی هەواڵەکانەوە دەگۆڕن بۆ چالاکوانی ئاگا. خوێنەر و بینەرێکی لەم جۆرە نەک هەر پشتیوانی لە حیزب دەکات، بەڵکوو داواکاریشی لێی هەیە. ئەم داواکارییە، بەپێچەوانەی باوەڕی جەماوەرییەوە، هەڕەشە نیە؛ بەڵکوو زەمانەتی تەندروستیی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانە دەکات.

ڕۆژنامە بە نیشاندانی ئاسۆی ئەگەرەکان و خستنەڕووی ئاڵتێرناتیڤ و شکاندنی هەستی فاتالیزم (باوەڕبوون بە قەزاوقەدەر)، دەتوانێ باوەڕ بە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا پێک بێنێت. گێڕانەوەی سەرکەوتنەکان، تەنانەت ئەگەر بچووک و نێوخۆییش بن، هەروەها ڕەخنەی ڕاشکاوانە لە شکستەکان، مرۆڤ فێر دەکات کە پێشکەوتن شتێکی ئەبستراکت نیە، بەڵکوو پرۆسەیەکی مرۆیی و هاوبەشە. لەم پرۆسەیەدا حیزب بیرۆکەکان دەهێنێ و ڕۆژنامە بە کۆمەڵایەتییان دەکات و نەتەوە هەناسەی ژیانیان پێ دەدات.

ڕۆژنامە وەک پردێک لە نێوان حیزب و نەتەوەدا کاتێک دەتوانێ سەرکەوتوو بێ کە لە پێشخستنی بیرۆکەی پێشکەوتنخوازانەدا ڕۆڵی خۆی نەک لە گوێڕایەڵیی کوێرانە یان بێلایەنیی پاسیڤدا، بەڵکوو لە نێوەندگیرییەکی هۆشیارانە و بەرپرسیارانەدا پێناسە بکات. ڕۆژنامەیەکی لەم جۆرە لە یەک کاتدا هەم گوێگرێکی نەتەوەیە، هەم ڕەخنەگرێکی حیزبە و هەم پارێزەری بەها پێشکەوتنخوازەکان. لەم سێ پێوەندییەدا سیاسەت لە چوارچێوەی دەسەڵاتی تەنیا تێدەپەڕێ و دەبێتە پرۆژەیەکی گەلەکۆیی بۆ باشترکردنی ژیانی مرۆڤ.

### تایبەتمەندیی ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک پردێک لە نێوان حیزب و نیشتمان!

بێگومان ڕۆڵی ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک پردێک لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نەتەوە و نیشتمان، یەکێک لە بنەڕەتیترین و لە هەمان کاتدا هەستیارترین ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیەیە.

چاپەمەنیی حیزبی وەک ئامرازی پێوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکان و کۆمەڵگە دوو ڕۆڵی بووە: لە لایەک ئامرازی گوتاریی حیزبە و لە لایەکی دیکەشەوە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ژیاو و داخوازی و ڕەخنەکانی کۆمەڵگە.

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە چوارچێوەی چالاکییە سیاسی و فکرییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە بارودۆخێکدا کە زمان و شوناسی کوردی لە ئێراندا ڕووبەڕووی سنووردارکردنی پێکهاتەیی بووەوە، دەرچوو. ئەم بڵاوکراوەیە لەو قۆناغانەدا بڵاو کرایەوە کە کەشوهەوای ڕەسمیی وڵات ڕێگەی بە دەربڕینی داواکارییە نەتەوەییەکان نەدەدا؛ بۆیە بوو بە مێدیایەکی بەدیل و بەرگریکار.

بەم مانایە "کوردستان" هەر ئۆرگانێکی حیزبی نەبووە، بەڵکوو دامەزراوەیەک بووە دژ بە پەراوێزخستنی زمانەوانی و سیاسی کە ئەگەری دیالۆگی گشتیی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەخساندوە و لاپەڕەکانی ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی وڵات بووە. لێرەدا دەکرێ باسی چەند خاڵی گرنگی ڕۆژنامەی "کوردستان" بکرێ کە هاوئاهەنگی لەگەڵ بنەما و تایبەتمەندییەکانی بڵاوکراوەی حیزبێکی شۆڕشگێڕ و ئەمڕۆیی هەیە:

### یەکەم: ئامانج و نێوەڕۆکی بڵاوکراوەکە

نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە درێژایی مێژووی بڵاوبوونەوە و قۆناخی جۆراوجۆریدا دەکرێ لە چەند ڕەهەندی سەرەکیدا پۆلێن بکرێ:

١. ڕوونکردنەوەی مێژوو و ناسنامەی نەتەوەیی کورد
٢. داکۆکیکردن لە مافە سیاسی و کولتووری و زمانییەکان
٣. ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی ناوەندگەرایی و جیاکاری هەڵاواردن
٤. ڕەنگدانەوەی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورد لە کوردستان، ناوچە و جیهاندا
٥. بەهێزکردن و پەرەپێدانی زمانی کوردی لە بیاڤی گشتیدا

بۆیە ئاوێتەبوونی سیاسەت، مێژوو و فەرهەنگ بووە هۆی ئەوەی ئەو بڵاوکراوەیە ببێتە "قوتابخانەی فکری" بۆ چالاکانی سیاسیی کورد.

### دووهەم: ڕۆڵی کوردستان لە پێکهێنانی گوتاری نەتەوەیی کوردیدا

١. گەڵاڵەکردن و ناساندنی شووناسی نەتەوەیی: ڕۆژنامەی "کوردستان" بە تیشک خستنە سەر مێژووی هاوبەش و ئازاری بەکۆمەڵ و ئاوات و هیوای نەتەوەیی یارمەتیدەر بوو بۆ پێکهێنانی "ئێمە"یەکی کوردی؛ وەکوو توخمێکی گرنگ بۆ هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی.

٢. ستانداردکردنی گوتاری سیاسی: چەمکەکانی وەک مافی دیاریکردنی چارەنووس، خودموختاری، سۆسیالیزم، سۆسیالیزمی دێموکراتیک، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە سەرەتادا وردە وردە لە ڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەوە هاتنە ناو وشەسازیی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردییەوە.

٣. بەستنەوەی سیاسەت و فەرهەنگ: "کوردستان" نیشانی دا کە ناسیۆنالیزمی کوردی تەنیا پرۆژەیەکی سیاسی نەبووە، بەڵکوو پرۆژەیەکی کولتووری - زمانییە، کە لەودا زمان خۆی دەبێت بە ئامرازی بەرخۆدانی گەلی کورد.



کارگێرانی چاپخانەی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە سەردەمی کۆماردا

### سێهەم: پێوەندیدانی گوتاری کورد بە ئەزموونی کۆماری کوردستان

لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٥-١٩٤٦)، چاپەمەنیی کوردی بۆ یەکەم جار مافی کورد بە دەوڵەتبوون و زمانی کوردییان هێنایە گۆڕەپانی ژیانی ڕەسمیی وڵات، چ لە ئاستی دەوڵەتی کوردستان و چ لە ئاستی کۆمەڵگەی کوردستاندا و، چەمکەکانی دەوڵەت نەتەوەیان کرد بە گوتارێکی گشتی و بە پاڵپشتیی سەرکردایەتیی کۆماری کوردستان و بەتایبەتی پێشەوا قازی محەممەد، ئەم داخوازیانەیان لە نوخبە و ڕووناکبیری سیاسییەوە بۆ ئاستی جەماوەری گواستەوە.

لە دوای ساڵی ١٣٢٥، چاپەمەنیی کوردی ڕۆڵی یادگەی مێژوویی، گرنگیی هەبوونی دەسەڵاتی کورد لە کۆمەڵگەی کوردی، هەبوونی مافی دیاریکردنی چارەنووس و گواستنەوەی ئەزموونی خەباتی کوردی بۆ نەوە نوێیەکانی گرتە ئەستۆ. ڕۆژنامەی "کوردستان" لەم خاڵەدا بوو بە پردێک لە نێوان ئەزموونی کۆماری کوردستان و قۆناغەکانی دواتری خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

### چوارهەم: زمانی کوردی وەک کرداری سیاسی

لە خەباتی ڕزگاریخوازی کورددا زمان هەر ئامرازی پێوەندیکردن نیە، بەڵکوو بناغەی شوناسی نەتەوەییشە. ڕۆژنامەی "کوردستان" بە گواستنەوەی "زمان" لە ئاستی زارەکییەوە بۆ ئاستی نووسراوەیی لە سات و کاتێکدا کە بەهۆی گوشاری حکوومەتی پاشایەتیی پەهلەوی، هیچ دەرفەتێک بۆ فێربوونی زمان لە مەدرەسەکان و پەرەپێدان بە زمان و فەرهەنگی کورد نەبووە، پەرەی بە نووسین بە زمانی کوردی دا و پێشگیری لە توانەوەی ئەم زمانەی لە ئاستی کۆمەڵگەی کوردیدا کرد. وەک کردارێکی سیاسی نووسینی مێژوو و سیاسەت و... هتد بە زمانی کوردی بە واتای خەبات بۆ بەرگری لە ناسنامەی کوردی بوو.

### ئەنجام

ڕۆژنامەی کوردستان دەکرێ بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی گوتاری نەتەوەیی کورد لە ئێران دابنرێ. ئەم بڵاوکراوەیە وەک پردێک لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و نەتەوەی کورد، ڕۆڵی پەروەردەکاری و ڕەخنەگری و ئامادەکردنی ڕۆڵەکانی کوردی بۆ خەبات لەپێناوی ئازادی، دێموکراسی، سۆسیالیزم و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی گێڕاوە. گرنگییەکەی نەک هەر لەو نێوەڕۆکەدایە کە بڵاوی کردۆتەوە، بەڵکوو لەو کاریگەرییەدایە کە لەسەر عەقڵیەتی گەلەکۆیی و زمانی سیاسی و بەردەوامیی گوتاری نەتەوەیی کورد بەجێی هێشتووە. ئەگەر ئەم جۆرە بڵاوکراوەیە نەبوایە، پێدەچێت خەباتی نەتەوەیی کورد تووشی پچڕانێکی مێژوویی و ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی هاتبایە.

# بیری نەتەوەیی لە گۆڤاری نیشتمانەوە بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان"





عومەر باڵەکی

ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەری لە سەردەمی ئێستادا بە یەکێک لە بنەماکانی شارستانییەت دێتە ئەژمار و تەنانەت لە وڵاتانی دێموکراتیکدا ڕۆژنامە بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێ. بەو مانایە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن دەبنە دەنگی خەڵک بەسەر دەسەڵاتەوە و بە لەقاودانی بابەتەکان و ڕۆشنگەری لەنێو کۆمەڵگە ڕێگری دەکەن لە قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن دەستە و تاقمێکەوە.

لە سەدەی بیستەمدا کە پیشەسازی و ئاڵوگۆڕەکانی جیهان پێشکەوتنی خێرای بەخۆیەوە دەبینی و گواستنەوەی زانیاری و هەواڵ وەک پێویستێکی هەنووکەیی خۆی دەنواند، گەلی کوردیش بەدەر نەبوو لەو پێویستییە، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی کە دەسەڵاتی پاشایەتی ڕەزا پەهلەوی لە تاران، پایتەختی ئێران هەرەسی هێنابوو و ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندی بەتەواوی تێدا هەست پێ دەکرا و جموجۆڵی تێکۆشەرانی کورد بە ئاشکرا و نهێنی لەژێر ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دەستی پێکردبوو. بە دەرکی ئەو ڕاستییە کە پێشتر باس کرا، ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژێ – کاف و لە دواییدا حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ هەموو بێئیمکاناتییەک کە هەیانبووە، هەوڵیان داوە لە ڕێگای گۆڤار و ڕۆژنامە لەنێو کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردستاندا ڕۆشنگەری بکەن و خەڵکی کوردستان بە مافەکانیان و شێوازی خەباتی گەلان ئاشنا بکەن. ئەوەتا لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری نیشتمان (١٣٢٢) لە سەروتاردا لەژێر سەردێڕی "ئامانجی ئێمە"دا دەنووسێ:

"... کۆمەڵەی ژێ – کاف بڕیاری داوە بۆ ڕووناککردنەوەی بیری نەتەوەی کورد و دۆزینەوەی هۆی چارەڕەشی و دواکەوتنی ئەم میللەتە بەستەزمان و بێدەسەڵاتە لە هیچ فیداکارییەک ڕوو وەرنەگێڕێ و لەسەر بڕیاری هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە ئەو گۆڤارە دەردەچێت تا بەرەبەرە هەر چەوت و نارەواییەک لە ژیانی کورددا هەیە پێشانی بدا و ببێتە شارەزای نەتەوەی کورد لە ڕێگای سەربەستی و سەربەخۆییدا. بەدوای ئەوەدا بەپێی ڕەوتی ڕووداوەکان و پێویستیی بارودۆخەکە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەما فکری و تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵەی ژێ – کاف دامەزرا. بە جێگای گۆڤاری "نیشتمان"، ئەمجار گۆڤاری "کوردستان" کە ژمارەی ١ی لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ دەرچوو و لەسەر ڕووبەرگەکەی نووسراوە: "بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان"، واتە هەڵگری پەیام و ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە لە یەکەم ژمارەدا لە لاپەڕەی یەکەمدا لەژێر سەردێڕی "خوێندەوارانی بەرز" باس لە ڕوانگەی گۆڤارەکە دەکەن و دەڵێن: "کوردستان گۆڤارێکی ئەدەبی، تاریخی و کۆمەڵایەتییە کە یەکەم ئامانجی بووژانەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردییە و زیندووکردنەوەی کورد و کوردستانە". بەڵام لە چاپ و بڵاوبوونەوەی گۆڤاری کوردستان زۆر تێ نەپەڕی کە بەهۆی نیاز و بارودۆخی ئەو کات، بە لێکدانەوەی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەرەو وەدیهاتنی خەونی سەدان ساڵەی کورد هەنگاویان دەنا، بە پێویستیان زانیوە کە گۆڤاری کوردستان شێوە و نێوەڕۆکی خۆی بگۆڕێ و بچێتە قاڵبی ڕۆژنامە کە بتوانێ خێراتر هەواڵ و ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان و ئێران و جیهان بگەیەنێتە دەستی خوێنەری کورد. بۆیە لە ڕۆژی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان چاپ و بڵاو بووەتەوە کە سەرنووسەر لە وتارێکی کورتدا لەژێر سەردێڕی "ئامانجی ئێمە"دا هەم مزگێنیی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بە خەڵک دەدا و هەم لە کۆتایی وتارەکەدا ئامانجی ڕۆژنامەکە بەو شێوەیە دەخاتە ڕوو:

"ئێمە بە دڵماندا نەدەهات خاوەنی چاپخانە و ئینتشارات بین. ئەوا بە یارمەتیی خودا نامەی کوردستان داندرا و یەکەم ژمارەی بڵاو کراوە، ئەم نامەیە کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڵاو دەبێتەوە دەیهەوێ قەڵایەکی ئاسنین و پۆڵایین لە ئیتحاد و برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناخەکەی بە زانست و هونەر و لەشساغی داندرابێ و بتوانێ دەگەڵ سێڵاوی دووبەرەکی و بەدبینی و هەموو جۆرە ڕەوشتێک کە بۆ سەربەستی زەرەری هەبێ بەربەرەکانی بکا. هیوامان وایە ئەم قەڵایە کە خەریکین قائیمی بکەین، وەها قائیم و بەهێز بێت کە هیچ هێزێک نەتوانێ بەربەرەکانی لەگەڵ بکا..."

هەرچەند ماوەی تەمەنی ڕۆژنامەی کوردستان لەو سەردەمەدا لەگەڵ تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان بوو، بەڵام دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بۆ گەلی کورد لەو پارچەیەی کوردستان قەڵایەک بوو بۆ پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی، لە هەمان کاتدا لە بوارەکانی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و گەشەپێدانی هەستی نەتەوەیی تەجروبەیەکی نوێ بوو. لە مێژووی هاوچەرخدا و لە سەردەمانێک کە شۆڕش و جووڵانەوەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانەی خاک و نەتەوەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە و بە هەموو جۆرێک ئەو دەوڵەتانە خەریکی تواندنەوەی زمان و کولتووری کورد بوون لەنێو زمان و کولتووری نەتەوەی باڵادەستدا، دەتوانین بڵێین چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ بووژانەوەی زمان و کولتووری کورد و ئاشناکردنی تاک و کۆمەڵگەی کوردستان بە مافەکانی. ئەگەر چاو بە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا بخشێنین، دەبینین زمانی نووسینی ڕۆژنامەی کوردستان زمانی خەمخۆرانی نەتەوە و نیشتمانپەروەرانی کوردە. نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان هەوڵیان داوە بەپێی ئیمکاناتی بەردەستیان پێش هەموو بابەتێک بە دەرکی ئەو ڕاستییە کە زمان کۆڵەکەی ئەسڵی نەتەوەیە، پەرە بە زمانی کوردی بدەن و خوێندەوارانی کوردستان هان بدەن بە زمانی کوردی بنووسن و بابەت بۆ ڕۆژنامەی کوردستان بنێرن و لە هەمان کاتدا بابەتە سیاسییەکان بە زمانی کوردی و بە ڕاوێژێکی سادە بگەیەننە دەستی خوێنەری کورد.

ئەگەر ڕۆژنامەی کوردستان لە دەستپێکی یەکەم ڕۆژی کارکردنی، واتە هەشتا ساڵ لەمەوبەر لەسەر دەستی ڕووناکبیران و کەسانی دیاری کۆمەڵگەی ئەو کات دامەزرا، بەڵام لە دواییدا بوو بە قوتابخانەیەک بۆ پەروەردەکردنی کۆمەڵێک لاو و گەنجی کوردستان کە زۆربەی هەرە زۆریان جێ پەنجەیان بە مێژووی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دیارە. ڕۆژنامەی کوردستان کە پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، لە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دەبێتە زمانحاڵی کۆماری کوردستان و تەواوی بابەت و بڕیار و ڕاسپاردە و هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە حکوومەتی کۆماری کوردستانی تێدا بڵاو کراوەتەوە. بەداخەوە هەروەک گوترا، بە ڕووخانی کۆماری کوردستان و گیران و زیندانی و ئیعدامی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستان کە ١١٣ ژمارەی چاپ و بڵاو بووە، بۆ ماوەیەکی زەمەنی داخرا؛ بەڵام بە هەوڵ و هیممەتی تێکۆشەرانی دێموکرات لە چەندین قۆناغی جیاوازدا و بەپێی بارودۆخی ڕەخساو، ڕۆژنامەی کوردستان گیانی گرتووەتەوە و لەسەر ڕێچکە و ڕێبازی خۆی چاپ و بڵاو بووەتەوە. ماوەیەک لە دەرەوەی وڵات و لە تاراوگە لەسەر دەستی دوکتور قاسملوو ڕۆژنامەی کوردستان درێژەی بە ژیانی خۆی داوە، بەڵام لە دوای ئەوەدا ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٣٤٩ وەک ئۆرگانی فەرمیی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لەسەر دەستی ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب دووپاتە گیانی وەبەر هاتووەتەوە و بێ پسانەوە و بەپێی بارودۆخی حیزب هەتا ئێستا ٩١٠ ژمارەی لێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەوە لە بارودۆخێکدایە کە لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا ڕۆژنامەی کوردستان لەسەر یەک تەنیا چەند ساڵ بە ئازادی چاپ و بڵاو بووەتەوە، مابەقی تەمەنی ڕۆژنامەی کوردستان لە تاراوگە و بەپێی بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و جێگیربوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران درێژەی بە کارەکانی داوە.

بەڵام حەق وایە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە لە هەموو هەلومەرجێکدا ڕۆژنامەی کوردستان ڕەسالەت و بنەما فکرییەکانی خۆی کە لەسەری دامەزراوە لەدەست نەداوە و لەسەر ڕێچکە و ڕێبازی پەرەپێدان بە هەستی نەتەوەیی درێژەی بە ئەرکەکانی خۆی داوە و هەموو کات بەشێکی گرنگ بووە لە خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەمان کاتدا لە گەیاندنی زانیاریی دروست و بەکەڵک لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و زانستی بۆ خوێنەری کورد غافڵ نەبووە و بەو کارە هەوڵی داوە ئاستی زانیاری و بەئاگا بوونی خەڵکی کوردستان لە بواری نەتەوەیی و شوناسخوازی و دونیای دەورووبەری بباتە سەرێ. لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەی کوردستان وەک ئەرکێکی گرنگ و نەتەوەیی هەوڵی داوە بە دۆکیومێنتکردنی خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵە فیداکارەکانی حیزب و گەل و تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ببێتە سەرچاوەیەکی جێگای باوەڕ کە دەتوانرێ گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان قۆناغ بە قۆناغ لە دووتوێی ڕۆژنامەی کوردستاندا بخوێندرێتەوە و شن و کەو بکرێن و لێکدانەوەیان لەسەر بکرێ بۆ بەرچاوڕوونی داهاتوو. بەپێی خوێندنەوە بۆ ڕابردووی هەشتا ساڵەی ڕۆژنامەی کوردستان بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ڕێچکە و ڕێبازە ڕۆشنگەری و نەتەوەییەی بۆ گۆڤاری "نیشتمان" و گۆڤاری "کوردستان" لە لایەن ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و حیزبی دێموکرات دەستنیشان کراوە، بەتەواوی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا جێی گرتووە و ڕەنگی داوەتەوە و دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەی کوردستان لە بڵاوکراوەیەکی حیزبییەوە بووەتە بڵاوکراوەیەکی نەتەوەیی کە خاوەندارییەتی لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا.

# خەڵاتی دایکی نیشتمان بۆ ڕۆڵەکانی



د.ئاسۆ حەسەنزادە

لە شۆڕشی ژینادا، ئاگری ڕقی خەڵک بۆ سووتاندنی تەلاری دیکتاتۆری بە پەڕپەڕبوونی گوڵی تەمەنی کچەکوردێک لە تاران و بە پێشەنگایەتیی کوردستان وەڕێ کەوت و بە خێرایی سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە. لە شۆڕشی ژینادا بابەتێکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی، واتە مافی ژیان و ئازادیی ژن و بە گشتی بێزاریی خەڵک لە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوونە هەوێنی کۆدەنگیی کۆمەڵگە بۆ بەرزکردنەوەی داوای بنەڕەتیی سیاسی بۆ گۆڕینی ڕژێم. ئەمجارە بەپێچەوانەوە هەڵچوونی خەڵک لە تاران و دەڤەرە ناوەندییەکانی ئێرانەوە سەری هەڵدایەوە و سەرزەمینە پەراوێزخراوەکان بەتایبەتی بەشی خوارووی کوردستان و لوڕستان دواتر پەیوەستی بوون. ئەمجارەش دۆخی تاقەتپڕووکێنی ژیان چەخماخەی جووڵەی جەماوەریی لێ دا، بەڵام لە خولەکی یەکەمی ڕاسانی خەڵکەوە ئەوەی دەبیسترێ، ویستی ڕەوای سیاسی بۆ پێچانەوەی تۆماری سەرەڕۆیی لە کۆی خۆیدایە.

لە شۆڕشی ژینادا سەرەڕای هاوسۆزی و هاوپێوەندیی بێوێنەی کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵ کوردستان و سەرەڕای ڕێژەیی نەبوونی ژمارەی قوربانییەکانی کوردستان و بەلووچستان لەگەڵ کۆی دانیشتووانی ئێران، بەشی زۆری ئێلیتی سیاسی لەو وڵاتە بە ئۆپۆزیسیۆنیشەوە هێشتا حازر نەبوو دان بە جێگە و پێگە و مافە ڕەواکانی کورد و نەتەوە ژێردەستەکانی ئێراندا بنێ. بگرە ئەوانەی بێ ئەوەی پێیەکیان لەسەر مەیدانی خەباتی نێوخۆ هەبێ لەو بەری ئاوەکانەوە و بە پارەی دزراوی خەڵک گەرووی کۆمەڵگە دەڕفێنن و لۆبی بۆ گەڕانەوە سەر تاج و تەختی کلۆری بەدەست خەڵک توورهەڵدراو دەکرن، لە جارانیش شێلگیرانەتر و ڕووهەڵماڵاوانەتر بە دژی کورد و فرەنەتەوایەتی لە ئێران هاتنەوە گۆ.

لەولاشەوە، وەک هەمیشە پەلەپیتکەی هێزی سەرکوتکەری ئێران لە ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ هەزار قات شلتر بوو تا لە تاران و ئەسفەهان و شیراز و مەشهەد. لە وەها دۆخێکدا کوردی ڕۆژهەڵات چاک دەکا کە ئەمجارە بێ تێبینی و بێ سێ و دوو، پەیوەست و پاشکۆی ڕەوتی سەرتاسەری نەبێ. کوردی ڕۆژهەڵات هەقیەتی ڕۆڵەکانی خۆی بەبێ ئەژماردن لەسەر مێحرابی دیموکراسیی ئێران نەکاتە قوربانی.

بەڵام مادام خەباتی کورد پێش هەموو شتێک و دوای هەموو شتێک بۆ جێگە و پێگە و ئایندەی خۆی و بۆ ڕوحی شەهیدەکان و ئایندەی نەوەکانییەتی؛ مادام چارەنووسی کوردستان بە دۆخی گشتیی ئێران و ناوچەشەوە بەستراوەتەوە؛ مادام کوردستان چاوی لەسەرە و چاوەڕوانیی لێ دەکرێ، بێدەنگی و تەماشاچێتی لە کولتووری سیاسی و خەباتگێڕیی کورددا نییە. چما دەکرا –بە گوتەی جوامێری شاعیر– گوێچکەی دڵی ڕۆژهەڵات سینگی بۆ گوللەی پاسدار داکا و پاشماوەی جەستەشی بەدەم سەیری شاشەکانەوە ڕامێنێ؟ چما دەکرا مەلەکشایی خەڵتانی خوێن بێ و مەهاباد خەمسارد دانیشێ؟ دەکرا ماژین لەبەر ڕمبەی پۆستاڵەکان خەوی لێ نەکەوێ و مەریوان بێخەم بنوێ؟ نا، نەدەکرا. هەروەک نەدەکرا ڕۆڵەکانی وڵات لە شار و لە چیا و لە هەندەران یەکدەنگ و هاوپشت بن و دایکی نیشتمان بە نوێژی نەتەوەیی خەڵاتیان نەکا!

# "کوردستان" و مۆدێڕنیتەی سیاسی؛

## لە سەروەریی گوتارییەوە بۆ بونیادنانی نەتەوە


بەخوێ خوداێ یاردەیی ماینا
کوردستان
ئابوونە
یەکساڵە ٣٠٠ ریال
شەش‌مانگە ١٦٠ ریال
دانەی ٣ ریال
کاغەز لە لایەن هەیئەتی تحریریەوە دەردەچێ
بلاو کەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان
ژمارەی ١٠ ساڵی یەکەم دوشەممو ١٥ ڕێبەندان ١٣٢٤ ٤ - فوریە ١٩٤٦
جێژنی سەربەخۆیی و استقلالی کوردستان
یا
درەوشینی استێرەی خۆشبەختی کوردان



شاڕوخ حەسەنزادە

ڕۆژنامە وەک ڕاگەیەنەرێک کە زانیاریگەلی سیاسی و فرەچەشن ڕاڤە و بڵاو دەکاتەوە، یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی مۆدێڕنیتەی سیاسییە. ئەم ئامرازە بە خولقاندنی فەزایەکی گشتی بۆ باسکردن و ڕاگۆڕینەوە لەهەمبەر کاروباری سیاسی، دەسەڵات و کۆمەڵگە، برەو بە ئاگایی، بەشداریی و چاودێری بەهێز دەکات کە ئەمانە هەمووی لە شاکۆڵەکەکانی عەقڵانییەت و دیموکراسی لە جیهانی پێشکەوتوو و مۆدێڕندا هەژمار دەکرێن.

ئەگەرچی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بۆ ساڵی ١٨٩٨ و هەوڵە ئاوارتەکانی بنەماڵەی بەدرخان لە قاهیرە دەگەڕێتەوە، ڕۆژنامەی "کوردستان"یش بە هەمان ناو لە ساڵی ١٩٤٦ و لە درێژەی ئەم هەوڵانە، مۆدێلێکی نوێی لە مۆدێڕنیتەی سیاسی لە جیهان و ژینی کورد خویا کرد. ئەم ڕۆژنامەیە کە ئاخێزگەکەی یەکەم کۆماری مۆدێڕنی کوردی بوو، نەک هەر تەنیا درێژەپێدەری "کوردستان"ی بەدرخانییەکان بوو، بەڵکوو گواستنەوەی ئەو گوتارە نیشتمانییە لە تاراوگەوە بۆ ناو دەوڵەتی کورد و گۆڕینی لە ئەدەبیاتێکی دوورەوڵات بۆ بەرنامەیەکی سیاسیی داڕێژراو بوو بە مەبەستی چاودێرکردن و بەڕێوەبردنی هەردوو کۆمەڵگەی سیاسی و مەدەنی.

مێژووی مۆدێڕنیتەی سیاسی لە ناو هەموو نەتەوەکاندا پێش ئەوەی لەسەر شەقام و لە ناو دامەزراوە حوکمڕانییەکاندا ڕەنگ بداتەوە، لەنێو لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا لەدایک دەبێت. بۆ نەتەوەی کورد کە لە سەدەی بیستەم لەژێر هەژموونی سیستەمە پاشایەتی و ناوەندگەراکاندا دەچەوسایەوە، ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆڵی ئەو فەزا گشتییەی گێڕا کە تێیدا کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن شوناس و خاوەن ماف پێناسە کرایەوە. لێرەدا دەمانەوێت ئەو پرسە زەق بکەینەوە کە لە ڕوانگەی تیۆرییە سیاسییەکانەوە، ٨١ ساڵ تەمەنی ئەم ڕۆژنامەیە، تەنیا گێڕانەوەی مێژووی بڵاوکراوەیەکی ناسراوی کوردی نیە، بەڵکوو مێژووی بونیادنانی نەتەوەیەکی سیاسییە بە ویست و داخوازیی ڕوون و ڕەوا لەناو دڵی قەیرانەکانی ناوچەکەدا. ڕۆژنامەی کوردستان لە کاتێکدا پێ دەنێتە نۆیەمین دەیەی تەمەنی خۆی کە جیهانی ڕاگەیاندن بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا تووشی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بووە. ڕاستی ئەوەیە کە بەردەنگی سەدەی بیست و یەکەم گەیشتووەتە ئەو ئاستە لە وشیاری و زانیاریی گشتی کە چیتر نایەوێت کڕیاری کاڵایەک بێت کە تەنیا لەسەر بنەمای ئارەزوو و حەزی دەستەی نووسەران ئامادە کرابێت و بەسەریدا سەپێنرابێت. ئەمڕۆ بەردەنگ، ڕێک وەک چوونە چێشتخانەیەک چاوەڕوانی ئەوەیە کە حەزی لێیە، پێویستییەتی و چاوەڕوانی دەکات، داوای بکات و بۆی بێنن. ڕۆژنامەی کوردستانیش بە تێگەیشتن لەم پێویستییە مێژووییە، هەوڵی داوە لە چوارچێوە نەریتی و باوەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی تێپەڕێت و لەسەر ئەو بڕوایە هەنگاو بنێت؛ ڕاگەیاندن لە سەردەمی نوێدا ناتوانێت تەنیا بە شێوەیەکی تاکلایەنە بابەت پێشکەش بکات، بەڵکوو دەبێت لە پەیوەندییەکی بەردەوام و دوولایەنە لەگەڵ خوێنەرانیدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی ڕۆحی و دەروونیی هەبێت.

لەسەر ئەم بنەمایە، "کوردستان" تێکۆشاوە خوانێکی ڕەنگین و هەمەجۆر لە بابەتەکان بخاتە بەردەم بەردەنگ و خوێنەرانی خۆی، لە وتارە فەلسەفی و سیاسییەکان، شرۆڤە ئابوورییەکانەوە بگرە هەتا ئەدەبیات، کولتوور، وەرزش و هونەر؛ لە بابەتە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکانەوە هەتا هەواڵە جۆراوجۆرەکان، گشتیان بە ڕوانگەیەک کە دوور بێت لە دەمارگرژی و چەقبەستوویی فکری کۆکراونەتەوە، هەتا بتوانێت دەنگی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بێت و بە شێوازێکی شیاو و سەردەمیانە وڵامدەرەوەی خواستەکانیان بێت. بەشێوەیەکی تر دەتوانین ئاوا لێکی بدەینەوە؛ ئەم ڕۆژنامەیە بەوە گەیشتووە کە تێگەیشتن لە چەمکی "بکەربوونی تاک" گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بەردەنگی ئەمڕۆ تەنیا وەرگرێکی کزۆڵ نیە، بەڵکوو وەک داڕێژەری سیاسەتی میدیایی سەیر دەکرێت.

تێپەڕین لە مۆدێلی ڕاگەیاندنی تاکلایەنە بەرەو دیالۆگی ڕاستەوخۆ و بەردەوام لەگەڵ بەردەنگ، هێمای گەیشتنی ڕۆژنامەی کوردستان بە قۆناغی دیموکراسیی میدیاییە. ئەم گۆڕانکارییە نیشاندەری دروستبوونی فەزایەکی گشتیی کوردییە کە تێیدا ڕەخنە و دیالۆگ جێگەی ئاراستەکردنی تاکلایەنەی گرتووەتەوە. بەپێی تیۆریی "بێنێدیکت ئەندەرسۆن" لە کتێبی "کۆمەڵگە خەیاڵکردەکان"، نەتەوە مۆدێڕنەکان لە ئەنجامی گەشەی سەرمایەداریی چاپ دروست بوون. ئەندەرسۆن پێی وایە کاتێک مرۆڤەکان لە ناوچە جیاجیاکانەوە ڕۆژنامەیەک بە زمانێکی هاوبەش دەخوێننەوە، هەست دەکەن بەشێکن لە یەکەیەکی گەورەتر بە ناوی نەتەوە. بە شێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین؛ چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە - بەشێوەیەکی گشتی بڵاوکراوەکان جیا لە دەوری پڕگرنگیی زانست و زانیاری - یارمەتیدەری گەشەی بیری نەتەوایەتی یان ناسیۆنالیزمیشن. ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان وێڕای باقی بڵاوکراوەکانی کۆمار، ڕێک ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆ.

لە سەردەمێکدا کە بە هۆی نەبوونی ئامرازی پەیوەندیی و هاتوچۆ، هەواڵی نێوان شارەکانی کوردستان زۆر لاواز بوو، ڕۆژنامەی کوردستان وەک دامەزراوەیەکی فرەچەشن هەم زانیارییە پێویستەکانی بڵاو دەکردەوە هەمیش وای کرد تاکی کورد هەست بکات لە یەک کاتدا خەریکی بیرکردنەوە لە یەک چارەنووسن. ئەم ڕۆژنامەیە سنووری عەشایەری و ناوچەییەکانی تێپەڕاند و بە شێوەیەکی ئاگاهانە جۆرێک لە هاوچەرخبوونی لە زەینی تاکی کورددا دروست کرد. ئەوەی کە کوردێک لە دەڤەری ورمێ دەیزانی کوردێکی تر لە ناوچەکانی کرماشان خەریکی خوێندنەوەی هەمان وتارە، یەکەمین هەنگاوی مۆدێڕن بوو بۆ دروستکردنی شوناسی نەتەوەیی. دوای ئەم قۆناغەش، دینامیزمی میدیایی ڕۆژنامەی کوردستان تەنیا لە چوارچێوەی لاپەڕە و چاپدا قەتیس نەمایەوە، بەڵکوو دواتر لە پەیوەندییەکی لۆژیکی و ستراتیژیدا لەگەڵ "ڕادیۆ دەنگی کوردستان" سیستەمێکی ڕاگەیاندنی هاوتەریبیان بۆ بونیادنانی وشیاریی نەتەوەیی و دەنگی زیندووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد پێکهێنا. ئەگەر ڕۆژنامە وەک میدیایەکی چاپکراو، ئەرکی داڕشتنی گوتاری تیۆریک، کارکردن و هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە لە زمانی سیاسیی ستاندارد، دروستکردنی ئەرشیڤی نەتەوەیی و بابەت و هەڵوێست و بەیاننامە فەرمییەکانی حیزبی لە ئەستۆ بووبێت، ڕادیۆش وەک میدیایەکی بیستراو، ئەو گوتارەی دەگواستەوە بۆ ناو قووڵایی کۆمەڵگە و سنووری نەخوێندەواریی دەبەزاند. ئەم دوو باسکە میدیاییە لە سەردەمێکدا کە تەکنۆلۆژیا و ئامرازەکانی پەیوەندیگرتن وەک ئێستا بەربڵاو و پێشکەوتوو نەبوون، پێکەوە فەزایەکی گشتییان لە کوردستان دروست کرد کە تێیدا "دەق" و "دەنگ" یەکتریان دەوڵەمەندتر دەکرد؛ ڕۆژنامە دەبوو بە سەرچاوەی شرۆڤە بۆ ڕادیۆ و ڕادیۆش دەبوو بە پردی گەیاندنی خێرای پەیامەکانی ڕۆژنامە بۆ ناو جەماوەر. دوای ئەم قۆناغەش وێڕای پێشکەوتنە خێراکانی جیهانی ئینتەرنێت و ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان، هەمیسان "کوردستان" توانی جیا لە چاپی کاغەزی بە شێوەی ئەلەکترۆنی بچێتە ناو هەموو ئەو مۆبایل و کۆمپیوتەرانەی ئۆگرانی خۆی و لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانیش بڵاو ببێتەوە. ئەم هەماهەنگییە و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ تەکنۆلۆژیا ڕۆیشتنە، نیشانەیەکی دیکە لە مۆدێڕنیتەیەکی ڕاگەیاندنی پێشوەخت بوو کە تێیدا بزووتنەوەی کورد توانی لە دژوارترین هەلومەرجی خەباتدا، سەروەریی مەعنەوی خۆی لە ڕێگەی تێکەڵکردنی میدیای بینراو و بیستراوەوە و ئینتێرنێت بپارێزێت و شوناسێکی تۆکمە و یەکگرتووی نەتەوەیی لە زەینی تاکی کورددا جێگیر بکات.

یەکێکی دیکە لە گرنگترین کارکردەکانی ڕۆژنامەی کوردستان، پاراستنی سەروەریی گوتاری بووە. لێرەدا سەروەری تەنیا بە واتای سیاسی یان نیزامی و پاراستنی سنوورە جوگرافییەکان نیە، بەڵکوو بە واتای ئەوەیە کە نەتەوەیەک ڕێگە نەدات نەیارەکانی مێژوو و شوناسی بۆ پێناسە بکەن و گوتاری خۆیان بسەپێنن یان دابتاشن. حکوومەتە ناوەندییەکان بە بەکارهێنانی ڕوانگەی گوتاری ئۆریەنتالیستی، بەردەوام هەوڵیان داوە بزووتنەوەی کورد وەک جووڵانەوەیەکی "دژە شارستانی"، "خێڵەکی" و "نائەقڵانی" وێنا بکەن هەتا پاساو بۆ سەرکوتکردنی بهێننەوە و گوتارێک بخولقێنن هەتا وێنای بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە دیاردەیەکی پێش مۆدێڕن بشوبهێنن. ڕۆژنامەی کوردستان لێرەدا وەک دژە گوتارێکی فەرمی و دەستکرد کاری کردوە؛ واتە بەرهەمهێنانەوەی مانا لە نێوخۆی کوردستان بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو وێنە شێوێندراوەی کە "ناوەند" بۆ کوردی دروست کردوە.

لەم بەستێنەدا، ڕۆژنامەی کوردستان وەک ئاوەزێکی بەکۆمەڵی بزووتنەوەی کوردی چالاکی کردوە بۆ شکاندنی ئەو گوتارە چەواشەکار و سەپێنراوە. کاتێک "کوردستان" لە قۆناغی شاخ و لە ناو ئەشکەوتەکاندا بە چاپخانەی گەڕۆک دەردەچوو، چالاکییەکانی تەنیا گواستنەوەی هەواڵی شەڕی داسەپاو و بەرگریی پێشمەرگانە نەبوو، بەڵکوو کردەیەکی سیاسیی ژیرانە بوو بۆ پاراستنی سەروەریی مانا. لە پەنا ئەمەشدا "کوردستان" ڕێگەی نەدا زمانی کوردی و گوتاری مافخوازی لە ناو تەمومژی پڕوپاگەندەی داگیرکەراندا ون بێت. پاراستنی ئەم سەروەرییە گوتارییە لەژێر بۆردومان و ئاوارەییدا، وەک یەکێک لە گرنگترین دینامیزمەکانی بزووتنەوەی کورد بووە کە ئەو ڕۆژنامەیە نوێنەرایەتی کردوە. گۆڕانی سیمای فیزیکیی ڕۆژنامەی کوردستانیش نیشاندەری جووڵەی نێوخۆیی بزووتنەوەی کولتوورییە. ئەم ڕۆژنامەیە لە هەموو قۆناغەکاندا (دەسەڵاتی کۆمار، خەباتی نهێنی، سەردەمی شۆڕش و بەرگریی چەکداری و قۆناغی مۆدێڕن) زمانحاڵی ئیرادەی گشتیی بزووتنەوەی کورد بووە.

ئەم دینامیزمە لە دوو لایەنەوە گرنگە:

خۆگونجاندن لەگەڵ تەکنەلۆژیا: گواستنەوەی چاپخانە قورسەکان بەکۆڵ و پشت لە شاخەکاندا و دواتر تێپەڕین بەرەو چاپی دیجیتاڵ، نیشانەی ئەوەیە کە مۆدێڕنیتەی سیاسی لای کورد، مۆدێڕنیتەیەکی بەرگریکار و پێشکەوتنخوازانەیە.

ستانداردکردنی زمان: ڕۆژنامەی کوردستان هەوڵی داوە زمانێکی سیاسی و ڕۆژنامەوانیی ستاندارد بۆ کورد دابڕێژێت. ئەم زمانە وای کرد کە نەتەوە تەنیا وەک هەست نەمێنێتەوە، بەڵکوو ببێتە دەزگایەکی فکری. ٩٠٩ ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە، گەورەترین ئەرشیڤی بزووتنەوەی سیاسی - نەتەوەیی ئێمەن. لە زانستی مێژوودا باس لەوە دەکرێت کە "ئەوەی نانووسرێتەوە، بوونی نیە". ڕۆژنامەی کوردستان مێژوویەکی جێگرەوەی بۆ کورد نووسییەوە. ئەگەر ئەم ڕۆژنامەیە نەبوایە ئۆگران و توێژەران دەبوو ئەو مێژووە لە ناو کتێبە چەواشە و سانسۆرکراوەکانی تاراندا بدۆزنەوە. ئەم ئەرشیڤە یادەوەریی بەکۆمەڵی نەتەوەی کوردە؛ ئەو شوێنەیە کە تێیدا شکستەکان دەبوونە ئەزموون و سەرکەوتنەکان وەک هەوێنی بەردەوامی چاویان لێ کراوە. ٨١ ساڵەی ڕۆژنامەی کوردستان، وەستان و تێڕامانێکە لەسەر ئەو ڕێگا و ڕێبازە دوورەی کە بزووتنەوەی کورد بە هەموو دژواری و چەتوونییەک بە خوێنی خۆی دەربازی کردوە. ئەم ڕۆژنامەیە سەلماندی کە مۆدێڕنیتەی سیاسی تەنیا بە هەبوونی پەرلەمان و سپا تەواو نابێت، بەڵکوو پێویستی بە زمانحاڵێکی بەردەوام هەیە کە ئیرادەی گشتیی تێدا ڕەنگ بداتەوە. ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕێگەی پاراستنی سەروەریی گوتارییەوە، توانی کورد وەک نەتەوەیەکی سیاسی لەناو جیهانی مۆدێڕندا جێگیر بکات. ئەرکی ئەمڕۆی ئێمە، پاراستنی ئەم میراتە گەورەیە و بەکارهێنانییەتی وەک چرایەک بۆ ڕووناککردنەوەی ئاسۆکانی داهاتوو؛ ئاسۆیەک کە تێیدا ئازادی، دادپەروەری و شوناسی نەتەوەیی ببنە یەک و کوردستانییەکی دیموکراتیک و سەربەرز بونیاد بنێن.

### درێژەی دیمانە لەگەڵ مامۆستا حەسەنزادە

بیرەوەرییەکی تاڵ و ناخۆشم لەگەڵی هەیە.

**هەتا ٢٠-٢٥ ساڵ پێش ناوی هیچ بەرپرسێکی حیزبی لە ڕۆژنامەدا نابینی، بابەتەکانیش ناوی نووسەریان بە سەرەوە نییە و خاوەنەکانیان ناناسرێنەوە. ئەوەش ئاستەنگی بۆ کاری توێژینەوە و بەدواداچوونەکان دروست کردوە. لە حاڵێکدا لە دەورەی یەکەمی ڕۆژنامەدا کە بە ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆمار دەناسرێ ئەم دیاردەیە نابینین. بنەماکانی ئەم بڕیارە کە جەنابیشت یەک لە بڕیاردەرانی بووی چی بوو؟**

دیارە دەورانی کۆمار لە بارێکەوە وتم دەورانی ئیقبالی ڕۆژنامەی کوردستان بوو. چونکە لە نێوخۆی وڵات دەردەچوو، تەنانەت بەفۆرمی ئەو وەختەی چاپخانەی خۆی هەبوو. ئێوە دەزانن ئێستاش ئێمە چاپخانەمان نیە. ئەو وەختەی چاپخانەی خۆی هەبوو، لەنێوخۆی وڵات دەردەچوو، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی دەگەڵ خەڵکی هەبوو. بۆیە ئەوانەش کە دەیاننووسی هەموویان خەڵکی ئازاد و زۆرجاریش خەڵکی خۆشەویست و بەنفوز بوون. ئەوەیان دەکرد، بەڵام دوایە کە ئێمە لەو حاڵەتەیدا بووین، کەمێک باری ئەمنییەتی بوو، هەرچەندە زۆر کاریگەری دانەنا، بەڵام هۆکاری ئەسڵیمان ئەوە بوو کە ئەوە ڕۆژنامەی ئۆرگانە. دەبێ هەموو وتارێک، هەرکەس دەینووسی، پتر لە ڕای خۆی، ڕای حیزبەکەی تێدا مونعەکیس بێ. ڕۆژنامەیەکی ئازاد نیە، تریبونێکی ئازاد نیە، هەرکەس قسەی خۆی بکا. با هەموویان هەر بە ناوی ڕۆژنامەکەوە بن، چونکی لە واقیعدا زۆرجار وتاری هەموو ئینسانێک کە دەنووسێ، ئەگەر مەحدوودی بکا لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕۆژنامەکەی و سیاسەتی حیزبەکەیدا، هەموو ڕایەکەی خۆی تێدا نیە. تەنانەت ئەوەشمان پێ باش بوو، چونکە ناکرێ وتارێک بنووسرێ لە ڕۆژنامەی ئۆرگانی حیزبدا، بەڵام کابرا بڵێ ئەوە ڕای خۆمە، ئەدی باشە خەڵک ئەو ڕۆژنامەیە دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی ڕای حیزبەکەی بزانێ. هێندێک سازمانی ئێرانیمان هەبوون ئێمە لەگەڵیان کێشەمان هەبوو. وتارێکی دەنووسی و چاوت لێ دەکرد مەسەلەن هێرشی کردوە بۆ میللەتی کورد، بە ئامانجەکانی میللەتی کورد و هێرشی دەکردە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان. کە گلەییمان لێ دەکردن دەیانگوت بابە ئەوە ڕای نووسەرەکەیە. دەمانگوت باشە ڕای خۆیەتی، ئەی ڕای حیزبەکەت چییە؟ ئەتۆ وتار دەنووسی، ئەگەر باش دەرچوو ئەوە هی حیزبە، ئەگەر باش دەرنەدەچوو ئەوە دەیکەیە نەزەری شەخسی خۆی. بۆیە پێمان باش بوو ناوەکانی خۆمان فیدا بکەین لەپێناو ناوی حیزبدا، بۆ توێژینەوەش ڕاست دەکەی، ئەگەر توێژینەوەکە هەر ئەوە بێ، یەکێک بیهەوێ مەسەلەن هەموو وتارەکانی دوکتور قاسملووی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا تەعقیب بکا، کارەکە زەحمەتە. بەڵام بۆ توێژەرێک کە دەیهەوێ بزانێ، حیزبی دیموکراتی کوردستان نەزەری چی بووە؟ ئەوە هیچ کێشەیەکی نیە. موراجەعە دەکا بە ڕۆژنامەکە و ژمارەکە و تاریخەکە و دەیبینێ و دەڵێ حیزبی دیموکرات وای گوتوە جا ئەو وتارە کە ئەو ئیشارەتی پێ دەکا، بە قەڵەمی هەرکەس نووسرابێ، هیچ لە ماهییەتەکەی ناگۆڕێت.

**مامۆستا باس و پرسیار زۆرن، بەڵام زیاترت ماندوو ناکەین. بەڵام دەمانەوێ لە دەسپێکی دەیەی نۆهەمی تەمەنی "کوردستان"دا ئەگەر ڕاسپاردەیەکت بۆ بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیە هەیە بفەرمووی.**

ئەمن زۆر حەق بە خۆم نادەم کە ڕاسپاردەم هەبێت، چونکی بەهەرحاڵ ئەمن لە کاروباری میدیایی زۆر دوور کەوتوومەتەوە ، بەڵام ئەگەر بمهەوێ ئارەزوو بکەم ئەوەڵەن ئارەزووی سەلامەتی و پێشکەوتنیان بۆ دەکەم، دەستخۆشیان پێ دەڵێم. ئەگەر ئەوە نەبێ کە دەڵێن ئەوانەی لەپێشدا بوون حەقی تەقەددومیان هەیە، ئەوانەی ئێستا لە ڕۆژنامەدا کار دەکەن لە نووسینەوە بگرە هەتا وەرگێڕان و هەتا کاری فەننی و ئەوە زۆر لەپێش ئەوانەوەن کە ئێمە لەبیرمانن، بەڵام ئەگەر بمهەوێ قسە بکەم ئارەزوو دەکەم نەک تەوسیە، حەقی تەوسیە بە خۆم نادەم، ئارەزوو دەکەم یەک دوو شت هەبن کە بەلامەوە گرنگن، یەکێکیان لەباری سیاسی و مەعنەوییەوەیە. خەڵکەکەمان هەر کەس دەنووسێ سەعی بکات پتر هەم سیاسەتی ئەمڕۆی حیزب و هەم ڕابردووی سیاسیی ئەم حیزبەی لەبەرچاو بێ، لەو چوارچێوەیە دەرنەچێ، چونکی بەهەرحاڵ وەک گوتم تریبوونی ئازاد نیە، ئۆرگانی حیزبێکە و دەبێ ئیدامەکاری هەبێ. لە پاشان ڕۆحی شاد بێت دوکتور قاسملوو هەموو جارێک کە لەگەڵ بەشی تەبلیغات کۆ دەبووەوە دەیگوت واقع بین بن و زمانتان خاوێن بێ، لە هەمووی گرنگتر دەیگوت هێندەشی مەڕووخێنن، هێندێک کەس پێی وایە هەر کە قسەی کرد دەبێ بڵێ سبەینێ دەڕووخێ، خۆشبینی باشە! بەڵام ئومێدی کازیب بە خەڵکدان باش نیە، لەگەڵ واقیعیات سەروکارمان هەبێ باشترە. لە پاشانیش زمان خاوێنی یەکێک لە خەسڵەتە بەرجەستەکانی ئەدەبیاتی حیزبی دیموکرات بووە، ناڵێم هەمیشە وابووە، بەڵام بەشی زۆری وابووە، ئەو زمانخاوێنییەش بپارێزن. مەسەلەن من زۆرجار نموونە دێنمەوە ئەتۆ بڵێی فلان کەس وای گوت، ناوی هیچ کەس نابەم بە باوەڕی من کاریگەریی پتر دەبێ لە گەیاندنی مەتڵەبەکەدا لەوەی کە بڵێی فڵانەکەسی کۆنەپەرستی، نامەردی، پیاوکوژی و... ئەوە هیچ کاریگەریی نابێ، تەنیا وەزنی وتارەکەت، وەزنی قسەکانت دێنێتە خوارێ، چونکە تۆ ڕق دەردەبڕی، پەیامی کابرای ناگەیەنی. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە ناڵێم گرنگتر بەڵام بۆ ئەمڕۆ بە باوەڕی من گرنگە کە لە باری زمانەوە وریاتر بن. ئەمن بێ ئەدەبییشە لە خزمەت نووسەرانی ئێستای کورد لە باشوور و لە هەموو جێگەیەکی، وەختێک گەورە نووسەرەکان دەیانویست لە ، ڕۆژنامەی کوردستان زمانی ئەسیلی کوردی فێر بن کەچی ئێستا نووسەرانی کوردستان لەو کەسانەوە کە بە تایبەتی لەگەڵ ئەدەبیاتی فارسی ئاشنا نین و کەڵکی لێ وەردەگرن فێر دەبن. مەسەلەن ئێمە شەڕئەنگێز دەنووسین، باشە شەڕ ئەنگێز لە زمانی فارسیدا "جنگ‌انگیز" هەیە؟ نیە. یان مەسەلەن کەلیماتێک هەیە بە هەڵە هاتوە، مەسەلەن دەڵێ: "کجا مرحبا؟" کجا مرحبا. پیاوێکی گەورە بەکاری هێناوە ئێستا بووەتە زمانی هەمووان، گۆرانی شاعیر بەکاری هێناوە، چون گوێی لێ بووە کە فارسێک دەڵێ: "کجا بر کجا؟" ئەو وای لێ حاڵی بووە، ئەوە هەموو بەکاری دێنن. باشە ئێمە دەزانین "کجا مرحبا" هیچ مەعنای نیە، ئەو تەعبیرە لە کوردیدا دەڵێ: چی بەسەر چیەوەیە؟ لە فارسیدا دەڵێ: "کجا بر کجا"، لە عەرەبیدا کە ئەو زمانەی کە من شارەزاییم هەیە شتێکی وەک "کجا بر کجا" دەڵێ: "این هذا من ذاک"، ئەمە لە کوێ و ئەوی دیکە لە کوێ؟ سەعی بکەین بگەڕێینەوە بۆ زمانە ئەسیلەکە. خۆ تاریخ لەو ڕۆژەوە دەست پێ ناکا کە ئێمە دەست پێ دەکەین، بەهەرحاڵ دووبارە سەرکەوتن و بەختەوەری بۆ هەموو لایەک بە ئاوات دەخوازم.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



**گیانی من قوربانی تۆ بێ جا بڵیندە گەردنم**
**نامەوێ ئەو ژینە تاڵە یا وەتەن یا مردنم...**

**شەهید عوسمان دادخا**



برایم چووکەڵی

هەگبەی "شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیە تایبەتە بە یادی فەرماندە عوسمان دادخا. عوسمان دادخا هەرجار چووبایە گوندەکان لاوانی لە دەوری خۆی کۆ دەکردەوەو قسەی بۆ دەکردن. ئەو دەیگوت" غەدرلێکراوانی گۆی زەوی لە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتیدا لە پێناوی دابینکردنی ژیانێکی خۆش بۆ خۆیان و گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانیان واتە ڕزگاریی نیشتمان و دابینبوونی ئازادی و بە ئازادی ژیان، باشترین ڕۆڵەکانی خۆیان کردۆتە قوربانی. ئەو دەیگوت ئەگەر گەلانی بە ئاوات گەیشتوو شانازی بە ڕابردوو و مێژووی خەباتی خۆیانەوە دەکەن و هەست بە سەربەرزی و سەرفرازی دەکەن لە سایەی فیداکاری و خۆبەختکردنی ئەو مرۆڤە نەمرانەوەیە. هەر بۆیەش عوسمان قۆڵی لی هەڵماڵیبوو کە وڵاتێکی ئازادی هەبێ و لەم ڕێگایەشدا یا سەر دەکەوێ یا سەردادەنێ.

عوسمان دادخا ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی وەرزێڕ و زەحمەتکێشی گوندی عەمبار سەر بە ناوچەی" ئەحمەدی کۆڕی" بۆکان لەدایک بوو. پۆلەکانی سەرەتایی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕی و بۆ درێژەدانی خوێندنهەتا وەرگرتنی دیپلۆم ڕەوانەی شاری بۆکان کرا. کاتێک خۆپیشاندانەکانی لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد عوسمان بە چاو و گوێی کراوەوە لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧دا بەشداریی کرد.

بە ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات عوسمان لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتدا خۆی دیتەوە و لە زۆربەی مەئمووریەتەکانی یەکیەتیی لاواندا بەشداریی کرد. لە ماوەیەکی کورتدا ئەوەندەی لێهاتوویی و دڵسۆزی لە خۆی نیشان دا کە بتوانێ ساڵی ١٣٥٩ لە کۆنفرانسی کومیتە شارستان بە ئەندامی کومیتە شارستان هەڵبژێردرێ و دوای هەڵبژێرانی لە بەشی کۆمەڵایەتی کاری پێ بسپێردرێ. لەو ماوەیەدا کە بۆکان لە دەستی هێزەی پێشمەرگەدا بوو، عوسمان بەوپەڕی تواناوە گیروگرفتەکانی خەڵکی چارەسەر دەکرد. هەر بۆیە لەم بوارەشدا توانی متمانە و ڕێز و خۆشەویستیی خەڵک و هاوڕێیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. هەروەها ئەگەرچی عوسمان کادری سیاسی بوو، بەڵام هەرکات شەڕ لە نێوان هێزی ڕێژیم و پێشمەرگەدا ڕووی دەدا زۆر زوو خۆی دەگەیاندە بەرەکانی شەڕ و شانبەشانی پێشمەرگە شەڕی دەکرد. هەست کردن بە مەسئولییەت، بردنەسەری ئاگای سیاسی، خاکی وخەڵکی بوون، بوێری و سەراحەت قسەکردن، لەسەرەخۆ و بەئەخلاق، فێربوون و فێرکردن لە تایبەتمەندییەکانی ناوبراو بوو.

بە دەستپێکردنی هێرش بۆ سەر شاری بۆکان لەسەر داخوازی خۆی چووە نێو هێزی پێشمەرگە و لە هێزی بەیاندا سازمان درا و لە شەڕەکانی ناوچەدا بەشداریی چالاکانەی کرد. ئەو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوە دابوو. ئازایەتی و فیداکاری عوسمان بوو بە هۆی ئەوە سەرەتا وەک سەرپەل دیاری بکرێ و بە سەرپەلیی عوسمان چەندین عەمەلیاتی قارەمانانە لە ناوچەی بۆکان بەڕێوە چوو هەتا ئەو ئاستەی کە بە فەرماندەری لکی ٣ی هێزی بەیان دیاری بکرێ. ئەو لە شکاندنی ستوونی ٨٠١ی شیراز، شەڕە حەماسیەکانی نێو شاری بۆکان، شەڕی جادەی بۆکان ـ مەهاباد، جادەی سەقز ـ بۆکان، گرتنی مۆڵگەی قۆچاغ و شەڕی شاریکەند و چەندین شەڕی گەورە و بچووکی دیکەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو. لەشەر لەگەڵ دوژمن چەند جار بریندار بوو بە تایبەتی لە نێو شاری بۆکان کە برینداریش بوو ئازایەتی ناوبراو هیچکات لەبیر ناچێتەوە.

عوسمان دادخا لە بەهاری ١٣٦٢دا بوو بە جێگری هێزی هەژار سەر بە دەفتەری سیاسی. دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکرات بەو ناسینەوە لە عوسمان دادخای هەبوو، دوای شەهیدبوونی فەرماندەری قارەمان ئێقباڵی کەریمنەژاد ئەوی بە فەرماندەری هێزی شەریفزادە دیاری کرد و عوسمان بەرەو ناوچەی سنە وەرێ کەوت. عوسمان بە ئاواتەوە بوو لەو مەیدانە نوێیەشدا لێهاتوویی و قارەمانەتیی خۆی نیشان بداتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو دەرفەتەی دەست نەکەوت و تازە دوو مانگ لە تێکۆشانی عوسمان دادخا لە هێزی شەریفزادە تێدەپەڕی کە تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستان بوو.

ڕۆژی ١٨ی خەزەڵوەر عوسمان دادخا لەگەڵ 6 کەس لە هاوسەنگەرانی بۆ شناسایی پێگە و دامەزراوەکانی ڕێژیم دەچنە ناوچەی حوسێناوای سنە. لە گەڕانەوەدا شەویان بەسەردا دێ و لە گوندی "کێلەچەرموو" دەمێننەوە. بەداخەوە بە هۆی خۆفرۆشانەوە دوژمن پێیان دەزانێ و سەعات ٣ی نیوەشەو دەوری ئەو گوندە و بەتایبەتی شوێنی مانەوەیان دەدەن و هەوڵ دەدەن بەدیلیان بگرن. بەڵام ئەوان کە لە مەکتەبی دێموکراتدا فێری خۆڕاگری بوون، کەرامەتی شۆڕشگێڕییان بە هیچ نەگۆڕیەوە، بۆیە سەنگەریان لە دوژمن گرت و کەوتنە شەڕێکی نابەرانبەر لەگەڵیان. پاش سەعات و نیوێک شەڕی دەستەویەخە بەداخەوە عوسمان دادخا (فەرماندەری هێز) لەگەڵ ٦ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی سەید ئەمیری عەبدی (فەرماندە لک)، محەممەد ڕەحیمی (جێگری لک)، سەید خالید حوسێنی (سەرپەل)، سمایل ناسری (پێشمەرگەی ئەرکانی هێز)، وەستا ساڵح ناسری (پێشمەرگە)، محەممەد ساڵح تەهماسبی (پێشمەرگە) شەهید بوون و ڕێگای خەباتیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد.

هەرچەند شەهیدبوونی داوابەدوای دوو فەرماندەر لە ماوەی سێ مانگدا بۆ پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە داخێکی زۆر گران بوو، بەڵام پێشمەرگەکانی ناوچەی سنە نەک وەرەیان بەرنەدا، بەڵکوو چەندین عەمەلیاتی ئازایانەیان بە یادی ئەوان بەڕێوە برد و یادی فەرماندە شەهیدەکانیان هەمیشە زیندوو ڕاگرت.



# "کوردستان" و ڕەوتی نەتەوەسازی



هەیاس کاردۆ

لە ڕەوتی نەتەوەسازیدا، دونیای بەرینی چاپەمەنی کە ڕۆژنامە کۆڵەکەیەکی قایمییەتی، توانیویەتی ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێ. بۆ جێگرتنی گوتاری نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا، ئامرازی نووسین پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ڕۆژنامە وەک دیارترین ئامرازی بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی لە ڕابردوودا ئەرکی خۆی بەباشی بەجێ هێناوە.

ئەو بیرە تیژەی یەکەم جار ڕۆژنامەی "کوردستان"ی لە قاهیرەی میسر لە ساڵی ١٨٩٨ی زایینی بەچاپ گەیاند، توانی یەکەم بەردی بناخەی کەرەسەی نەتەوەسازی بۆ نەتەوەی کورد بنیات بنێ. هەر بۆیە کەسایەتیی "میقداد میدحەت بەدرخان" وەک کاروانسالاری ئەو ڕێبازە پیرۆزە لە مێژوودا تۆمار کرا. دامەزرانی "کۆماری کوردستان" هەلێکی زێڕینی پێکهێنا هەتا ڕۆژنامە دیسان بتوانێ دەوری کاریگەریی خۆی لەو بوارەدا بگێڕێ. ناودێرکردنی دروستی "کوردستان" بۆ ڕۆژنامەی حیزبی دێموکرات لە درێژەی هەمان بیری پیرۆزی نەتەوەییدا بوو، تەکانێکی زیاتری بەجێگرتوویی گوتاری نەتەوەیی دا. ئەگەر بزانین گوتاری نەتەوەیی بە هەموو ئەو قسە و نووسینانە دەگوترێ کە دەربارەی ناسنامەی نەتەوەیی، مێژوو، زمان، خاک، یەکگرتوویی و مافە نەتەوەییەکان دێنە گۆڕێ، بۆمان دەردەکەوێ ڕۆژنامەی کوردستان کە ئەو ڕێبازەی گرتبووە بەر دەیتوانی چ ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێ.

بەو کورتە زانیارییەوە، ئێستا با بزانین داخوا ڕۆژنامەی زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە هەمان کاتدا کۆماری کوردستان توانی ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ؟

ڕۆژنامەی تازە پێ هەڵگرتووی "کوردستان" لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، وێڕای بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان، ئێران، ناوچە و هەتا ڕادەیەکیش جیهان، چەند ئەرکی زۆر قورس و بنەڕەتیشی لەسەر شان بوو کە ئەمانە بوو:

یەکەم، بڵاوکردنەوەی پرۆژەی نەتەوەسازیی کۆماری کوردستان کە تازە خەریک بوو دەستی پێ دەکرد، دەبوو بە وریایی تەواو پەرەی پێ بدرێ. لەو بوارەدا ڕۆژنامەی کوردستان دەرفەتی ئەوەی پێکهێنا "کوردبوون" و شانازیکردن بە ناسنامەی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی دەقە جۆراوجۆرەکاندا بڵاو بکرێنەوە. لەو پێوەندییەدا نووسین و لێکدانەوەی کەسانی کوردپەروەری بڵاو دەکردنەوە کە مەبەستیان پەرەپێدانی ئەو جۆرە زانیارییانە لەنێو خوێندەوارانی کوردزماندا بوو. لە هەمان کاتدا ئەدیبان و شاعیرانی نیشتمانپەروەریش لە ڕێگای شێعر و پەخشانەوە هەستی نەتەوایەتییان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا وەجۆش دەهێنا کە ئەوەش زیاتر هەر لە دەلاقەی ڕۆژنامەی کوردستانەوە وەدیار دەکەوت. هەڵبەت خودی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش کە بناغەکەی لەسەر بیری نەتەوەیی دامەزرابوو و ڕۆژنامەکەشی وەک ئۆرگانی ناوەندیی خۆی دیاری کردبوو، دەستی نووسەرانی ئاوەڵاتر دەکرد لەو بوارەدا زیاتر قەڵەم بگێڕن.

دووهەم، بڵاوکردنەوەی وتار و فەرمایشەکانی جەنابی قازی محەممەد، وەک سەرۆککۆماری کوردستان کە لە هەمان کاتدا دەربڕی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بوو، ئەرکی ڕۆژنامەی کوردستان بوو. سەرۆککۆماری کوردستان کە خۆی کەسایەتییەکی نەتەوەیی باوەڕمەند بە ناسنامەی تایبەتی نەتەوەی کورد بوو، لە ڕێگای وتارەکانیەوە هەوڵی دەدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ چەمکی نەتەوە و مافەکانی ئاشنا بکا. بڵاوبوونەوەی ئەو وتارانە لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا، ڕۆژنامەکەیانی خۆشەویستتر و سەنگینتر کردبوو. هەرچەند جەنابی پێشەوا چ وەک سەرۆکی کۆمار و چ وەک سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبوایە زۆر بەدیققەت چەمکی گوتاری نەتەوەیی شی کردبایەوە و وەک دەڵێن "هێڵە سوورەکان"ی نەبەزاندبا، بەو حاڵەش بەڕوونی کوردبوونی وەک شانازی پێناسە دەکرد و باسی مافە ڕەواکانی گەلی کوردی دەهێنایە گۆڕێ. هەر ئەوە کە ئێستاش دوای تێپەڕینی هەشتا ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە گرنگەدا، قازی و کۆمار هەروا خۆشەویست و جێی ڕێزن، ڕاست لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ. گرنگیی پێگەی ڕۆژنامەی "کوردستان"یش بەشێکی زۆری بۆ هەمان هۆ دەگەڕێتەوە. واتە چ وەک ناو (کوردستان)، چ وەک نێوەرۆک و چ وەک ئۆرگانی حیزبێکی نەتەوەیی و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، ئەو ڕۆژنامەیە زۆر زوو متمانەی خوێنەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و وەک سەرچاوەی پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی سەیری کرا.

سێهەم، ڕۆژنامەی کوردستان وەک سەرچاوەیەکی گرنگی پەرەپێدانی زمانی کوردی. دەزانین کە زمان کۆڵەکەیەکی قایمی ناسنامەی نەتەوەییمانە و بە نەبوونی زمان، نەتەوەش وجوودی نیە. کەوابوو یەکێک لە ئەرکە هەرە قورسەکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، زیندووکردنەوە، وەجۆشهێنانەوە، دەوڵەمەندتر و پەرەپێدانی زمان بوو. لەو پێوەندییەدا ئەرکی زۆر قورس کەوتە سەرشانی ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤار و چاپەمەنییەکانی دیکە. ئەوە یەکەم جار بوو هەلێک بۆ کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕەخسابوو کە بە ڕەسمی لە زمانی خۆی بۆ پێوەندییە سیاسی، ئیداری، فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەربگرێ. هەرچەند ئاخافتنی خەڵک بە زمانی کوردی و تەنانەت کەڵکوەرگرتن لێی لە گۆرانی، حیکایەت خوێنی، بەیت و باو و زۆر بواری دیکەی فەرهەنگ و ئەدەبدا هیچکات وەلا نەنرابوو، بەڵام کەڵک لێ وەرنەگرتنی لە قوتابخانەکان و دونیای چاپەمەنی و کاری ڕۆژانەی ئیداریدا، کەلێنێکی گەورەی دروست کردبوو. هەر بۆیەش نووسین و خوێندنەوەی دەقی کوردی زۆر لاواز و بێخزمەت دیار بوو. بەداخەوە زمانی نووسینی ڕۆژنامەی کوردستانیش لە ساڵەکانی سەرەتای بڵاوبوونەوەیدا، بەئاشکرا ئەو لاوازییەی پێوە دیارە. بەتایبەت لە باری ڕێنووسەوە هیچ ئوسوول و پێوەرێکی زمانەوانی تێدا ڕەچاو نەدەکرا. وشەی کوردی زیاتر بە ڕێنووسی (ئیملا)ی فارسی یان عەرەبی دەنووسران کە هەڵەیەکی گەورە بوو.

پاشان زاڵبوونی زمانی فارسی و عەرەبی لە درێژایی سەدان ساڵدا وای کردبوو وشە ڕەسەنەکانی کوردی لەبەرچاو ون ببوون. هەر بۆیەش نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان بۆیان ئاسانتر بوو لە وشەی جێکەوتووی بێگانە کەڵک وەربگرن هەتا بۆ دۆزینەوەی وشەی کوردی خۆیان ماندوو بکەن. دیارە ئەوە لە بەشە ئەدەبییەکەی ڕۆژنامەدا کەمتر وەدیار دەکەوت، چونکە شاعیر یان پەخشاننووسی کورد زیاتر بەسەر زمانەکەدا زاڵ بوون. بە هەموو لاوازییەکانی ڕێنووسی کوردی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا، بەهیچجۆر ناکرێ ڕۆڵی گرنگی ئەو ڕۆژنامەیە لە پەرەپێدانی زمانی کوردیدا لەبەرچاو نەگرین. هەر ئەوە کە بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەیەکی کوردی بوو بە زمانحاڵی حکوومەتێکی میللی و حیزبێکی سیاسیی دەسەڵاتدار، خۆی گرنگیی پەرەپێدانی زمانی کوردی دەردەخست.

بە نەمانی کۆماری کوردستان و لە مەترسیی کەوتنی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سروشتی بوو چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی کوردستانیش چەتی تێ بکەوێت. لە هەموو ماوەی یازدە مانگەی تەمەنی کۆماردا کە هەر ڕۆژە نا ڕۆژێک خوێنەرانی ئەو ڕۆژنامەیە چاویان بە بابەتەکانی بە زمانی کوردی دەکەوت، لەپڕ لێی بێبەش بوون. ڕووخانی کۆمار، ئیعدامی سەرکۆمار و هاوڕێیانی، گیرانی سەرانی حیزب و بەربەستی تێکۆشانی ئازادانەی ئەو حیزبە و لەگەڵ ئەوانەش وەستانی ڕۆژنامەی کوردستان، شۆکێکی بەتەوژم بوو بەر ڕۆح و جەستەی خەڵکی کوردستان کەوت. هەتا ساڵانێکی زۆر کە لە دەورەکانی دواتردا ڕۆژنامەی کوردستان دیسان لە شێوەی جیاوازدا چاپ و بڵاو کرایەوە، جێگای بەتاڵی ئەو ڕۆژنامەیە لە کتێبخانە و شوێنە گشتییەکانی خوێندن و خوێندنەوە بەجوانی دیار بوو.

دوای تێهەڵچوونەوەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرلەنوێ چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵەکانی دواتردا، ئەمجار لەگەڵ شێوە و فۆڕم و تەنانەت نێوەڕۆکی جیاوازی ئەو ڕۆژنامەیە بەرەوڕوو دەبین. لە فۆڕمی تازەی "کوردستان"دا لەجیاتی هەواڵی ڕۆژانە، زیاتر وتاری سیاسی و لێکدانەوەی هەواڵ خۆی دەرخست. پاشان چونکە لە فەزایەکی نهێنی و دوور لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد، نەیتوانی ئەو پانتاییە بەرینە دابگرێ کە پێشتر دایگرتبوو. هەر بۆیە لەجیاتی سێ ژمارە لە حەوتوودا، مانگێ جارێک بڵاو دەکرایەوە. لە لایەکی دیکەوە زمانی دەربڕین و تەنانەت ڕێنووسی ڕۆژنامەش گۆڕانی بەسەردا هات. واتە ڕۆژنامەی ئەو سەردەمە بوو بە زمانی خەباتی شاخ و لەو سەنگەرەوە بەرەوڕووی دوژمن بووەوە. لەو دەورەیەدا هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ڕۆژنامەی کوردستان بۆ زیندووڕاگرتنی هەستی نەتەوایەتی، ڕادەی ستەملێکراویی کورد و پێویستیی خەبات بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکان هەوڵی خۆی دا. هەر لەو قۆناغەدا بەرەبەرە زمانی ڕۆژنامەش لە ستانداردی نووسینی کوردی نزیکتر بووەوە بە جۆرێک کە لە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتای زاییندا، وەک سەرچاوەی باوەڕپێکراو بۆ نووسینی دروستی ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی حیسابی بۆ دەکرا.

دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی "جمهوری اسلامی ایران" دیسان هەلێکی باش بۆ چاپی ڕۆژنامەی کوردستان هاتە پێش هەتا بیری کوردایەتی و نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تیراژێکی بەرینتردا بڵاو بکاتەوە. لەم قۆناغەدا هەرچەند خاکی کوردستان بۆ ماوەیەک ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی کورد خۆیدا بوو، بەڵام حکوومەتی ناوەندی هیچکات ملی بۆ داواکانی کورد نەوی نەکرد. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبوو وتاری نەتەوەیی خۆی بەجۆرێک دابڕێژێ کە بتوانێ لە ئەرزی واقیعدا داواکانی کورد جێگیر بکا. ڕۆژنامەی کوردستان لەو سەردەمەدا دەبوو لە لایەک لەگەڵ بیری ناسیۆنالیزمی زاڵ (شۆڤێنیزم) بەربەرەکانێ بکا و لە لایەکی دیکەوە پێویست بوو وتاری نەتەوەیی خۆی لە هێرشی بەرەی چەپی گوێلەمست، یان چەپی تازە دروستبووی سەرلێشێواو بپارێزێ. بۆ ئەم مەبەستە نووسەرانی بەئەزموون و کەسانی ئاکادیمیی ناسراوی هێنایە مەیدان بۆ وەی بتوانێ خەباتی نەتەوایەتی پڕڕەنگتر نیشان بدا.

پەلاماری بەرینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دێموکرات، درێژەی بەرگریی چەکدارانە و دیسان وەشاخکەوتنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان، قۆناغێکی درێژماوەی دیکەی پێکهێنا کە تا ئێستاش بەردەوامە. لەم قۆناغە دوورودرێژ و لە هەمان کات پڕ لە هەوراز و نشێوەدا، دیسان خەمی بنەڕەتیی ڕۆژنامەی کوردستان دیفاع لە مافی ڕەوای گەلی کورد و پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندایە. لێرەوە ڕۆژنامەی کوردستان بە کردەوە وێڕای پێشمەرگە دەچێتە سەنگەرەوە و باسی ئەو خۆڕاگرییە نەتەوەییە دەکاتە سەردێڕی باسەکانی. هەرچەند لە درێژەی خەباتی دوورودرێژی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دروشمی جۆراوجۆری وەک خودموختاری و فیدرالیزم بەرز کرانەتەوە و لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا گونجێندراون، بەڵام قسەی یەکەم و کۆتایی هەمان باسی سەرەکی بووە کە کوردایەتی و کوردبوونە. بەگشتی دەتوانین کۆی تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەی کوردستان وەک زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی بەم جۆرە کورت بکەینەوە:

– بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەی نەتەوەسازی لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵی داوە کە دیارە لەم بارەوە سنوورەکانی پاراستووە و نەیتوانیوە بەو جۆرەی پێویستە قسەی دڵی خۆی بکا.

– "کوردستان وڵاتێکە و کورد یەک نەتەوەیە" هەمیشە لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا و لە ڕێگای ڕۆژنامەی کوردستانەوە بەئاشکرا بڵاو کراوەتەوە، هەرچەند دروستکردنی وڵاتی کوردستان لە بەرنامەی ئەو حیزبەدا نەبووە.

– زەقکردنەوە و دووپاتە نووسینەوەی مافی نەتەوەکان لە یاسای جیهانیی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا نیشانەی پێداگرییە لەسەر بەدواداچوونی ئەو باسە گرنگە.


– پێوەندیی دێموکراسی و پاراستنی مافی نەتەوە بێمافەکان یەکێکی دیکە لە باسە دایمییەکانی وتارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بووە.

–هێنانە بەرباسی ئەزموونی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی بە ئازادی گەیشتووی جیهان و هەوڵدان بۆ وەبیرخستنەوەی لە زەینی خەڵکی کوردستاندا.

–بەدۆکیۆمێنتکردنی ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان لەپێناو گەیشتن بە مافەکانی و ڕادەی جینایەتەکانی هەر دوو ڕێژیمە دەسەڵاتدارە یەکلەدوایەکەکەی ئێران دەرحەق بەم خەڵکە تێکۆشەرە، ئەرکێکی دیکەی ڕۆژنامەی کوردستان بووە.

– کەلک لێ وەرگرتن و دەوڵەمەندترکردنی زمانی کوردی وەک زمانی یەکەمی نووسین لەو ڕۆژنامەیەدا خزمەتێکی یەکجار گرنگە بە پاراستنی زمانەکەمان کە لە ڕاستیدا کۆڵەکەی ناسنامەی نەتەوەییمانە. لەو بارەوە ڕۆژنامەی کوردستان کارنامەیەکی یەکجار گەش و سەرکەوتووی هەیە.

# ئەمن و هەشتایەمین ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەی "کوردستان"



ئاشق ئیسماعیلی

ڕۆژی ٢٠ی بەفرانباری ئەمساڵ، ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێ دەنێتە هەشتا و یەکەمین ساڵی تەمەنی خۆیەوە. هەشتا ساڵ پێش ئێستا، لەوەها ڕۆژێک و لە بارودۆخێکی زۆر جیاواز و مێژووییدا، یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە، لە شاری مەهاباد، ئەو شارەی کە نێزیکەی دوو حەوتوو دواتر کۆماری کوردستانی تێدا ڕاگەیەندرا، دەرچوو.

هەڵبژاردنی ناوی "کوردستان" بۆ بڵاوکراوەیەکی ئەوتۆ و دە کات و ساتێکی ئاوا ناسکدا بە هەڵکەوت نەبوو. ناو دەبێ هەڵگر و دەرخەری ئەو مانا و نێوەرۆکە بێ کە پێی دەناسێنرێ. بەڕاستی ناوی "کوردستان"یش شیاوی ئەو ڕۆژنامەیە بوو، کە دەبوو ببێتە زمانحاڵ و بڵاوکەرەوەی بیری حیزبێکی پێشکەوتووی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان. حیزبێک کە هەر چەند مانگ پێشتر، بەپێی پێویستی و دەرفەتێکی لەباری مێژوویی کە لە کۆتاییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانیدا بۆ کورد ڕەخسابوو، پێکهاتبوو و زۆریشی پێ نەچوو یەکەم کۆماری کوردستانی لە شاری مەهاباد دامەزراند.

دیارە پێشتریش و دواتریش، لەکات و سەردەمی جیاوازی مێژووییدا، خەباتکاران و دڵسۆزانی کورد، هێندێک گۆڤار و ڕۆژنامەیان هەر بە ناوی "کوردستان"ـەوە بڵاو کردوونەوە. بۆ نموونە بنەماڵەی تێکۆشەری بەدرخانییەکان لە ساڵی ١٨٩٨ی زایینی، لە شاری قاهیرەی میسر کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردییان بەناوی "کوردستان" بڵاو کردەوە و ئەو هەنگاوە وەک ڕووداوێکی گەورە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دەژمێردرێ و بە ناوی ئەو بنەماڵە گەورەیەوە تۆمار کراوە.

بەڵام ئەم ڕۆژنامە "کوردستان"ـە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لە بەفرانباری ١٣٢٤دا دەستی بە بڵاوکردنەوەی کرد، هەم لە باری ئەرک و ڕێباز و نێوەرۆک و هەم لەباری بارودۆخ و سەردەم و گرینگیی دەرچوونییەوە شتێکی تازە بوو. ئەمەیان دوانەی دانەبڕاوی ئەو حیزبە بوو، کە لە سەرەتای دەستپێکردنی خەباتی ئەو حیزبەدا لە دایک بوو، و بوو بە بڵیندگۆی بڵاوکردنەوەی بیری ڕزگاریخوازانەی ئەو حیزبە، جێژنی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، ڕێوڕەسمی دووی ڕێبەندان، نوتقی پێشەوا قازی و گەورەپیاوانی کۆمار سەبارەت بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لەو ڕۆژەدا و هەواڵ و ڕووداوەکانی سەردەمی دەسەڵاتی ئەو کۆمارەی دە لاپەڕەکانی خۆیدا تۆمار کرد. ئەو زمانحاڵە بەوەفا و بەنرخە دوای ڕووخانی کۆماریش لە حیزبی دێموکرات جیا نەبۆوە و تەنانەت ئەو کاتەش کە ئیدی دەرەتان بۆ خەباتی ئاشکرا نەما و ڕۆڵەکانی ئەو حیزبە لە هێندێک قۆناخی تایبەتی و جیاوازی دوای کۆماردا ناچار بوون ڕوو دە خەباتی نەهێنی بکەن، لە حەشارگەکان بە نهێنی لەگەڵی ژیا، شار بەشار و وڵات بەوڵات هاوڕێ و هاوهەنگاوی بوو و لە بارودۆخی خۆش و ناخۆشدا قسەی دڵی وی کرد و بۆچوون و بیری ئەوی هاوار کرد.

کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا پێکهات، ڕێبەرانی ئەو حیزبە بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی لەباری ئەو سەردەمە زۆر زوو هەستیان بە ئەوە کرد، کە ئەرکی سەر شانیان لەپێناو خەبات بۆ ڕزگاریی کورد و کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیدا، زۆر قورسە و ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە قورسەش وێڕای دامەزراندنی سوپای میللیی کوردستان "هێزی پێشمەرگە" و دامودەزگاکانی بەڕیوەبەردنی دەسەڵاتێکی سیاسی، پێویستیی بە هەبوونی ئۆرگانێکی ڕاگەیاندنی بەڕاپەڕ و هەڵسووڕ هەیە. ئۆرگانێک کە بتوانێ پێوەندییەکی بەردەوام و کاریگەری تەبلیغاتی، ئاگاداری و هەواڵگەیاندن لەنێوان خەڵک و ئۆرگانەکانی دەسەڵات و هەروەها شوێنەکانی دەرەوەی کۆمار پێکبێنێ و بیر و ڕای گشتیی خەڵک لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی دەوڵەتی کوردی و هەواڵ و ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆ و دەرەوە ئاگادار بکا.



**لە ڕاستەوە: فەرهاد ئەکبەری، قاسم سوڵتانی، جەعفەر شەریعەتی، کامڕان حەداد**
**(چاپخانەی "کوردستان" لە قەڵای دێموکرات)**

گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەرەدەمە و بە تایبەت ڕۆژنامەی "کوردستان" بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکرات، ئەو ئەرکە گرینگەیان وەئەستۆی خۆیان گرتبوو و بە بەراوەرد لەگەڵ دەرەتان و ئیمکاناتی ئەو سەردەمە، بە چاکی بەڕێوەیان دەبرد.

ئەڵبەت ڕۆژنامەی کوردستان و ئەو گۆڤارانە کە ئاماژەمان بۆ کردن، دەو سەردەمەدا، نەک هەر ببوونە وەسیلەیەک بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵ و بەیاننامە و ڕاگەیەندراوانە کە دەسەڵاتی کوردی دەری دەکردن و پێوەندییان بە وەزعی سیاسی و بەڕێوەبردنی حکوومەتەوە هەبوو، بەڵکوو ببوونە مەیدانی خەباتێکی گەش و بێوچانی ئەدەبی، فەرهەنگی و کولتووری، کە لە هەر ژمارەیەکدا، بەرهەمی گەورە نووسەران و شاعیرە بەنێوبانگەکانی وەک هەژار، هێمن، عەتریی گوڵۆڵانی، خاڵەمین و .... یان چاپ دەکردن، بەڵکوو ببوونە فێرگەیەکی کارا بۆ چینی لاوی خوێنگەرم و ئەویندارى زانیاری و فێربوون و بەو شێوەیە زۆر کەسی دیکەش دەو سەردەمەدا پێ گەیشتن، گەشەیان کرد و دواتر لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا درەوشانەوە.

"سەید محەممەد حەمیدی"، یەکەم سەرنووسەر و بەرپرسی ڕۆژنامەی کوردستان، لە پێوندی لەگەڵ پێویستیی هەبوونی چاپخانە، بڵاوکردنەوەی بیری ئازادیخوازی، دەوری ڕووناکبیری و زانیاری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، لە وتارێکدا کە سەردێڕی "ئامانجی ئێمە"ی بۆ دیاری کردووە و بۆتە سەروتاری هەوەڵ ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان، بەڕوونی ئاماژەی بە دەوری گرینگی ئەو بڵاوکراوەیە، لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریی ئەو سەردەمە دا کردووە. ئەمە چەند بڕگەیەکی وتارەکەیە، کە وەک نموونە لێرە دا دەیهێنمەوە:

"لەم کاتەدا کە خاکی کوردستان لە هەموو وەختێک زیاتر، پێویستی فیداکاریی کوڕەکانییەتی. لەو ئانە دا کە هەموو نەتەوەکانی گێتی بۆ ڕاگرتن، بۆ وەدەسهێنانی سەربەستی و ئازادیی خۆیان، وە بۆوەدەسخستنی وەسایلی پێشکەوتنی هاونیشتمانەکانیان دە تەقەلا دان، لەم وەختە دا کە هەموو نەتەوەکانی عالەم غەیرەز سەربەستی و گەورەیی نیشتمانەکەیان، ئامانجێکیان نییە و بە شەو و بە ڕۆژ بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە هەوڵ دەدەن، ئێمە خەریکی چین و ئامانجمان چییە؟...

ئێمە لە زنجیری دیلی ڕزگاریمان بوو و دەستی بەستراومان کراوە و چاوی نوستوومان وەخەبەر هات. کۆمەڵێک لە لاوان و گەنجانی کوردستان کۆ بوونەوە، دەستی برایەتی و یەکییەتییان دا دەس یەک، بێوچان سەعییان بە خەرج دا تا حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بە وجوود هێنا و هەر بەرهەڵست و خاینێک کە لە ناو کوردستان دا هەبوو، لەنێویان هەڵگرت. حیزبی دێموکرات لە ماوەیەکی کەم دا توانی لکی خۆی لە تەواوی شارەکانی کوردستانی ئێران بکاتەوە. ئێستا لە کوردستان دا نێوی مەنگوڕ و مامەش و زەرزا دێبۆکری و ... هەر پیتێ کە بۆنی جودایی لێ بێ، ناگوترێ. هەموو بە یەکدەنگ دەڵێین ئێمە کوردین، کوردمان دەوێ. ئێمڕۆ سەرکزیمان بە سەربڵێندی و هەژاریمان بە دەوڵەمەندی و دووبەرەکیمان بە یەکییەتی گۆڕیوەتەوە.

هاونیشتمانانمان بە چاوێک تەمەشا دەکەین و هەمووومان بۆ میللەت کار دەکەین و بە زمانی شیرنی کوردی دەخوێنین. ئەخلاقی خراپمان گۆڕیوەتەوە بە ئەخلاقی چاک.

ئێمە کە بە دڵمانا نەدەهات خاوەنی چاپخانە و ئینتیشارات بین، ئەوا بە یارمەتیی خودا نامەی کوردستان داندرا و هەوەڵ ژمارەی بڵاو کرایەوە. ئەم نامەیە کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڵاو دەبێتەوە، دەیەوەێ قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتتیحاد و برایەتی بێنێتەبەرهەم، کەبناغەکەی بە زانست و هونەر و لەشساغی داندرابێ ...". (دەقەکە وەک خۆی، بەڵام بە ڕێنووسی ئەمڕۆ نووسراوەتەوە)

لە کۆتایی وتارەکەدا جارێکی دیکەش خەبات لەپێناو یەکیەتیی کۆمەڵ و بەربەرەکانی لەگەڵ هەرچەشنە دووبەرەکی و ڕەوشت و دیاردەیەک کە زیان بە سەربەستی بگەیەنێ، پێی لەسەر داگیراوەتەوە. پیاو حەق بڵێ، ڕۆژنامەی کوردستان لە درێژایی تەمەنی هەشتا ساڵەی خۆی و لە هەموو بارودۆخە خۆش و ناخۆش و جیاوازەکان دا بەو پرێنسیپانە کە هەر لە ڕۆژی یەکەمی لەدایکبوونییەوە بۆی کراونە بنەما و ڕێباز، وەفادار ماوەتەوە. ئەو پرێنسیپانەی کە بێجگە لە بڵاوکردنەوەی بیری ڕزگاریی کورد و کوردستان، هەوڵدان بۆ یەکییەتی و یەکهێزی و خەبات و بەربەرەکانی بەدژی خەیانەت بە گەل و وڵات و دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان، شتێکی دیکە نین.

لە کۆتایی و لەم ساتە خۆشەدا پێم خۆشە بڵێم کە منی نووسەری ئەم وتارەش هەست بە شانازی دەکەم کە ساڵانیک، لە ڕۆژە قورس و سەختەکان و گەرمەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان دا، ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بووم و شەوان و ڕۆژانی ئەو سەردەمەی تەمەنم لەگەڵ وشە و ڕستە و لاپەڕەکانی بردۆتە سەر.

بە بۆنەی ئەو ساڵوەگەڕە پڕ لە شانازییەشەوە، پیرۆزبایی لە حیزبە تێکۆشەرەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی ئێستای ڕۆژنامەکە دەکەم، کە بەڕاستی هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن، تا ڕۆژبەڕۆژ ئەو ڕۆژنامە خەباتکارە خۆشەویستە زیاتر گەشە بکا و جوانتر و ڕازاوەتر بگاتە دەست خوێنەرانی. هەروەها بەجێیە یاد لە خزمەت و هەوڵ و تێکۆشانی هەموو ئەو خەباتکارە بەوەجانەش " بە نووسەر و وەرگێڕ و کاربەڕێوەبەرەوە" بکەینەوە کە لە دەور و شوێن و سەردەمە خۆش و ناخۆشە جیاوازەکان دا، بەفیداکاری و زەحمەتی خۆیان ڕۆژنامەکەیان بەسەرپێوە ڕاگرت و گەیاندییانە دەست نەوەی وشیاری ئەمڕۆ.

بێگومان مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەبیریان ناکا و ناویان چۆتە دنیای هەرمانەوە.

## ویـــــستگە

# پەیڤی ژن لە "کوردستان"



ئاسۆ مینبەری

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک حیزبێکی مۆدێڕن بە درێژایی مێژووی خۆی گرنگیی تایبەتی بە پرسی ژنان داوە و بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی داوە لە چوارچێوەی بەرنامە و دیسکۆرسی خۆیدا، پێناسە بۆ ژنان، ئەرک و مافەکانیان و هەروەها ڕۆڵ و پێگەیان لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا بکات.

باسکردن لە قۆناغە مێژووییەکان بۆ سەلماندنی ئەم بایەخدانە بابەتێکە بە چاوخشاندنێک بەسەر مێژووی حیزبی دێموکرات و ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتانەی کە لە ماڵپەڕ و میدیای ئەم حیزبەدا هەن و ئارشیڤ کراون بە ڕوونی دەردەکەوێ. هەر لە سەرەتای دامەزرانی ئەم حیزبەوە پرسی ژنان لە چوارچێوەی بەرنامەی ئەم حیزبەدا گرنگیی پێ دراوە و دەرفەت بۆ بەشداری و وەئەستۆگرتنی ئەرک لە لایەن ژنانەوە و لە ڕاستای ئامانج و دوورەدیمەنی ئەم حیزبە بۆ داهاتووی کوردستان ڕەخساوە.

ژنان لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی ئەم حیزبەدا و بەپێی هەلومەرجی زاڵ بەسەر ژینگەی خەباتەکەدا، ڕۆڵی جیاواز و گرنگیان گێڕاوە؛ لە هەندێ قۆناغدا چەکیان لە شان کردوە و لە سەنگەردا پارێزگارییان لە خاک و نیشتمان کردوە و لە هەندێ قۆناغیشدا، پاڵپشتێکی قایمی سەنگەر بۆ خەباتکاران و پێشمەرگەکانی حیزب بوون، لە هەندێ قۆناغدا خەباتی ژنان تەنیا لە چوارچێوەی خەباتی چەکداریدا مانا کراوەتەوە و لە هەندێ قۆناغیشدا ئەم خەباتە چووەتە چوارچێوەی خەباتی مەدەنی و ڕۆشنبیرییەوە و هەندێ جاریش شێوازەکانی خەبات بە تێکەڵاوی بۆ ژنان بەرەوپێش چووە.

بە دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوییەوە و پاشان دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا، خەبات و تێکۆشانی ژنان قۆناغێکی نوێی بەخۆیەوە بینی.

ژنان لەم قۆناغە نوێیەدا، سەرەتا خۆیان لە چوارچێوەی یەکیەتیی ژناندا بینییەوە و دواتر ئەم ڕێکخراوەیە بوو بە دەرفەتێک بۆ ئەوەی کە ژنان هەنگاوی گەورەتر بۆ گەشەکردن و پێگەیشتن لە گۆڕەپانی خەباتەکەدا هەڵبگرن. لەو سەردەمەدا کە ئاستی خوێندەواریی ژنان زۆر زۆر نزم بوو، ڕۆژنامەی کوردستان توانی ببێتە سەکۆیەک بۆ ئەو ژنانەی کە توانیبوویان لەو سەردەمە تاریکەدا کە بەسەر ژناندا زاڵ بوو، خۆیان ببیننەوە و بە نووسین و هاوکاریکردن لە ڕۆژنامەی کوردستاندا، دەنگی خۆیان بە ژنان و بەتایبەتیش بە کۆمەڵگەی نەریتی و نەخوێندەواری ئەو کات بگەیەنن. بۆیە جێگای خۆیەتی کە یادێک لە یای کوبرا عەزیمی بکرێتەوە کە وەکوو یەکەمین ژن لە ڕۆژنامەی کوردستاندا، بە دەستبردن بۆ قەڵەم پێگەی بۆ ژنان دیاری کرد و بوو بە سەرباشقەیەک بۆ ژنانی ڕزگاریخوازی دوای خۆی.

لە قۆناغەکانی دواتری خەباتی حیزبی دێموکراتدا، ڕۆژنامەی کوردستان وەک زمانحاڵی فەرمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ هەموو ڕووداو و بڕگە مێژووییەکان، لەگەڵ هەموو کەند و کۆسپ و هەوراز و نشێوەکانی سەر ڕێگای خەبات، هەم نوێنگەیەک بۆ باسکردن لە پرسی نەتەوایەتی بوو و هەم باشترین سەکۆ بۆ هێنانەگۆڕێی پرسەکانی تایبەت بە ژنان. لە ٨٠ ساڵی ڕابردوودا، بە سەدان پرس و بابەتی جیاواز سەبارەت بە دۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو ستەم و نایەکسانییەی کە ژنان لە لایەن دەسەڵاتە پاوانخوازەکانەوە بەرەوڕووی بوونەتەوە لە "کوردستان"ـەوە و بە قەڵەمی ژنانی تێکۆشەری کوردستان بە گوێی خەڵک گەیشتوون و باسیان لێ کراوە.

لە درێژەی هەمان ڕێچکەی پیرۆزدا، لە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاویدا و لە حەفتاوچوارەمین ساڵوەگەڕی دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیەدا، ستوونی "وێستگە" بە مەبەستی گرنگیدانی زیاتر بە پرسەکانی ژنان لە ڕۆژنامەی کوردستان دەستی بەکار کرد. یەکەمین وتاری وێستگە، بە ئاوڕدانەوەیەک لە نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨ و گرنگیی ڕۆڵی ژنان لە نارەزایەتییە جەماوەرییەکاندا و لەژێر ناوی "ژنان قورسایی بە جووڵانەوە دەبەخشن" بڵاو کرایەوە. لەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا و لە ٨٠ ساڵەی دەرچوونیدا، سەد و چلەمین ژمارەی وێستگە بڵاو دەکرێتەوە. لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا وێستگە هەوڵی داوە هەموو پرسە پێوەندیدارەکان بە ژنان و بەتایبەتیش نوێترین ڕووداو و پێشهاتەکان بخاتە بەر باس. لە یاسا دژەمرۆییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، هەتا نارەزایەتییە جەماوەرییەکان و ڕووداوە مێژووسازەکانی شۆڕشی ژینا، قارەمانەتیی ژنان و کچانی نیشتمان وەک زارا محەممەدی و موژگان کاوسی و ژینا مودەڕس گورجی، هەتا قوربانیبوونی ژنان بە دەستی سیستەمی ئیدئۆلۆژیکی پیاوسالار و بە سەدان بابەتی دیکە.

لە هەموو وتارەکانی وێستگەدا هەوڵ دراوە وەک لە دیسکۆرسی حیزبی دێموکراتدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، باس لە پرسەکانی یەکسانی و دادپەروەری و پاراستنی کەرامەتی ژنان و ڕەچاوکردنی مافەکانیان وەکوو بەشێکی سەرەکی و گرنگ لە کۆمەڵگە بکرێتەوە. وێستگە هاوکات لەگەڵ باسکردن لە ئازارەکانی ژنان، هەوڵی داوە دڕ بە تارماییەکان بدات و زۆرجار بە دروستکردنی پرسیار بۆ خوێنەر، زیاتر بیخاتە نێو دەریای قووڵی زانینەوە.

"کوردستان" و "وێستگە" لەم ساڵانەدا هەوڵیان داوە، سەکۆیەک بۆ گەیاندنی دەنگی ژنان بن و بێگومان ئەم ئەرکە قورسە لە قۆناغەکانی دواتری خەباتیشدا هەر بەردەوامە و ئەوە دەخوازێ کە ژنانی ڕۆشنبیر و ئاگا و وشیاری کۆمەڵگە، "کوردستان" وەک پێگەیەک بۆ گەیاندنی دەنگی هەقبێژیی خۆیان بەرانبەر بە کۆمەڵگە ببینن.

# "کوردستان" و پرسی ئەدەب و هونەری بەرگری

## (شیکارییەکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و زمانەوانی)



بەهار حوسێنی



**پێشەکی: بۆچی «ئەدەبی بەرگری»؟**

لە توێژینەوە کۆمەڵایەتی و پۆستکۆلۆنیاڵەکاندا، ئەدەبی بەرگری بەجۆرێک لە دەق دەوترێت کە لە دۆخی نائاسایی و نایەکسانیدا دروست دەبێت و ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری و چاوکراوەیی کۆمەڵگەیە و زمان تێیدا دەبێت بە مەیدانی شەڕ و بەرەنگاری و بەگژداچوونەوەی ستەم. ئەدەبی بەرگری، وێڕای دێرین بوونی لە مێژووی کورددا، لە مێژووی هاوچەرخ و بەتایبەتی لە دۆخی پاش هاتنەئارای خەباتی دژەکۆلۆنیالیستیدا زیاتر پەرەی سەندووە. نێوئاخنی ئەم جۆرە لە ئەدەبیات تەژییە لە دەروەستی و هەڵوێستی مرۆڤ لە پرۆسەی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەرانبەر بە تەوژمی خۆبەدەستەوەدان و هەڕەشە بۆ سەر شوناسی کولتووری و خاک و کەرامەتی مرۆیی.

ئەم لقە لە ئەدەبیات، هەڵگری بەرخۆدانی بەدەقکراو لەهەمبەر دوژمنکاریی دوژمنانەیە و خۆڕاگری و گیانبازیی نەتەوەیەک بۆ پێشگرتن بە زاڵبوونی بێگانە و داگیرکەر دەباتە نێو جیهانی زەینی تاکەکانی نەتەوە و هەوڵ دەدات لە ڕێگای وێنەی هزری و وێنای هونەرییەوە، ڕۆحی جەنگاوەری و تێڕوانینی خەباتگێڕانە و بەرخۆدانی نەتەوەیی لە بەرانبەر دوژمندا ڕاچڵەکێنێت. ئەدەبیاتی بەرگری، لە هەلومەرجێکدا سەر هەڵدەدات کە دوژمنێکی داگیرکەر بە شەڕ و کاولکاری، بۆ سڕینەوەی گەلێک و سەپاندنی هەژموون و باڵادەستیی هەمەلایەنەی خۆی هەوڵ دەدات. لە ڕاستیدا ئەو جۆرە لە ئەدەبیات، دژی داگیرکاری و لەقاودەری خۆبەدەستەوەدان و بندەستییە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە چاخی مۆدێرندا، ئەم لقە لە ئەدەبیات زۆرجار لە ڕێگەی ڕۆژنامە سیاسییەکانی زمانحاڵی حیزب و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی نێو بزووتنەوەی کوردەوە گەشەی کردوە، چونکە ئەو ژانرە لە ڕۆژنامەگەری یەکەم شوێنی بڵاوکردنەوەی وشەی کوردیی فەرمی و هاندانی هزری باوەڕبەخۆبوونی کۆمەڵگە بووە. لێرەدا، ڕۆژنامەی "کوردستان" وەکوو یەکێک لە پێشەنگەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی کە هەر لە سەرەتاوە وەکوو زمانحاڵی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان دەرکەوتووە، دەکەوێتە ناوەندی سەرنج و چەقی لێکدانەوەکانی ئەم بابەتە.

**ڕۆژنامەی کوردستان و دروستکردنی "کۆمەڵگەی خوێنەر"**

یەکێک لە شیکارییە بنچینەیی و زۆرجار پشتگوێخراوەکان لە توێژینەوەکانی پەیوەندیدار بە ڕاگەیاندنی کوردیدا، ئەوەیە کە ڕۆژنامەی کوردستان تەنیا دەقی ئەدەبی، سیاسی و ڕاگەیاندنی بەرهەم نەهێنا، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەردەوام و سیستەماتیک خوێنەری خۆی دروست کرد. مەبەست لەم وتەیە دروستکردنی خوێنەر بە واتای فیزیکی یان لە ڕووی چەندایەتییەوە نیە، بەڵکوو دروستکردنی شێوازی خوێندن، تێگەیشتن و هەڵوێستی خوێنەرە؛ خوێنەرێک کە فێری خوێندنی دەقی درێژ، قووڵ و هزری بوو، توانای پەیوەندیدانی ئەدەب، سیاسەت و کۆمەڵگە تێیدا پەرەی سەند و زمانی کوردیی نووسراو و پاراوی وەک زمانێکی فەرمی و پێوەر وەرگرت. لە قۆناغەکانی سەرکوت، قەدەغە و ئاوارەییدا، خوێندنی ڕۆژنامەی کوردستان تەنیا کردار یان ڕووتینێکی ڕۆژانەی میدیایی نەبوو، بەڵکوو بوو بە کردارێکی نەتەوەیی و شێوەیەک لە بەرگریی کولتووری؛ دەق و هەواڵ و وتارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە زۆرجار بە شێوەی نهێنی خوێندرانەوە و دەستخستن و خوێندنەوەیان هەڵگری ڕیسکی ئەمنی و تێچووی گیانی بوو، لە وەها هەلومەرجێکدا دەقەکانی لەنێو کۆڕ و کۆمەڵەکاندا باس دەکران و دەگوازرانەوە، و بەم شێوەیە ڕۆژنامەکە ناوەندی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی و هزریی دروست کرد. ئەم پرۆسەیە یارمەتیدەری دروستکردنی خوێنەرێکی وشیار، زمانزان و ڕەخنەگر بوو کە وشە و زمان وەک ئامرازێکی بەرگری و پاراستنی نەتەوەیی دەبینێت، نەک تەنیا وەک ئامرازێکی گواستنەوەی هەواڵ؛ بەم مانایە، ڕۆژنامەی کوردستان لە ئاستێکی قووڵتر لە بڵاوکردنەوەی دەق، بەشێک بوو لە دروستکردنی وشیاریی کۆمەڵگە و پەرەپێدانی ئەدەبی بەرگری لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، خوێنەری ڕۆژنامەکە فێری خوێندنی دەقی درێژ، هزری و ئەدەبی بوو، دەقێک کە ئەدەب تێیدا لە هەواڵ جیا نەبوو، بەڵکوو بەشێک بوو لە تێگەیشتن لە سیاسەت. ئەمە خوێنەرێکی دروست کرد کە وشەی نەتەوەیی وەک هێز دەبینێت، بەم شێوەیە، ئەدەبی بەرگری لە ڕۆژنامەی کوردستاندا تەنیا بڵاو نەکرایەوە، بەڵکوو خوێنرا، تێگەیشترا و بەکار هێنرا.

**قۆناغەکانی ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڕانی شێوازی ئەدەبی بەرگری:**

١. قۆناغی شۆڕش و دامەزراندن لە ڕۆژنامەی کوردستان: نووسەر، هۆنراوە و دروستکردنی وشیاریی نەتەوەیی لە قۆناغی شۆڕش و دامەزراندندا، ڕۆژنامەی کوردستان بوو بە یەکێک لە گرنگترین ناوەندەکانی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ئەدەبی بەرگری لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. لەم قۆناغەدا، ئەدەب و هونەر لە سنووری دەربڕینی تایبەتی یان جوانکاریی زمانەوە تێپەڕیبوو و ببوو بە ئامرازێکی ڕاستەوخۆی بانگەواز، وشیارکردنەوە و ڕێکخستنی بیری نەتەوەیی. ئەم ڕۆڵە لە ڕێگەی وتار و هۆنراوەکانەوە، بە تایبەتی بە دەستی شاعیران و نووسەرانی ناسراوی کورد، بە شێوەیەکی بەردەوام جێبەجێ کرا. لە نێوان شاعیرانی ئەم قۆناغەدا، ناوی مامۆستا دڵدار بە شێوەیەکی دیار بەردەوام لە نێوئاخنی نیشتمانی و بەرگریی ڕۆژنامەکەدا هاتووە. هۆنراوەکانی ئەو، کە تێیدا وشەکانی وەک «نیشتمان»، «ئازادی» و «قوربانی» دووپاتە دەبنەوە، نموونەیەکی ڕوونن لەو شێوازەی کە هۆنراوە لە قۆناغی شۆڕشدا دەگۆڕدرێت بۆ دەنگی گشتیی خەبات.

ئەم جۆرە لە دووپاتەکردنەوەی وشەکان تەنیا تەکنیکی هونەری نیە، بەڵکوو شێوازێکی وشیارکەرەوەیە بۆ دروستکردنی هزر و بیرکردنەوەی هاوبەش لەنێو خوێنەراندا. هەروەها قانیع و هێمن موکریانی لەو شاعیرانەن کە هۆنراوەکانیان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە خەباتی نەتەوەیی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەبوو. هێمن، بەتایبەتی، لە هۆنراوەکانی خۆیدا زمانێکی نزیک لە قسەی ڕۆژانە و هەست و ئازارە کۆمەڵایەتییەکانی بەکار دەهێنا، ئەمەش وای کرد هۆنراوەکانی تەنیا لە سنووری خوێنەری دەستەبژێردا نەمێننەوە، بەڵکوو ببنە بەشێک لە گوتاری گشتیی کۆمەڵگە. لەم شێوازەدا، هۆنراوە دەگۆڕدرێت بۆ «دەقی خوێندراوە»، دەقێک کە دەخوێنرێتەوە، دەگوازرێتەوە و دەبێتە بەشێک لە ژیان. لە ڕوانگەی نووسینی هزری و سیاسییەوە، نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان زۆرجار بە ناوی ڕاستەقینە یان ناوی خوازراوەوە هەوڵیان دەدا چەمکە بنچینەییەکانی شۆڕش و دامەزراندن وەک «مافی نەتەوەکان»، «خۆبەختکردن»، «یەکگرتوویی» و «بەرپرسیارێتیی ڕووناکبیری» بەشێوەیەکی فێرکاری و ڕێنماییکارانە پێناسە بکەن. ئەم وتارانە، کە زمانێکی کوردیی پاراو و فەرمییان بەکار دەهێنا، تەنیا پەیامیان نەدەگواستەوە، بەڵکوو خوێنەریان فێری شێوازی بیرکردنەوە و گرتنی هەڵوێستی سیاسی دەکرد. بەم پێیە، وتار لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ببووە ئامرازێکی پەروەردەی هزری. نموونەی ئەم کاریگەرییە لە کۆمەڵگەدا زۆر ڕوونە. لە زۆر شوێندا، هۆنراوە و وتارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لە کۆبوونەوە نهێنییەکاندا دەخوێندرانەوە، لەنێوان گەنجاندا دەگوازرانەوە و بەشێوەی دەنگی و خوێندنەوە بڵاو دەبوونەوە. ئەمە واتای ئەوەیە کە دەق لە سنووری لاپەڕەی چاپکراو تێپەڕیبوو و ببووە کردارێکی کۆمەڵایەتی؛ وشە ببووە هەنگاو، و خوێندن ببووە بەشداربوون. بەم شێوەیە، قۆناغی شۆڕش و دامەزراندن لە مێژووی ڕۆژنامەی کوردستاندا قۆناغێک بوو کە تێیدا شاعیر و نووسەر و خوێنەر لە یەک پرۆسەدا کۆ دەبوونەوە. ئەدەب لەم قۆناغەدا نەک هەر ئامرازێکی دەربڕینی هونەری، بەڵکوو بنچینەی دروستکردنی وشیاریی نەتەوەیی و ڕێکخستنی هزر و بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانەش بوو؛ و ئەمەش وای کرد ڕۆژنامەی کوردستان ببێتە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئەدەبی بەرگری لە مێژووی نووسراوی کورددا.

**٢. قۆناغی سەرکوت (دوای ١٩٤٧): نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستان لە دۆخی قەدەغە و دەرەوەی نیشتمان:**

قۆناغی سەرکوت لە مێژووی ڕۆژنامەی کوردستاندا بە شێوەیەکی ڕوون لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٧ دەست پێدەکات، ئەو قۆناغەی کە تێیدا هەموو دامەزراوە سیاسی و ڕاگەیاندنییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات تووشی قەدەغە و سەرکوتی توند بوون. لەم ماوەیەدا، نەدەتوانرا ڕۆژنامەی کوردستان لە نێوخۆی نیشتمان بە شێوەی ئاشکرا چاپ و بڵاو بکرێتەوە، بۆیە چاپکردنەکەی گوازرایەوە بۆ دەرەوە، بە تایبەتی بۆ ناوچەکانی کوردستانی باشوور و دواتر بۆ شوێنە جیاوازەکانی دەرەوەی وڵات، لە دۆخی ئاوارەیی و دوورەوڵاتیدا. ئەم گۆڕانکارییە لە شوێنی چاپ و دۆخی کارکردندا، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر نێوەڕۆکی ڕۆژنامەکە؛ هەواڵی ڕاستەوخۆی نێوخۆیی کەمتر بوون، بەڵام لەبری ئەوەدا نێوەڕۆکی هزری، ئەدەبی و زمانەوانی فراوانتر بوو، و ڕۆژنامەکە زیاتر بوو بە ناوەندی پاراستن و بەردەوامیی ناسنامەی کوردی. لەم قۆناغەدا، نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستان بە شێوەیەکی دیار ناڕاستەوخۆتر بوو. هۆنراوەکان و دەقە ئەدەبییەکان بە تایبەتی ئەوانەی کە بە ناوی شاعیرانی وەک هێمن موکریانی، هەژار و قانیع بڵاو دەبوونەوە، زۆرجار بە هێما و وێنەی سروشتی نووسراون، بۆ ئەوەی پەیامی بەرگری و خەبات لەژێر دۆخی سەرکوتدا بپارێزرێت.

لە هەمان کاتدا، وتارە هزری و زمانەوانییەکانیش شوێنێکی گرنگیان لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەدا گرت، کە تێیدا باس لە گرنگیی پاراستنی زمان، نووسین و ئەدەب لە دۆخی قەدەغەدا دەکرا. ئەم جۆرە نێوەڕۆکە نەک نیشانەی دوورکەوتنەوە لە خەباتی سیاسی، بەڵکوو هەڵگری ستراتیژییەک لە نێوئاخنیدا بوو بۆ بەردەوام بوونی پەیام و دروستکردنی خوێنەرێکی وشیار کە بتوانێت دەق بخوێنێتەوە، لە واتا تێبگات و پەیوەندییەکانی نێوان وشە و دۆخی مێژوویی دەرک بکات. بەم مانایە، ڕۆژنامەی کوردستان لە قۆناغی سەرکوتدا، هەرچەندە لە دەرەوەی نیشتمان چاپ دەبوو و لە دۆخی سنووردارردا، بەڵام نێوەڕۆکی دەقەکانی قووڵتر، ستراتیژیکتر و مانادارتر بوو، و توانای ئەوەی هەبوو کە بەردەوامیی ئەدەبی بەرگری و وشیاریی نەتەوەیی بپارێزێت.

**٣. قۆناغی نوێبوونەوە: گۆڕانی نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستان و بەراوەردی لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوو:**

لە دەیەی ١٩٩٠وە تا ئێستا، ڕۆژنامەی کوردستان چووەتە قۆناغێکی نوێ کە تێیدا نێوەڕۆک، شێوازی نووسین و ڕێکخستنی لاپەڕەکان گۆڕانکارییەکی بنچینەیی تێدا ڕووی داوە. ئەگەر لە قۆناغی شۆڕشدا نێوەڕۆک زیاتر هەڵگری بانگەواز و ڕێنمایی ڕاستەوخۆ بوو، و لە قۆناغی سەرکوتدا گۆڕابوو بۆ شێوازێکی هێمایی و ناڕاستەوخۆ بۆ پاراستنی پەیام، لە قۆناغی نوێبوونەوەدا ڕۆژنامەی کوردستان هەوڵی یەکخستنی ئەم دوو ئەزموونەی دا و نێوەڕۆکەکەی بردە ئاستێکی شیکاری، ڕەخنەیی و توێژینەوەیی. لەم ماوەیەدا، ڕۆژنامەکە هێشتا لە دەرەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات چاپ دەبوو، بەڵام نێوەڕۆکەکەی بەشێوەیەکی دیار پەیوەندیدار بوو بە پێداویستییەکانی نێوخۆ و پرسی گشتیی کۆمەڵگەی کوردستانی ڕۆژهەڵات. لە ڕوانگەی ڕێکخستنی نێوەڕۆکەوە، قۆناغی نوێبوونەوە ناسراوە بە دروستکردنی ستوون و بابەتی دیاریکراو کە تێیدا بابەتە سیاسییەکان تەنیا لە شێوەی هەواڵ یان ڕاگەیاندن نەبوون، بەڵکوو بە شێوازی شیکاری و ڕەخنەیی باس دەکران. هەروەها، بابەتە هزری، مێژوویی، ئەدەبی و زمانەوانییەکان شوێنێکی دیاریان لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەدا گرت، کە ئەمە جیاوازییەکی ڕوونە لەگەڵ قۆناغی سەرکوت، کە تێیدا نێوەڕۆک زۆرجار ناچار بوو بە زمانی ئاماژە و دووماناییەتی قسە بکات. لە قۆناغی نوێدا، هەرچەندە هێشتا هێما و ئاماژە بەکار دەهێنرێت، بەڵام بە شێوەیەکی وشیارتر و بۆ مەبەستی ڕەخنە و شیکردنەوە، نەک تەنیا بۆ پاراستن.

لە بوارە ئەدەبییەکاندا، ڕۆژنامەی کوردستان لە قۆناغی نوێبوونەوەدا شوێنێکی تایبەتی بۆ دەقە ئەدەبییەکان هێشتەوە، بەڵام ئەم دەقانە زۆرجار شێوازی ئەزموونگرایانە و ڕەخنەییان هەیە. ئەگەر لە قۆناغی شۆڕشدا هۆنراوە و دەقی ئەدەبی زۆرتر دەنگی گشتیی خەبات بوون، و لە قۆناغی سەرکوتدا بوونەتە ئامرازی پاراستنی پەیام لەژێر گوشاردا، لە قۆناغی نوێدا ئەدەب لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بوو بە بوارێک بۆ بیرکردنەوە، بەراوەردکردنی ئەزموونی ڕابردوو و پرسیاری ڕەخنەیی لەمەڕ ئێستا و داهاتوو.

لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، قۆناغی نوێبوونەوە بەردەوامیی ئەو ئەرکە پیشان دەدات کە ڕۆژنامەی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنەوە هەیبوو:

پەرەپێدانی زمانێکی کوردیی نووسراو، پاراو و ستاندارد. بەڵام ئەم ئەرکە کە لە قۆناغەکانی پێشوودا، زۆرجار بە شێوازی فێرکاری جێبەجێ دەکرا، لە قۆناغی نوێدا بە شێوەیەکی سیستەماتیک، لە ڕێگەی یەکخستنی شێوازی نووسین، ڕێنووس،

**وتار لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ببووە ئامرازێکی پەروەردەی هزری. نموونەی ئەم کاریگەرییە لە کۆمەڵگەدا زۆر ڕوونە. لە زۆر شوێندا، هۆنراوە و وتارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لە کۆبوونەوە نهێنییەکاندا دەخوێندرانەوە، لەنێوان گەنجاندا دەگوازرانەوە و بەشێوەی دەنگی و خوێندنەوە بڵاو دەبوونەوە**

**لە نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستاندا، هونەری بەرگری بەشێوەیەکی تیئۆریک لەسەر بنەمای «گۆڕینی چەمک» دامەزرابوو. بەرگری لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا واتای ڕاپەڕین و تێکۆشان بوو، بەڵام بەهۆی سەرکوت و قەدەغەبوون، ئەم چەمکە ناچار بوو بگۆڕدرێت بۆ بوارێکی هونەری و زمانەوانی**

وشەسازی و بەکارهێنانی دەستەواژەی گونجاو بۆ چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نوێکانەوە جێبەجێ دەکرێت.

بەم مانایە، قۆناغی نوێبوونەوە لە مێژووی نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستاندا قۆناغی تێکەڵبوونی ئەزموونەکانە: ئەزموونی بانگەوازی ڕاستەوخۆی قۆناغی شۆڕش، ئەزموونی قووڵ و هێماییی قۆناغی سەرکوت، و پێداویستییەکانی ڕەخنە و توێژینەوەی سەردەمی نوێ. ئەم تێکەڵبوونە وای کرد ڕۆژنامەی کوردستان نەک تەنیا وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندن، بەڵکوو وەک ناوەندی بیرکردنەوە، شیکاری و دروستکردنی خوێنەری وشیار و فێرکراو بەردەوام بمێنێتەوە.

**دەق و هۆنراوە و دروستکردنی دەسەڵاتی وشە لە نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستان:**

لە نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستاندا، دەق و هۆنراوە تەنیا وەک شێوەیەکی ئەدەبی بۆ دەربڕینی هەست یان جوانکاریی زمان نەهاتوونەتە پێشەوە، بەڵکوو وەک ئامرازێکی هزری بۆ دروستکردنی جۆرێکی تایبەت لە «دەسەڵاتی وشە» بەکار هێنراون. هۆنراوەکان بەتایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا وشەیان کردە ناونان؛ ناونانی نیشتمان، ناونانی دوژمن، ناونانی خەبات و ناونانی ئەو سنوورە واتاییانەی کە خوێنەر تێیدا خۆی و جیهانی دەورووبەری دەبینێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، دەقە ئەدەبییەکان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا، تەنیا جیهان وێنا ناکەن، بەڵکوو جیهان «ڕێک دەخەن»؛ ئەوە دەسەڵاتی وشەیە.

لە قۆناغی سەرکوتدا، کاتێک کە وشەی ڕاستەوخۆ قەدەغە بوو، هۆنراوەکان گواستنەوەی ئەم دەسەڵاتەیان بۆ ئاستێکی قووڵتر وەئەستۆ گرت. وشە لێرەدا بە هێما و وێنەی سروشتی تەیار کرا: شاخ، با، زوقم، شەو، خۆر، خوێن، بەهار؛ بەڵام ئەم وێنانە نەبوونە وێنەی جوانکاری، بەڵکوو بوون بە کۆدێکی مانایی کە خوێنەری ڕۆژنامەی کوردستان فێری خوێندنەوەیان بوو. بەم شێوەیە، دەق و هۆنراوە نەک تەنیا پەیامی شۆڕشی پاراست، بەڵکوو «خوێنەری خاوەن توانا»ی دروست کرد؛ خوێنەرێک کە بتوانێ لە نێوان هێڵەکاندا بخوێنێتەوە و لەژێر وشەکاندا مانا بدۆزێتەوە. ئەمە گرنگترین شێوەی کارکردنی دەسەڵاتی وشەیە: دروستکردنی شێوازی تێگەیشتن، نەک بە تەنیا گواستنەوەی زانیاری.

لە قۆناغی نوێبوونەوەدا، هۆنراوە و دەق لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا چوونە ئاستێکی شیکاریتر. ئەمجارە وشە تەنیا بەرگری ناکات، بەڵکوو خۆی دەخاتە ژێر پرسیاریش. دەقەکان دەست دەکەن بە بەراوەردکردنی مێژوو، گوتاری خەبات و ئەو چەمکانەی کە لە قۆناغەکانی پێشوودا وەک «پیرۆز» و «پرسیارهەڵنەگر» ناسراون. بەم شێوەیە، هۆنراوە بوو بە شوێنێک بۆ ڕەخنەی ناوەکی، و وشە بوو بە ئامرازێک نەک تەنیا بۆ دروستکردنی دەسەڵات، بەڵکوو بۆ سنووردارکردن و ڕێکخستنی ئەو دەسەڵاتەش. ئەمە نیشانەی گەیشتنی دەق بە قۆناغی پێگەیشتوویی هزرییە، کە تێیدا ئەدەب خزمەتگوزاری گوتار نیە، بەڵکوو بەشێکە لە دروستکردنی گوتار. بەم واتایە، پەیوەندیی نێوان شاعیران، دەق و هۆنراوە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی دەسەڵاتە؛ دەسەڵاتی وشەیە کە جیهان دەناسێنێت، مێژوو ڕێک دەخات و خوێنەر فێری شێوازی بیرکردنەوە دەکات. ئەم دەسەڵاتە لە دەرەوەی دەقەکەوە نایەت، بەڵکوو لەناو شێوازی نووسیندا، هێما و ئەو پەیوەندییە قووڵەی نێوان وشە و خوێنەر دروست دەکات. لەو سۆنگەوەیشەوەیە کە ڕۆژنامەی کوردستان توانیویەتی نەک هەر دەق دروست بکات، بەڵکوو کولتوورێکی خوێندنەوە و دەسەڵاتێکی وشەیی بەردەوام دروست بکات.

**هونەر و بەرگری: چوارچێوەیەکی تیۆریک بۆ تێگەیشتن لە نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستان**

هونەری بەرگری نابێ تەنیا وەک وڵامێکی هەستیار یان چالاکییەکی ڕاستەوخۆی دژایەتیی دەسەڵات تێبینی بکرێت؛ بەڵکوو پێویستە وەک پرۆسەیەکی ماناساز، گوتارساز و خوێنەرساز ببیندرێ. لەم چوارچێوەیەدا، هونەر نەک ئامرازێکی دەرەکی بۆ بەرگری، بەڵکوو خودی بەرگرییە، چونکە لە ڕێگەی زمان، وێنە و شێوازی دەربڕینەوە، سنووری ئەوە دیاری دەکات کە چی دەوترێت، چۆن دەوترێت و چی لە بیر دەمێنێتەوە. بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوەیە کە ڕۆژنامەی کوردستان توانیویە هونەری بەرگری لە ئاستی بانگەوازدا بەرز بکاتەوە بۆ ئاستی گوتارێکی بەردەوام.

لە نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستاندا، هونەری بەرگری بەشێوەیەکی تیئۆریک لەسەر بنەمای «گۆڕینی چەمک» دامەزرابوو. بەرگری لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا واتای ڕاپەڕین و تێکۆشان بوو، بەڵام بەهۆی سەرکوت و قەدەغەبوون، ئەم چەمکە ناچار بوو بگۆڕدرێت بۆ بوارێکی هونەری و زمانەوانی. لێرەدا هونەر ئەرکێکی گرنگی وەئەستۆ گرت: مانای بەرگریی سەرلەنوێ دارشتەوە، بەشێوەیەک کە مانەوە، یاد، زمان و توانای وتنی وشە بۆ خۆیان بوونە بەرگری. ئەمە پێشکەشکردنی بەرگرییەکی «نەرمی هزری» بوو، کە لە ڕوانگەی تیئۆریکەوە، دەتوانرێت وەک شێوەیەک لە هێزی کولتووری بخوێنرێتەوە.

لە چوارچێوەی هونەر و بەرگریدا، گرنگترین ئامراز نەک بە تەنیا دەقەکە، بەڵکوو پەیوەندیی نێوان دەق و خوێنەرە. لە ڕۆژنامەی کوردستاندا خوێنەر تەنیا وەرگر و بەردەنگ نیە، بەڵکوو هاوبەشە لە دروستکردنی واتادا. هێماییبوون، ناڕاستەوخۆیی و گۆڕینی مانای وشەکان خوێنەر ناچار دەکەن بەشداریی پرۆسەی ماناسازی بکات. بەم شێوەیە، هونەر بووە فێرکارییەکی بەرگری؛ فێرکردنی خوێنەر بۆ ئەوەی بتوانێت دەق بخوێنێتەوە، گوتار تێکبشکێنێت و لەژێر دەسەڵاتی وشە باوەکانەدا قەتیس نەمێنێت. ئەمە بەراوەردێکی ڕوونە لەگەڵ قۆناغی شۆڕش، کە تێیدا خوێنەر زۆرتر شوێنکەوتووی بانگەواز بوو.

لە قۆناغی نوێبوونەوەدا، هونەری بەرگری لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چووەتە قۆناغێکی مێتاهونەری؛ واتا هونەر خۆی بۆتە بابەتی ڕەخنە. دەقەکان نەک تەنیا بەرگری دەکەن، بەڵکوو پرسیار لە شێوازی بەرگری دەکەن: بەرگری چییە؟ سنوورەکانی چین؟ چ کاتێک دەبێ وشە بەرگری بکات و چ کاتێک دەبێ خامۆش بێت؟ لەم ئاستەدا، هونەری بەرگری لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بوو بە ئامرازێک بۆ ڕێکخستنی وشیارییەکی نوێ؛ وشیارییەک کە لە بەرگری نەک وەک کردەیەکی تەنیا سیاسی، بەڵکوو وەک شێوازی ژیان، شێوازی بیرکردنەوە و شێوازی خوێندنەوە تێدەگات.

بەم چوارچێوەیە، ڕۆژنامەی کوردستان توانیویە هونەر و بەرگری تێکەڵ بکات، بە شێوەیەک کە هونەر ببێتە شوێنی دروستکردنی مانا و بەرگری ببێتە شێوازی پاراستنی ئەو مانایە. ئەم تێکەڵبوونە وای کردوە کە نێوەڕۆکی ڕۆژنامەکە نەک هەر بەردەوامی خەبات پارێزێت، بەڵکوو ئەو خەباتە لە ئاستی زمان، بیر و گوتاردا نوێ بکاتەوە.

**زمان؛ مەیدانی شەڕی سەرەکی لە نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستاندا:**

لە نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستاندا، زمان تەنیا ئامرازێکی گواستنەوەی زانیاری نیە، بەڵکوو مەیدانی سەرەکیی شەڕە؛ شەڕێک لەسەر مانا، ناونان و دیاریکردنی ئەوەی چی دەوترێت و چی دەگۆڕدرێت. لەم ڕوانگەیەوە، شەڕی کوردستان لە ڕۆژنامەکەدا پێش ئەزموونی چەک و سیاسەت، شەڕێکی زمانەوانییە: شەڕ لەسەر ئەوەی زمانی کوردی بتوانێ بوونی خۆی بنووسێت، مێژووی خۆی ناو بنێت و جیهانی خۆی بە وشە ڕێک بخات. ڕۆژنامەی کوردستان لەم مەیدانەدا بووەتە شوێنی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی توانای زمان، نەک تەنیا بۆ دەربڕینی بەرگری، بەڵکوو بۆ خودی بەرگری.

لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا، کاتێک زمانێکی ستانداردی کوردی نەبوو و نووسین لەژێر کاریگەریی زمانە دەسەڵاتدارەکاندا بوو، ڕۆژنامەی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چووە ناو شەڕێکی زمانەوانی: شەڕ لەسەر ڕێنووس، وشەسازی و دیاریکردنی ئەوەی کام شێوەی زمان شایستەی نووسین و چاپە. لەم قۆناغەدا، هەر دەقێک کە بە زمانی کوردی چاپ دەبوو، خۆی کردە کردەیەکی بەرگری، چونکە بوونی زمان لەسەر پەڕەی چاپ، بۆ خۆی وەک خەباتێکی سیاسی و کولتووریی ڕادیکاڵ کاری دەکرد. بەم شێوەیە، زمان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بووەتە مەیدانی شەڕی بوون.

لە قۆناغی سەرکوتدا، شێوازی ئەم شەڕە گۆڕانی بەسەردا هات. کاتێک کە زمانێکی ڕاستەوخۆ قەدەغە بوو، شەڕە زمانەوانییەکە چووە ناو مەیدانی ماناسازی و هێما. وشەکان دوو مانایان پەیدا کرد؛ هێماکان بوونە ئامرازێکی بەرگری؛ و خوێنەر فێر بوو لە زماندا شەڕ بکات، واتا بخوێنێتەوە، هەڵبگرێت و مانای ژێر دەق بدۆزێتەوە. لەم قۆناغەدا، زمان نەک تەنیا شەڕی دەسەڵاتی دەکرد، بەڵکوو خوێنەری فێری شەڕکردن دەکرد. ئەمەش شەڕێکی ڕۆشنگەرانە و وشیارکەرەوە بوو، نە تەنیا شەڕێکی گوتاری.

لە قۆناغی نوێبوونەوەدا، زمان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چووەتە ئاستێکی مێتازمانی؛ واتە خۆی بووەتە بابەتی شەڕ. دەقەکان دەست دەکەن بە ڕەخنە لە خودی زمان: وشەکان چۆن واتادار کراون؟ چەمکەکان چۆن بە مێژوویی کراون؟ کام زمان بەرگری دەکات و کام زمان دەسەڵات دروست دەکات؟ لەم ئاستەدا، شەڕی زمانەوانی بوو بە شەڕێکی هزری و گوتاری، کە تێیدا ڕۆژنامەی کوردستان خوێنەر ناچار دەکات خۆی لە مەیدانی شەڕدا ببینێت، نەک لە دەرەوەی.

بەم واتایە، زمان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نەک هۆکارێکی لاوەکی، بەڵکوو مەیدانی سەرەکیی خەباتە. ئەوەی کە زمان بتوانێ خۆی بنووسێتەوە، خۆی ڕێک بخات و خۆی سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە، لە خودی خۆیدا بردنەوەی شەڕێکە. ڕۆژنامەی کوردستان لە درێژایی مێژووی خۆیدا گۆڕەپانی ئەم شەڕەی بەردەوام بە گەرموگوڕی ڕاگرتووە و زمانی گەیاندووەتە ئاستێک کە نەک تەنیا دەنگی خەباتە، بەڵکوو مەیدانی خەباتیش.

**کۆتایی:**

ڕۆژنامەی کوردستان وەک دامەزراوەی بەرگری: لە کۆتایی ئەم شیکارییەدا، دەکرێ ڕۆژنامەی کوردستان نەک تەنیا وەک میدیایەکی سیاسی یان سەرچاوەی هەواڵ، بەڵکوو وەک دامەزراوەیەکی تەواو بۆ بەرگری لەبەرچاو بگرین؛ دامەزراوەیەک کە بەدرێژایی هەشتا ساڵی چاپ و دەرچوونی، توانای ئەوەی پیشان داوە کە بسەلمێنێ بازنەی خەبات لە چەک و سیاسەت بەرینترە و دەکرێ لە زمان، هونەر و بیرکردنەوە بکرێنە چەقی خەباتێکی قووڵ، فرەڕەهەند، شوێندانەر و گشتگیر.

ڕۆژنامەی کوردستان، نەک بەهۆی هێزی ماددی، بەڵکوو بەهۆی بەردەوامیی گوتار، ڕێکخستنی مانا و دروستکردنی کولتووری خوێندنەوەوە بووەتە جۆرێک لە دامەزراوەی بەرگری.

لە هەموو قۆناغە مێژووییەکاندا لە دامەزراندن و شۆڕش، لە سەرکوت و دەرەوەی نیشتمان، تا نوێبوونەوە و شیکاریی نوێ، ڕۆژنامەی کوردستان توانای ئەوەی هەبووە کە خۆی لەگەڵ هەموو دۆخەکان بگونجێنێت، بەڵام ئاڵوگۆڕ بەسەر نێوەڕۆکە بنچینەییەکانیدا نەیەت کە بریتین لە: پاراستنی زمان، بەردەوامیی بیر و دروستکردنی خوێنەرێکی وشیار. ئەمەیە ئەو خاڵەی کە ڕۆژنامەکە لە میدیایەکی ئاسایی جیا دەکاتەوە و دەیکاتە دامەزراوەیەکی بەرگری؛ چونکە دامەزراوەکان بە بەردەوامی و توانای دروستکردنی ڕێسای هزری ناسراون، نەک بە ژمارەی چاپ یان ماوەی دەرچوون.

ڕۆژنامەی کوردستان نەک تەنیا دەقی بەرگریی دروست کردوە، بەڵکوو سیستەمێکی بەرگریی دروست کردوە کە تێیدا زمان، هونەر، مێژوو و خوێنەر هاوکێشەن. وشە لەم سیستەمەدا ئامرازێکی لاوەکی نیە، بەڵکوو بنەمای کارکردنە؛ خوێنەر تەنیا وەرگر نیە، بەڵکوو بەشدارە؛ و هونەر نەک هەر جوانکارییە، بەڵکوو شێوازی مانەوە و بەرگرییشە.

بەم شێوەیە، ڕۆژنامەکە توانای ئەوەی هەبووە کە بەرگری سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە: بەرگری وەک پرۆسەیەکی بەردەوامی ماناسازی، نەک وەک ڕووداوێکی کاتی.

لە کۆتاییدا، ئەگەر بەرگری واتای پاراستنی بوون، بیر و توانای ناولێنان بێت، ڕۆژنامەی کوردستان یەکێکە لە سەرکەوتووترین ئەزموونەکانی ئەم جۆرە بەرگرییە لە مێژووی کورددا. ئەم ڕۆژنامەیە بەردەوام بوونی خۆی نەک بە هێزی دەرەکی، بەڵکوو بە هێزی وشە سەلماندووە؛ و لەم سۆنگەوەیە کە دەتوانین بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە بڵێین: ڕۆژنامەی کوردستان نەک تەنیا دەنگی بەرگری بوو، بەڵکوو دامەزراوەی بەرگری بوو.

دارسمە

دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# ئەو دیکتاتۆرانەی وەک لاستیکی ئۆتۆمبێل لووس دەبن

بابەتی "دیکتاتۆرگۆڕی" پێڤاژۆیەکە پێشتریش هەبووە، بەڵام بەندەی موخلیستان وەک شارەزای "کاروبار" یان "باروکار"ی سیاسی دۆزیومەتەوە و پێموایە حەوت مێشم لە خەلەفێکیدا هەڵناون. ئەم پێڤاژۆیە هەرچەندە زۆر زۆر کۆنە و "دیکتاتۆرگۆڕی" بە درێژایی مێژوو باو بووە، بەڵام ئەمەی ئێستا نوێترە.

ئەمەش بڵێین پێشترێ دیکتاتۆران خۆیان یەکتریان بە زەبری شەڕ جێگۆڕکێیان دەکرد و لەو لاوەش خەڵک بۆخۆیان پاڵیان دابۆوە و هیچ دەستیان لەم گۆڕینەدا نەبوو. بەڵام ئێستا وا نییە و بەشێک لە خەڵک بەشەکەی دیکە دەکەنە پردی پەڕینەوەی دیکتاتۆری خۆیان بۆ گەیشتن بە دەستەڵات.

"دیکتاتۆرگۆڕی" لەگەڵ "شۆڕش" یان "انقلاب" زۆر جیاوازە و تەنانەت لەگەڵ یەکتردا ناتەباشن. شۆڕش یان انقلاب بە مانا قووڵەکەی بە تایبەت بۆ ئێرانی ئەمڕۆ زۆر مەترسیدارە. لە شۆڕشدا بە گوێرەی پێناسە کلاسیکەکەی، بنەمای دەستەڵات و پێوەندییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بە قووڵی دەگۆڕێن. ئەمەش هەموو کاتێک و ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە ئێراندا جووڵەیەکی زۆر زۆر بڤە و مەترسیدارە.

ئەگەر شۆڕش پێوەندییە سیاسییەکان بگۆڕێت، بۆ نموونە ئەم ئێرانەی خۆمان تووشی فرەیی یان خوای نەخواستە "پلۆڕالیزم" دەبێت و ئەوکات هیچ بە دووری مەزانن ئەم فرەییە زیان بە "اتحاد مقدس ایران" بگەیەنێت. ئەدی ئەگەر دۆخی ئابووری ئاوەژوو بێتەوە چی دەقەومێت؟ ئەویان هەر باسی مەکە و هیچ بە دووری مەزانە خەڵکی برسی و هەژار تێر نان و برنج و گۆشت و میوە بخۆن و لە تێرییان چاویان لە "دولتمردان" و " اولیای امت" زەق بێتەوە. خۆ ئەگەر گۆڕان بە سەر دۆخی فەرهەنگیدا بێت، بە دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبان بە زمانی بەلووچی، ئازەری، کوردی و عەرەبی، "شکر فارسی" دەتوێتەوە.

بەڵام دیکتاتۆرگۆڕی شتێکی جیاوازە. دیکتاتۆرگۆڕی بریتییە لە پرۆسەیەکی تەسفیە و ئارایشتی سیاسیی و تەنانەت فەلسەفی، کە تێیدا دیکتاتۆرێکی کۆن بە دیکتاتۆرێکی نوێ دەگۆڕدرێت. ئەم پێڤاژۆیە لە کاتێکدا کۆنە لە مێژوودا هەزاران جار ڕووی داوە بۆ ئێستا پێڤاژۆیەکی مۆدێرنی داهێنەرانە پێشکەوتووە.

لە قۆناغی دیکتاتۆرگۆڕیدا، وڵات ئەوا بە قووڵی ناهەژێت و دەکرێت خەڵکی برسی هان بدرێن و دواتر ئەم خەڵکە برسییە هان دراوە پاش ئەوەی دەستەڵات لە نێوان دوو دیکتاتۆری پیرۆزدا ئەمدەست و ئەودەستی پێکرا، برسییەکان وەک خۆیان بە برسییەتی بمێننەوە و ئەم برسییەتییە بەردەوامەش وا دەکات ئەم خەڵکە وەک هەمیشە بۆ بەرنگاربوونەوەی دیکتاتۆری خوێنتاڵ ئامادە بن. ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە دیکتاتۆریش هەندێک جار خوێنی خۆی تاڵ دەکات، بەڵام "امت همیشه در صحنه" هەرگیز پیرۆزیی ئەم جۆرە دیکتاتۆرانە فەرامۆش ناکات. ئەم "امت همیشه در صحنه"یە هێندێک جار بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ دۆخەکەدا بگونجێنێت، ناوی دەگۆڕێت و بۆ وێنە دەبێتە" ملت شریف". "امت همیشه در صحنه" و "ملت شریف"یش دوو جیاوازیی بچووکیان هەیە، ئەوەی یەکەم پێی وایە دیکتاتۆر نوێنەری خوایە و ئەوەی دوویەمش دەڵێت دیکتاتۆر "سێبەری خوایە"، دەی ئەگەر وابێت دوژمنی هەرجۆرە دیکتاتۆرێک "مفسد فی الأرض"ـە.

لێکدانەوەی وشەی سەیر و سەمەرە:

**دیکتاتۆڕ**: ناوێکی ناوازەیە و ئەوانەی دەیڵێنەوە، دواکەوتوو و دژە شۆڕش و "جوداییخواز" یان باشتر بڵێین "تجزیه طلب"ن . لە ڕاستیدا خۆی پڕ بە پێستی پاشا و "رهبر معظم"ـە.

پلۆڕالیزم: زاوزێیەکی تۆقێنەرە و پاشا و "رهبر معظم" بێزار دەکات.

**تجزیه طلب**: بە کۆمەڵە کەسێک دەگوترێت لە گەمەکردن لەگەڵ کۆمەڵێکی گەورەتردا بێزار بوونە و دەیانهەوێت بە جیا خۆیان چوارچێوەیەک بۆ گەمەی خۆیان دیاری بکەن.

دولتمردان: ئەو نێرینانەن پێیان وایە لە تەمەنی خەرفان و نەخۆشی و سەرەمەرگیشدا مافی خۆیانە شانی شل و شەوێقیان بدەنە بەر دەستەڵات.

**"اولیای امت"**: ئەولیای ئۆمەت کسانێکن بۆ درشت و ورد و ژن و پیاو وەک باوکن بۆیان هەیە شەپشەپێن بە ئۆمەتی خۆیان بکەن.

**دیکتاتۆرگۆڕی**: شتێکە وەک گۆڕینی لاستیکی ئۆتۆمبێل. کاتێک دیکتاتۆر چ شا بێت، چ ئاخوند، ئەگەر زۆر لووس بوو و لە سەر زەوی توشی خوشین هات یان ترسی ئەوەی لێکرا کۆن بێت و بای بدەڵێنێت، دەگۆڕدرێت.

**"امت همیشه درصحنه"**: ئوممەتێکی چاولەدەستە و دوای چەند ساڵان تێدەگات ئەو کاتەی گوتوویە "رهبر محبوب خلق از سفر آید"، چ ناماقووڵییەکی گەورەی کردووە.

**"ملت شریف"**: ئەم میللەتەش میلەتێکە دوای ئەوەی لە پشتگیری کردنی "رهبر محبوب خلق" پەشیمان بۆوە و زانی چ قوڕێکی کردووە بە سەریا، قوڕێکی دیکە بۆخۆی دەگرێتەوە و هەتا قوڕگی دەبات هاوار دەکات: "رضا شاه روحت شاد".

**مفسد فی الأرض**: وەک بەندەی موخلیستان لایەنگری شۆڕش و دژی "دیکتاتۆرگۆڕی"یە و بۆنێکی لێوە دێت لووتی "دیکتاتۆرگۆڕان" ئازار دەدات.

# بەرەژانی نوێبوونەوەی "کوردستان"

قادر وریا




**بەرایی: تەمەنێک لەگەڵ "کوردستان"دا**

بۆخۆشم زەحمەتە بە دیاریکراوی بڵێم چەند ساڵ یان چەند دەیە لەگەڵ ڕۆژنامەی"کوردستان"دا ژیاوم، چونکە تەنیا سەرەتاکەی دیارە و کۆتاییەکەی هێشتا نەهاتووە، لەوانەیە هەتا دەشمرم هەر نەیەت. لە ڕەشەمەی ١٣٦٦ەوە (مارسی ١٩٨٨) کاتێک ژمارە ١٣٥ی "کوردستان" ئامادە دەکرا، هاوکاریی من لەگەڵ "کوردستان" دەستی پێکرد، سەرەتا وەک هەڵەچن و وەرگێڕ؛ بەڵام هەر لە دەسپێکەوە بە نووسین تێیدا بەشدار بووم، بە جۆرێک کە هەر لە یەکەم مانگەکانەوە، شانازیی ئەندامەتیی دەستەی نووسەرانی "کوردستان"م پێ برا، ئەویش لەژێر سەرپەرستی و ڕێنوێنیی دوو سیمای دیار و بەتوانای بواری نووسین و دارشتنی ئەدەبیاتی سیاسیی حیزب، د.سادق شەرەفکەندی و مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادەدا.

ساڵان هاتن و چوون، دەتگوت مانەوە لەم ڕۆژنامەیەدا لە نێوچاوانم نووسراوە. بۆخۆشم بەهۆی خۆشەویستیی نووسین و بەختیاریی خۆ دیتنەوە لە فێرگە و لەنێو کۆڕی کۆمەڵێک مرۆڤی تایبەتدا، گەیشتبوومە ئەو قەناعەتە کە دەبێت لە "کوردستان" بمێنمەوە، خەیاڵی دوورکەوتنەوە لێی، وەلا بنێم و پتر شان بدەمە بەر ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی. هێشتا سێ ساڵ تێوەرنەسوڕابوو و نەشببووم بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب، کە ئەرکی جێگریی بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیم کە بەکردەوە دەبووە بەڕێوەبەری نووسین و جێگری سەرنووسەریش، کەوتە ئەستۆ. سەرنجڕاکێش ئەوە بوو "سەرنووسەر"ەکان کە هەمان ئەندامانی دەفتەری سیاسیی دەستنیشانکراو بۆ بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی بوون، یەک بە دوای یەکدا دەهاتن و دەڕۆیشتن، ئەوەی هەر لەجێی خۆی و لە پۆستی خۆیدا دەمایەوە، من بووم.

لە ڕەشەمەی ١٣٦٦ەوە هەتا لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرماوەزی ١٣٨٥ (مارسی ١٩٨٨- دێسەمبری ٢٠٠٦) واتە لە ماوەی ١٩ ساڵدا ، شایەدی هاتن و چوونی پێنج کەس لە حەوت ئەندامانی دەفتەری سیاسی وەک بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "کوردستان" بووم کە بریتی بوون لە بەڕێزان: د.شەرەفکەندی، مامۆستا حەسەنزادە، کاک مستەفا هیجری، کاک حەسەن شەرەفی و کاک عەلی مێهرپەروەر. د.قاسملوو لە یەک ساڵ و سێ مانگی پێش شەهید بوونیدا چەند جار لەگەڵ نووسەرانی ڕادیۆ و بڵاوکراوەکانی حیزب (کوردستان و گۆڤاری تێکۆشەر) کۆبوونەوەی پێکهێنا و لەسەر "چۆن بنووسین؟" و "چی بنووسین؟" ڕێنوێنیی کردین، بەڵام بە داخەوە شانازی و شانسی ئەوەم نەبوو ئەو سەرنووسەری ڕۆژنامە و بەرپرسی کۆمیسیۆنەکەمان بێت و من وەک هاوکاری ڕاستەوخۆ لە خزمەتیدا بم.

لە دوای لەتبوونی حیزبی دێموکراتیشەوە هەتا نیوەی یەکەمی ٢٠١٣ (بۆ ماوەی نزیک بە ٧ ساڵ) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ (وەک بەرپرسی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان)، لە دوای ٢٠١٣ەوە هەتا ئەم ساڵانەی دواییش وەک ئەندامی دەستەی نووسەران لە خزمەت "کوردستان"دا بووم. بە کورتی ئەو کاتەش کە تێکۆشان و بەرپرسایەتیم لە ئۆرگان و بەشێکی دیکەی حیزبی دێموکرات بووە، هەموو کات بە نووسین و وەک کەسێکی هەموو کات ئامادە بۆ هاوکاری لەگەڵ هەر کام لە بەرپرسانی یەکەمی ئەم ساڵانەی دوایی ڕۆژنامەی "کوردستان" (هاوڕێیان عەوڵا بەهرامی، کوێستان فتووحی، سیامەک قەوی‌پەنجە، حەسەن شێخانی و عەلی بداغی)، لەخزمەت "کوردستان"دا ماومەوە. بەم جۆرە بەبێ ئەم چەند ساڵەی دوایییش بە لانی کەمەوە بە چڕی و دانەبڕاوی سی (٣٠) ساڵێک ڕابردووی کارو تێکۆشان و بەرپرسایەتیم لە "کوردستان"، یان هاوکاریی ڕۆژانە و نزیکم لەگەڵ ئەم ڕۆژنامەیەدا هەیە. لەم بارەیەوە لە حیزبی دێموکراتدا لەوانەیە هەتا ئێستا بێ ڕکابەربم!

لە ماوی ئەو سی و چەند ساڵەدا لەگەڵ دەیان هاوڕێ کە کاری ئامادەکردن و کاری تەکنیکیی ڕۆژنامەیان کردووە، هاوکار بووم. لە نێویاندا زۆر کەس هەبوون کە لە باری سیاسی، زمانەوانی، دارشتن، وەرگێران، نووسین و ڕۆژنامەنووسییەوە لێیان فێربووم، یان تێیاندا بووە هاوکاری دڵسۆز و ئەرکناس بوون و بە یارمەتی و هاوکاریی ئەوان توانیبووم شان بدەمە بەر بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" و چاپەمەنیی حیزب. هەمیشە بە ڕێز و ئەمەگناسییەوە یادی هەر دوو دەستەی ئەو مرۆڤانە دەکەمەوە.

بەم پێشەکییەوە چ وەک شایەتحاڵ، چ وەک بەرپرسایەتی و بەشدار بوون لە بەرهەمهێنانی زیاتر لە پێنج سەد ژمارەی "کوردستان"دا، بۆ خستنەڕووی باسێک کە لە مێژووی ئەم ڕۆژنامەیەدا هەتا ئێستا کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە؛ لەوانەیە کەسێکی گونجاو بم؛ ئەو باسەش هەوراز و لێژ و دژواریی کاژفڕێدان و نوێبوونەوە لە "کوردستان" لە مەودای ساڵانی ئاماژەپێکراودایە.

## "کوردستان" وەک بڵاوکراوەی ئۆرگان

"کوردستان" لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە من تێیدا ئەرک و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆرم لەسەر شان بووە، هەر وەک ئێستا، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکرات و تەنانەت ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەکەش بووە. ئۆرگانی حیزبێکی سیاسی بوون، جۆرێک ئەرکدارکردن و سنووردارکردنی ئەو ڕۆژنامەیەیە. هەر کەس بەرپرسایەتیی یەکەمی لەم جۆرە ڕۆژنامانەدا هەبێت، لە لایەک دەبێ لەو چوارچێوەیەدا کە ڕێبەریی حیزبەکەی بۆ ڕۆژنامەی ئۆرگان دیاریی کردووە، ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، لە لایەکی دیکەوە دەبێت سەرنج بداتە پێشنیاز و چاوەڕوانی و ویستی هاوکاران و خوێنەرانی ڕۆژنامەکەی و، هاوسەنگییەکی پێشڕەوانە و ڕوو لە پێشەوە لەنێوانیاندا دروست بکات.

"ئۆرگان" بوون و کولتووری جارانی حیزبایەتی لە ناوچەی ئێمە و هەلومەرجێک کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"ی تێدا بڵاو دەکردەوە، سەردەمێک جۆرێک چەقبەستوویی و نەگۆڕبوونی فۆرم و ناوەرۆک و پرەنسیپەکانی بەسەر ئەم ڕۆژنامەیەدا سەپاندبوو. هەوڵ دەدەم هێندێک لایەنی ئەم چەقبەستووییە و بەدرەنگەوە ملدانی "کوردستان" بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە، بە یارمەتیی ئەو شتانەی لەبیرمن، دیارە بە هێندێک خۆسانسۆرکردنەوە(١) بگێڕمەوە.

## جایزنەبوونی ناوهێنانی بەرپرسانی حیزبی لە ڕۆژنامەدا!

لە وەدەرکەوتنی بنکە و ناوەندەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە- بە لانی کەمەوە- هەتا سەرەتاکانی دەیەی حەفتای هەتاوی، لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، پێم وانییە جگە لە ناوی سکرتێری گشتیی حیزب -چەند حاڵەتێکی تایبەتی لێ دەرچێت- ناوی هیچ ئەندامێکی زیندووی دیکەی ڕێبەریی حیزب، تەنانەت ئەندامانی دەفتەری سیاسییش، هەروەها ناوی هیچ نوێنەر و بەرپرسێکی حیزبی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا هەبێت(٢)! لە چەندین ژمارەی ئەو ساڵانەی"کوردستان"دا، ڕاپۆرتی تێکۆشانی کۆمیتەکان و نوێنەرایەتییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە حیزبییەکان لە کوردستان، بڵاو بووەتەوە، بەڵام لە جیاتی هێنانی ناوی بەرپرسانێک کە وتار یان پەیامیان لەو کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمانەدا پێشکەش کردووە، نووسراوە: "ئەندامێکی دەفتەری سیاسی" یان "نوێنەری حیزب لەو وڵاتە" ئەو شتەی وت، یان ئەو کارەی کرد. هەروا بزانە ئەو ئەندامەی دەفتەری سیاسی یان ئەو نوێنەرەی حیزب، ناوی نەبووە!

ئایا لەم بارەیەوە بڕیارێکی نووسراوی ئۆرگانێکی حیزبی هەبوو؟ یان بەپێی قانوونێکی نەنووسراو، ئەم نەریتە داکەوتبوو؟ بۆخۆم پێم وایە ئەم نەریتە هیچ بڕیارێکی ڕەسمی و نووسراوی دەفتەری سیاسی یان کۆمیتەی ناوەندیی لە پشت نەبوو. سەرچاوەکەی جۆری بیرکردنەوەی زاڵ و باوی حیزبە چەپ و ستالینییەکانی ئەو سەردەم و پێشتر بوو کە وەک میرات بۆ حیزبی دێموکراتیش مابۆوە؛ عەقڵیەتێک کە پێی وابوو "تاک" تەنانەت لە بەرزترین پلەکانی بەرپرسایەتییشدا، هەر دەبێت دیار نەبێت و ئەوەی دەبێت دیار بێت، خودی حیزبەکەیە. نەک هەر لە ڕۆژنامەی "کوردستان"، لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانیشدا، ساڵانێک هەر بەم جۆرە ناوی کەسایەتی و کەسە زیندووەکانی حیزب نەدەهات. ڕەنگە بگوترێت ئەدی ئەگەر وایە بۆچی سکرتێری گشتیی حیزب، ناوی دەهات؟ وەڵامی من ئەوەیە، نەدەکرا تەنانەت ناوی سکرتێری گشتییش لە ڕاگەیەنەکانی حیزبدا نەهێنرێت، لانی کەم دەبا یەک کەس ناوی هەبا.

لێرەدا پێم خۆشە بەبیر بێنمەوە کە د.قاسملوو، سکرتێری گشتیی ئەو کاتی حیزب، بۆ خۆی بەتوندی دژی تاکپەرستی بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ شەخسی خۆیدا بوو. یەکەم کەس بوو کە دژی دانان و هەڵاوەسینی وێنەی خۆی لە بنکە حیزبییەکان و هەروەها دژی دانی دروشمی "بژی قاسملوو" لەلایەن خەڵک و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەنگی نارەزایەتیی بەرز کردەوە. بۆیە خۆبواردنی ڕاگەیەنەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوهێنانی کەسایەتییەکانی دیکەی حیزب، ناکرێت لەسەر ویستی د.قاسملوو بووبێت، یان د.قاسملوو بۆخۆی حەزی لەوە کردبێت کە تەنیا ناوی ئەو دیار بێت و بەس. بە ڕوونی نازانم ئەم نەریتەچۆن لە حیزبدا جێگیر ببوو، لەوانەیە لە سەرەتادا بەرهەمی سەلیقەی بەرپرسێکی ڕاگەیاندنی حیزب بووبێت و دوایە هەر بە بەریەوە چووە و دووپات بووەتەوە و بەم جۆرە بووە بە یاسایەکی نەنووسراو.

## بابەتەکانی ڕۆژنامە، ناوی نووسەریان بەسەرەوە نەبوو!

هەتا کۆتاییەکانی پاییزی ١٣٧٥ (نۆڤەمبری ١٩٩٦)، جگە لە شێعری شاعیران، سەرجەم ئەو بابەتانەی لەم دەورەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو ببوونەوە، بەبێ ناوی نووسەرەکانیان چاپ ببوون(٣). تەنانەت پەخشانە ئەدەبییەکانیش تاق و لۆق نەبێ، ناوی نووسەریان بەسەرەوە نەبوو. بۆ ئەم نەریتەش، هیچ بڕیار و یاسایەکی پەسندکراو لەلایەن ئۆرگانێکی حیزبییەوە نەبوو. بۆخۆم وای بۆ دەچم کە بیرکردنەوەی ڕێبەریی هەتا ئەو کاتی حیزب بەم جۆرە بووە: ئێمە هەموومان ڕۆڵەی ئەم حیزبەین و ڕۆژنامەکەش ڕۆژنامەی حیزبە. لە ڕۆژنامەی حیزبدا، تاک بۆی نییە قسەی خۆی بکات، جا کاتێک قسەکەی، قسەی حیزبە، چ پێویست دەکات ناوی خۆی هەبێت!

ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە نووسین و ڕۆژنامەنووسیی حیزبی، وای کردبوو لە وتار و بابەتی سیاسیی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، جێناوی "من" جێگای نەبێت. هەموو دەربڕینەکان بە ناوی کەسی یەکەمی کۆ واتە "ئێمە" بوو. ئەگەر پێویست با، دەبا پەنا ببەینە بەر دەستەواژەی وەک "ئێمە پێمان وایە"، "بە باوەڕی ئێمە"، "حیزبی ئێمە"، "سیاسەتی ئێمە"، "ڕوانگەی ئێمە" و ...هتد. ئەگەر بمان نووسیبا "من پێم وایە" یان "بە گوێرەی لێکدانەوەی من"، بە شتێکی خۆپەرستانە، دوور لە تەواوزع و وەک شتێکی سەیر و نامۆ دەهاتە بەرچاو، لە پێداچوونەوەی سەرنووسەردا خەتێکی سووری بەسەردا دەکێشرا و دەکرایەوە بە "ئێمە پێمان وایە" یان "بە گوێرەی لێکدانەوەی حیزبی ئێمە". خۆ ئەگەر ڕێگاش بە نووسەر درابا بنووسێت "بە باوەڕی من"، بەو هۆیەوە کە ناوی نووسەر لەگەڵ بابەتەکەدا بڵاو نەدەبۆوە، ئەو "من"ە دەبووە مەتەڵ و هەر لەجێی خۆیدا نەبوو.

لەم جۆرە ڕۆژنامەنووسییەدا، نووسەر خاوەنی مافێکی مەعنەویی دیاریکراو نەبوو، بەرهەمەکەی بە گەرووی ئاشی حیزبدا دەچوو و دەبووەماڵی حیزب. خوێنەریش هیچ کات نەیدەتوانی نووسەر بناسێت. لەوانە بوو خوێنەران بە یارمەتیی شێوازی نووسینەکان، جیاوازیی لە نێوان نووسەرەکاندا بکەن، بەڵام هەر نەیاندەزانی خاوەنی نووسینەکان، چ کەسانێکن. ئەگەر کەسانێک لە نووسەرانی ئەو سەردەم بە دوای نووسینی خۆیاندا بگەڕێن، یان یەکێکی دیکە بیهەوێ نووسینەکانی کەسێکی دیاریکراو لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ئەو کاتی "کوردستان"، بناسێتەوە و کۆیان بکاتەوە، پێموانییە دەسکەوتێکی زۆریان هەبێت.

## وێنەی کەسەکان لە ناوەکانیشیان ونتر بوو!

شتێکی سروشتی و چاوەڕوانکراوە لە کولتوورێکدا کە ناوهێنانی بەڕێوەبەران و بەرپرسانی حیزبی لە ڕۆژنامەی ئۆرگاندا جایز نەبێت، بڵاوکردنەوەی وێنەشیان مانای نابێت. هەر بە شێوەیەکی گشتی لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە هەتا سەرەتاکانی حەفتای هەتاوییەوە، هەموو جۆرە وێنەیەک- نەک تەنیا وێنەی کەسایەتییە حیزبییەکان- لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بە کەمی بڵاو دەبووەوە. ناکرێت تەنیا کولتووری حیزبی وەک هۆ و سەرچاوەی ئەم ڕاستییە بناسێنم. لانی کەم دوو هۆکاری دیکەش هەبوون: یەکەم، ئیمکاناتی تەکنیکیی چاپی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەبەشی زۆری ئەم ماوەیەدا، زۆر سادە و سەرەتایی بوون و بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە، گونجاو نەبوون. هۆی دووهەم، لایەنی ئەمنیەتیی ئەو پرسەیە. حیزبێک کە دژی ڕێژیمێکی خوێنڕێژ و سەرکوتکەر خەبات دەکات، ئەگەر پێشی بڵاوبوونەوەی وێنە و زۆر ناسرانی بەرپرسان و تێکۆشەرانی خۆی بە گشتی بگرێت و ڕێوشوێنی تایبەتیش لەم بارەیەوە بگرێتە بەر، لەجێی خۆیدایە.

لەگەڵ هەر دووی ئەم هۆیانەشدا، ناکرێت لە کاریگەریی ڕوانین و تێگەیشتنی چەقبەستووانە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ بەکارهێنانی وێنەدا کەم بکەینەوە، چونکە ئەوکاتانەش کە ئیمکاناتێکی باشتری چاپ و بڵاوبوونەوە هەبوو، وەک بەهار و هاوینی ١٣٥٨- ئەو کاتەی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە شاری مەهاباد دەردەچوو- دیسان هەر هەوڵ دراوە کەمترین وێنەی کەسایەتییە زیندووەکانی حیزب، تەنانەت وێنەی سکرتێری گشتیی حیزبیش، بڵاو بێتەوە. لە بەرامبەردا بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدەکان بە شتێکی ئاسایی دەزانرا. دەکرێ بیرکردنەوە و عەقڵیەتی ئەو سەردەمی بڕیاربەدەستان بەم جۆرە بخوێنینەوە: شەهیدەکان پیرۆزن چونکە لە پێناوی حیزب و نەتەوەکەیاندا مردوون، بەڵام ئەوانەی زیندوون و ئێستا لە خزمەت حیزب و نەتەوەکەیاندان، کێ دەڵێت هەتا سەرەڕوا بە باشی دەمێننەوە؟ بۆچی بە ناوهێنان و وێنە بڵاوکردنەوەیان پیرۆز بکرێن؟!

## بڵاوکراوەی ئۆرگان و بیروڕای جیاواز و ڕەخنەگرتن لە حیزب؟!

"ئۆرگان"ی حیزب، یانی زمانحاڵ و بڵاوکەرەوەی بیری حیزب؛ ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە کە بریتییە لە ناساندنی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب و داکۆکی لێکردنیان. هەر شتێک لە ڕۆژنامە یان بڵاوکراوەی ئۆرگانی حیزبێکدا بڵاو ببێتەوە، لەسەر ئەو حیزبە دەبێتە ماڵ و بە سیاسەت و هەڵوێستی ئەم حیزبە دەژمێردرێت. ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە واتای ڕۆژنامەی ئۆرگان، بووە بە هۆی ئەوە نەک هەر بیروڕای جیاواز و، بە تایبەتی بابەتی ناتەبا لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب، ڕێگای بڵاوبوونەوە لە "کوردستان"یاندا نەبێت، بەڵکوو ئەگەر جارێک لە جارانیش، بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامە، نووسینێکی لەم چەشنەیان لەدەست دەرچووە و بڵاو بووەتەوە، لە ژمارەی دواتردا، ناچار بن- بۆ ئەوەی لای خوێنەران و لایەنە سیاسییەکان، بەهەڵە تێگەیشتن ڕوو نەدات- ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەم کەمتەرخەمییەی خۆیان بڵاو بکەنەوە.

هەر لە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتنەدا، بابەتی تەنز و ڕەخنەگرانەش کە ڕووی ڕەخنەکە و ئامانجی تەنزەکە خودی حیزبەکە و ئۆرگان و کەسایەتییەکانی بن، تەنانەت لە چوارچێوەیەکی تەسکیشدا مەجالی هەڵدان و بەردەوامییان پێنەدراوە. پاساودانی ئەم ڕێگرییە بەم جۆرە بووە کە بڵاوکراوەی ئۆرگان نابێ نوێنگە و نیشاندەری خاڵە لاوازەکانی حیزب بێت، لە حیزبەکەی خۆی لە هەڵلا بدات و بیانوو بداتە دەست دوژمنان و نەیارانی حیزب. دوای کۆنگرەی حەوتەم، لە چەند ژمارەیەکی "کوردستان"دا، هێندێک کورتە نووسینی ئەدەبیی ڕەخنەگرانە -کە نێوەرۆکەکەیان بۆ نموونە ڕەخنە لە بێ نەزمی و کەمتەرخەمی لەنێو پێشمەرگەدا بوو- بڵاو بوونەوە، بەڵام دواتر وشکاویان هات. چەند ساڵ دواتر، نووسەرەکەیان بۆی باس کردین کە لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسیدا، بەرپرسی کۆمیسیۆنی پێوەندیدار بە پێشمەرگە، نارەزایەتیی لەم جۆرە نووسینە دەربڕیوە و بۆ ئیعتیباری حیزب و هێزی پێشمەرگە بە زیانباری زانیون، ئەویش ناچار وازی لەم جۆرە نووسینە و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەدا هێناوە.

## فۆرم و نێوەرۆکی "کوردستان"، ملکەچی هەلومەرجی خەبات

ڕووداوە سیاسییەکان و جێگۆڕکێیە جۆگرافیاییەکانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، شەقڵی خۆیان لەسەر فۆرم و قەوارەی "کوردستان" بەجێ هێشتووە. هەرچی "کوردستان" لە شار و هەلومەرجی ئاسایی زیادتر دوور کەوتووەتەوە، فۆرم و قەوارەکەی بچووکتر و کەلوپەلی چاپ و بڵاوکردنەوەی سادەتر بووە. بەم هۆیەوە کە مەبەستی سەرەکی، گەیاندنی شتە هەرە پێویستەکان لە دۆخێکی دژواردا بووە، لە نێوەرۆکیشدا "کوردستان" چار نا چار زیاتر سیاسی بووە و کەمترفریای شتی دیکە کەوتووە. ئەو بابەتانەی بڵاوی کردوونەوە، بە زۆری بەیاننامە و پەیامەکانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی، وتاری پێوەندیدار بە ڕووداو و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستان، کورتە و هەڵبژاردەی چالاکی و قارەمانەتییەکانی پێشمەرگە و لەقاودانی تاوانەکانی ڕێژیمی ئێران دژی

**د.قاسملوو بۆ خۆی بەتوندی دژی تاکپەرستی بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ شەخسی خۆیدا بوو. یەکەم کەس بوو کە دژی دانان و هەڵواسینی وێنەی خۆی لە بنکە حیزبییەکان و هەروەها دژی دانی دروشمی "بژی قاسملوو" لەلایەن خەڵک و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەنگی ناڕەزایەتیی بەرز کردەوە. بۆیە خۆبواردنی ڕاگەیەنەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوهێنانی کەسایەتییەکانی دیکەی حیزب، ناکرێت لەسەر ویستی د.قاسملوو بووبێت، یان د.قاسملوو بۆخۆی حەزی لەوە کردبێت کە تەنیا ناوی ئەو دیار بێت و بەس.**

**زۆربەی ئاڵوگۆڕەکان لە "کوردستان" لە خوارەوە ڕا، واتە لە لایەن ڕاگەیاندنکارانی حیزب بە تایبەت نووسەران و هاوکارانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە، ڕووبەڕووی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کرانەوە. دەفتەری سیاسیی حیزب بۆخۆی بۆ زۆربەیان دەستپێشخەر نەبوو، بەڵام لە درێژەی پێداگرییەکان و دوای چەند جار کۆبوونەوەی بیروڕاگۆڕینەوە، ڕەزامەندیی لەگەڵ هێندێکیان دەردەبڕی و بە دابینکردنی پێویستییەکانیان، پشتیوانیی لێ دەکردن.**



**بەهاری ١٣٦٢، ناوچەی ئالانی سەردەشت، گوندی دولکان، بنکەی ڕادیۆ و ڕۆژنامەی "کوردستان"**

خەڵکی کوردستان بووە.

فۆرمی بابەتەکانی ڕۆژنامە بە زۆری بەیاننامە، وتار و هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵ بوون. هێندێک جاریش پەیام و وتووێژی رادیۆیی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ "کوردستان" گوێزراوەتەوە. شێعر، نەک بە شێوەی هەمیشەیی، بەڵکوو بە ڕێکەوت و بەپێی هەبوونی جێگا و لاپەڕەی بەتاڵ، لە "کوردستان"دا ئاوڕی لێدراوەتەوە، ئەویش شێعری شاعیرانی ناسراو و جێکەوتوو نەک شێعری شاعیری تازە و کەم ناسراو. پەخشانی ئەدەب و کورتەچیرۆک یان بیرەوەریی ئەدەبییش- هەر کات لە دەستەی نووسەراندا، نووسەری ئەو بوارە هەبووبێت- لە ژمارەکانی ئەو کاتی "کوردستان"دا، بەرچاو دەکەون. لەسەر یەک شێعر و نووسینی ئەدەبی، بابەتێکی هەمیشەیی ڕۆژنامە نەبوون و لاپەڕەی تایبەتیان بۆ تەرخان نەکراوە. زمان و ڕاوێژی نووسین، فەرمی و جیددی بوون؛ نێوەرۆکی بابەتەکان پێوەندییەکی کەمیان بە نێوخۆی حیزب و ژیانی ڕۆژانەی تێکۆشەران و تاکەکانی نێو حیزب و بنەماڵەکانیانەوە هەبوو. زیاتر دەرەوەی حیزب، دەبووە سوژە و هەوێنی نووسین.

### هەستکردن بە پێویستیی گۆڕان و بەرەژانی نوێبوونە

دەیەی ٩٠ی زایینی، (حەفتای هەتاوی) دەکرێت بە دەیەی بەرەژانی نوێبوونەوەی "کوردستان" ناو بەرین. لەم دەیەدا کۆمەڵێک هۆکار دەستیان دابووە دەستی یەک بۆ ئەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"یش لەم چەقبەستووییە بێتە دەر و بەرەبەرە لەگەڵ گۆڕانەکانی سەردەم خۆی بگونجێنێت. ئەم هۆکارانە بریتی بوون لە:

١-ویستی نووسەران و هاوکارانی ڕۆژنامەکە. زۆربەی ئەو کەسانەی دەستەی نووسەران و هاوکارانی ڕۆژنامەی "کوردستان"یان پێکدێنا، بۆ خۆیان خوێنەرێکی باشی چاپەمەنی بە زمانەکانی کوردی و فارسی بوون. ئێمە، چاپەنیی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و ئێرانییەکانیشمان دەدیت و دەخوێندەوە. بەشێک لەو بڵاوکراوانە لەگەڵ ئەوەی هی ڕێکخراوە چەپ و کۆمونیستییەکانیش بوون، بەڵام بابەتەکانیان بە ناوی نووسەرەکانیان بڵاو دەکردەوە و تەنانەت ڕێگایان بە بڵاوبوونەوەی ڕوانگەی جیاواز و دژ بە یەکتریش دەدا. خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە و ئاشنابوون لەگەڵ جیهانێکی فراوانتری نووسین و بڵاوکردنەوە، ئاسۆی ڕوانینی ئێمەی بۆ جۆری نووسین و باشتر کردنی ڕۆژنامەکەی خۆمان دەگۆڕی.

٢- جێگیربوون لە دەشتی کۆیە و دەستڕاگەیشتن بە کەرەستەی باشتری چاپ و بڵاوکردنەوە. هەر لە ساڵی یەکەمی نیشتەجێبوون لە دەشتی کۆیە ( هاوینی١٣٧٢ی هەتاوی/١٩٩٣ی زایینی)، دەفتەری سیاسی ڕەزامەندیی بۆ کڕینی چەند دەزگای کۆمپیوتێری ماکینتوش بۆ کۆمیسیۆنی چاپەمەنی دەربڕی و لە ژمارە ٢٠٧ەوە (ڕەشەمەی ١٣٧٢، مارسی ١٩٩٤) "کوردستان" بە کۆمپیوتێر تایپ و مۆنتاژ کرا. ماوەیەک دواتر، ڕێبەریی حیزب دەزگایەکی ئۆفسێتی دەستی چەندەمیشی لە بەغدا کڕی و لە قەڵای دێموکرات دایمەزراند. ئەم کەرەستە نوێیانە دەستی بەشی تەکنیکیی ڕۆژنامەیەیان بۆ بەکارهێنانی وێنە و ڕەنگی جیاواز لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکانی حیزبدا هەتا ڕادەیەکی باش ئاوەڵا دەکرد و دەبوونە هۆی ئەوە ڕوخساری "کوردستان" بە شێوەیەکی هەستپێکراو (بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو) بگۆڕێت.

٣- بەرەوژوورچوونی چاوەڕوانیی خوێنەرانی "کوردستان" لە ڕۆژنامەکەیان لە باری نێوەرۆکەوە. خوێنەرانی "کوردستان" بە زۆری کادرەکان، پێشمەرگەکان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، یان دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بوون. ئەوان بە دیتنی ئەو هەمووە چاپەمەنییە کوردی و فارسییە و ئەو جۆراوجۆرییەی لە باری فۆرم و نێوەرۆکەوە هەیانبوو، چاوەڕوان بوون "کوردستان"یش گۆڕانی بەسەردا بێت و ئەگەر نەشتوانێت پێشبڕکێیان لەگەڵ بکات، لانی کەم هێندێک نوێ ببێتەوە.

٤- لە نێوخۆی ئێرانیش بە دوای گەشەی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی، چاپەمەنییەکانی ئێران لە ڕووی گوتار و نێوەرۆکی ڕەخنەگرانە و ڕۆشنگەرانە، هەروەها لە باری جۆراوجۆرییەوە، گەشە و گۆڕانێکی زۆریان بەسەردا هاتبوو. بزووتنەوەی فەرهەنگی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەریکی خۆگرتن وپەلهاویشتن بوو. خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران قۆڵیان لە بەرێخستنی بڵاوکراوە خوێندکارییەکانی خۆیان هەڵماڵیبوو. وێڕای ئەمانەش نەوەیەکی نوێی پەروەردەبوو لەم کەشوهەوا سیاسی و فەرهەنگییە تا ڕادەیەک نوێیەی ئێران و کوردستاندا ڕوویان کردبووە ڕیزە ئاشکراکانی حیزب، ژمارەیەک لەوانیش لە ڕاگەیەنەکانی حیزبدا ئەرکیان پێ سپێردرابوو. هەمووی ئەم ئاڵوگۆڕ و چاوەڕوانیانە، لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بووژانەوەیەکی فەرهەنگیی گشتگیر و لە ڕۆژنامەی "کوردستان"، پێکهێنانی گۆڕان لە فۆرم و نێوەرۆکیاندا دەویست.

٥- پەیدابوونی ئەنترنێت لە شارە گەورەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی کۆتایی ئەم دەیەدا. ئەم دەسکەوت و پێشکەوتنە لە بواری پێوەندییەکاندا، بەرەبەرە دەرەتانی بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان" پێکهێنا کە هەم وەک سەرچاوەیەک بۆ وێنە و هەواڵ و بابەتی بە سوود، هەم بۆ زووتر گەیشتنی نوسخەی "کوردستان" بە دەرەوەی وڵات، سوودی لێوەربگرێت.

### هەنگاوەکان و نموونەکانی نوێبوونەوە

دیاریکردنی ساڵ یان مانگ و ڕۆژێکی دیاریکراو بۆ دەسپێکی قۆناغی گۆڕان و نوێبوونەوەی "کوردستان"، هاسان نییە، بەڵام دەکرێ کۆمەڵێک هەنگاو و ئاڵوگۆڕ لە دەیەی حەفتای هەتاوی (٩٠ی زایینی) و ساڵانی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا ئاماژە پێ بکەین کە ملدان بۆ گۆڕان و نوێبوونەوەی "کوردستان" دەسەلمێنن:

– ئاوڕدانەوە لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزب و وەرگرتنی لێدوان لەوان لە بۆنەکانی وەک پەنجا ساڵەی دامەزرانی حیزب، یادی پێکهاتنی کۆماری کوردستان و...هتد و بڵاوکردنەوەی وێنەیان.

– لە بۆنەی وەک بیرەوەریی دەرچوونی یەکەم ژمارەی "کوردستان" (هەم لە سەردەمی کۆماری کوردستان و هەم لەم دەورەیەی هەتا ئێستاش بەردەوامە)، بە ڕێزەوە ئاوڕ لە نووسەران و هاوکارانی پێشووی ئەم ڕۆژنامەیە درایەوە. ئەوانەی لە ژیاندا مابوون، داوای نووسینیان لێکرا و لێدوانیان لێوەرگیرا یان وتوویژیان لەگەڵ کرا.

– نەک هەر وێنەی ئەو کەسایەتییانەی لە ڕۆژنامەدا بە ئەرێنی باسیان دەکرا، بەڵکوو وێنەی ئەو کەسانەش کە دەکەوتنە خانەی دوژمن و نەیاری حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردستان، لەگەڵ بابەتی پێوەندیداردا بڵاو (بۆ نموونە وێنەی دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی) دەکرایەوە.

– ڕەزامەندی نیشاندانی دەفتەری سیاسیی حیزب لەگەڵ بڵاو بوونەوەی ناوی ئەسلی یان خوازراوی نووسەری بابەت لە ڕۆژنامەدا.

– لاپەڕەکانی تایبەت بە ئەدەب و هونەر بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە "کوردستان" زیاد کران و بابەتگەلی ئەدەبی و هونەری بوون بە بەشێکی هەمیشەیی لە نێوەرۆکی ئەم ڕۆژنامەیە.

– "کوردستان" لە بڵاوکراوەیەکی مانگانەوە کرا بە دوو ژمارە لەهەر مانگێکدا، بۆ ماوەیەکیش سێ ژمارەی لەمانگێکدا بڵاو دەکرایەوە.

– لە توێی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات، ناوهێنانی نوێنەران و بەرپرسانی بەشی پێوەندییەکان،بەرە بەرە بووە بە شتێکی ئاسایی. بۆ یەکەم جار "کوردستان" بڵاوکردنەوەی وتوویژ لەگەڵ بەرپرسان و نوێنەرانی حیزب لە دەرەوەی وڵاتی بەخۆوە دیت.

– بزووتنەوەی فەرهەنگی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەردەوام گرنگیی پێدرا. کەسایەتییە ئەدەبی و هونەرییەکانی نێوخۆی وڵات و چالاکییە فەرهەنگییەکان ئاوڕیان لێدرایەوە. "کوردستان" ناساندنی گۆڤار و بڵاوکراوە فەرهەنگییەکان و کتێبی تازە چاپکراو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد بە ڕواڵێک.

– دوای وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات (٤) لە بەفرانباری ١٣٧٥، نووسەران و کادری فەنیی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر" تێکەڵ بە نووسەران و هاوکارانی ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون. بە پێی زۆربوونی قەڵەمەکان و جۆراوجۆریی بەهرە و سەلیقەکان و هاوکات سەرهەڵدانی پرسە نوێیەکانی کوردستان و ناوچە، بوارەکانی نووسین و وەرگێڕان لە "کوردستان"دا فرەیی و دەوڵەمەندییان بە خۆیانەوە دیت.

– وەرگێڕان لە زمانی ئینگلیزییەوە، بە تایبەتی بە هەوڵ و زەحمەتی نەمر مامۆستا فەتاح کاویان بایەخی پێدرا و کەم ژمارەی "کوردستان" هەبوو، دەقێکی وەرگێڕدراو لە زمانی ئینگلیزیی تێدا نەبێت.

لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە سەرماوەزی ١٣٨٠ (ژمارە ٣٣١) گەورە کرایەوە و وێنەی ڕەنگی لە لاپەڕی یەکەم و دوالاپەڕەدا گرنگیی پێ درا؛ هەروەها ستوون و گۆشەی تایبەت و جێگیر لە ڕۆژنامەدا برەویان پێدرا.

– نووسین و سوژەکانی ڕۆژنامە ئاوڕیان لە ژیانی ڕۆژانەی تێکۆشەرانی حیزب و بنەماڵەکانیان و خۆزگە و ئازارەکانیان دایەوە. سەرکەوتنی لاوان و منداڵانی ئەو بنەماڵانە لە بوارەکانی خوێندن و وەرزش و...هتد لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا ڕەنگیان دایەوە، هەروەها تیشک خرایە سەر تێکۆشان و چالاکیی دامەزراوە فەرهەنگی و سینفییەکانی حیزب.

– لە جۆزەردانی ١٣٨١ (ژوئەنی ٢٠٠٢) پاشکۆی "دنیای منداڵان" لەدایک بوو و لەو کات بە دواوە بە شێوەی مانگانە بڵاوکرایەوە.

– کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"، بە شێوەی جۆراوجۆر بوون بە پشتیوان و هاوکاری ئۆرگان و بەشە پێوەندیدارەکان بۆ بەرێخستنی بووژانەوەی فەرهەنگی لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، وەک بەرێخستنی پێشبڕکێیەکانی ڕۆژنامەنووسیی دیواری، پێشانگەی وێنە و چاپەمەنی، پێکهاتنی فستیڤاڵە هونەری و ئەدەبییەکان، پێشبڕکێی زانیاری، سەرلەنوێ بڵاوبوونەوەی گۆڤاری "لاوان"، لەدایکبوونی گۆڤاری "ژنان" و...هتد.

– ڕۆژنامەی "ئاگری"، بە زاری کورمانجیی ژووروو و بە ئەلفوبێی لاتین، لە یەکی نوامبری ٢٠٠٣ی زایینی (سەرماوەزی ١٣٨٢ی هەتاوی) لە داوێنی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، لە دایک بوو. ئەمە یەکەم جار بوو نووسین و بڵاوکردنەوە بە زاری کرمانجیی ژووروو دەهاتە نێو کارنامەی چاپەمەنیی حیزب.

### هەڵوێستی ڕێبەریی حیزب هەمبەر گۆڕان و نوێبوونەوە لە "کوردستان"دا

دەکرێ بڵێم زۆربەی ئەو ئاڵوگۆڕانە لە خوارەوە ڕا، واتە لە لایەن ڕاگەیاندنکارانی حیزب بە تایبەت نووسەران و هاوکارانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە، ڕووبەڕووی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کرانەوە. دەفتەری سیاسیی حیزب بۆخۆی بۆ زۆربەیان دەستپێشخەر نەبوو، بەڵام لە درێژەی پێداگرییەکان و دوای چەند جار کۆبوونەوەی بیروڕاگۆڕینەوە، ڕەزامەندیی لەگەڵ هێندێکیان دەردەبڕی و بە دابینکردنی پێویستییەکانیان، پشتیوانیی لێدەکردن.

ئەوەی بەداخەوە هەتا لەتبوونی حیزبی دێموکرات هەر جێبەجێ نەبوو، ڕێگاپێدانی بڵاوبوونەوەی بیروڕای جیاواز (جیاواز لە سیاسەتی ڕەسمیی حیزب) لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بوو. دوای لەتبوون "کوردستان"ی ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بڕیاری دا لاپەڕی تایبەت بۆ بیروڕای جیاوازی سیاسی تەرخان بکا. بە شێوەیەکی گشتی و هەمیشەییش بواری بۆ بڵاوبوونەوەی بابەتی ڕەخنەگرانە لەم ڕۆژنامەیەدا خوڵقاند. هێندێک جاریش بۆ ئەوەی لای خوێنەر بە هەڵە تێگەیشتن ڕوو نەدات و سیاسەت و هەڵوێستی حیزب لە بۆچوونی شەخسی و تایبەتی کەسەکان جیا بکەنەوە، لەگەڵ ئەم نووسینانەدا وەبیری دەهێنایەوە کە وەک ڕێزگرتن لە بیروڕای جیاواز ئەم جۆرە نووسینە بڵاو دەکرێتەوە و مەرج نییە "کوردستان" لەگەڵ بۆچوونەکانیان هاوڕا بێت.

### دوا وتە:

پرۆسەی گۆڕان و نوێبوونەوە لە "کوردستان"دا، بە خۆشییەوە لە دوای ئەو ساڵانەش، نەوەستاوە و هەر درێژەی هەبووە. ئەوە کە ئەمڕۆ ئەم ڕۆژنامەیە هەروا بەردەوامە و بە شانازییەوە یادی هەشتا ساڵەی بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی خۆی دەکاتەوە، بەرهەمی خۆگونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکان و گۆڕان و نوێبوونەوەی بەردەوام بە پاراستن و دەوڵەمەندکردنی ئەرک و بنەما و ئامانجە ڕەسەن و بەرزەکانیەتی.

لە یادی ٨٠ ساڵەی بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی "کوردستان"ی زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، لە ئاست دامەزرێنەران و پێشەنگانی ئەم ڕۆژنامەیە، هەروەها لە ئاست هەموو ئەو مرۆڤە تێکۆشەر و نیشتمانپەروەرانەی لە ماوەی ئەم هەشت دەیەدا، ئەرک و بەرپرسایەتییان لەم ڕۆژنامەیەدا لەسەر شان بووە و خزمەتیان کردووە، بە تایبەتی ئەوانە وا کە شەهید بوون، یان مەرگی ئاسایی لە ئێمەی ستاندوون، سەری ڕێز دادەنوێنم.

"کوردستان" هەر بەردەوام و مەشخەڵە ڕووناکیدەرەکەی هەروا گەشاوە بێت.

***

**پەراوێزەکان:**

١- خۆسانسۆرکردنەکەم دوو هۆی هەیە، هەم دەمەوێ نووسینەکە لەمە درێژتر نەبێتەوە، هەم خۆ دەپارێزم لە وروژاندنی باسێک کە لەوانەیە هێندێک کەس، لێکدانەوەیەکی تایبەت و ناڕاستی بۆ بکەن.

٢- لەکاتی نووسینی ئەم بابەتەدا، ئەرشیڤی ڕۆژنامەی "کوردستان"م لەبەردەست نەبوو، بۆیە نووسیومە "پێم وانییە"، ئەگەر دەستم بەو ئەرشیڤە ڕاگەیشتبا و ژمارەکانی پێشووم چاو لێکردباوە، لەوانەبوو بە دڵنیایی زیاترەوە، لەم بارەیەوە حوکم بدەم. مەبەستم لەو چەند حاڵەتە تایبەتەش زیاتر لەکاتی شەهید بوونی دوو سکرتێری گشتیی حیزبدایە کە ناوی چەند هاوڕێی بەرپرسی حیزبی بە هۆکاری پێوەندیدار بە ڕێوڕەسم و بەرنامەکانی پێوەندیدار بەو دوو ڕووداوە هاتووە.

٣- ئەم حوکمە "کوردستان"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ) ناگرێتەوە. چونکە ئەو "کوردستان"ە چەند ساڵێک بوو وتار و بابەتەکانی خۆی (جگە لە بەیاننامە و ڕاگەیەندراوەکان)ی بە ناوی ئەسلی یان خوازراوی نووسەرەکانیان بڵاو دەکردەوە.

٤- ڕۆژنامەی "کوردستان"لە سێ جیابوونەوەی مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (جیابوونەوەی گرووپی حەوت کەسی لە جۆزەردانی ١٣٥٩، جیابوونەوەی "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ" لە دوای کۆنگرەی هەشتەم و لەتبوونی حیزب لە سەرماوەزی ١٣٨٥، لەهەر دوو لا (حیزبە سەرەکییەکە و لایەنی جیابۆوە) هەر بە "کوردستان" بڵاو بووەتەوە. دیارە "کوردستان"ی گرووپی حەوت کەسی تەنیا چەند ژمارەی لێ بڵاو بۆوە و تەمەنێکی کەمی هەبوو، بەڵام دوو "کوردستان"ەکەی دیکە، هەتا یەکگرتنەوە درێژەیان کێشا.

٥- کوردستان" لە سەرەتادا بە شێوەی مانگانە گۆڤارێکی ڕەنگیی١٢ لاپەڕەیی بە ناوی "دنیای منداڵان" وەک پاشکۆی خۆی بۆ منداڵان بڵاو دەکردەوە، دواتر "دنیای منداڵان" وەک گۆڤارێکی سەربەخۆ و بڵاوکراوەی ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، درێژەی بە ژیانی خۆی دا.

٦- "ئاگری" لە سەرەتادا بەشێوەی مانگانە بڵاو دەبۆوە، بەڵام دواتر بووە بە حەوتوونامە، هەتا ئێستا بەردەوامە و زیاتر لە ٥٠٠ ژمارەی دەرچووە.

٧- ئاوڕدانەوەی من لە هەوراز و نشێوەکانی چەند دەیەی ڕابردووی ڕۆژنامەی "کوردستان"، ئەو بەشە لە مێژووی"کوردستان" ناگرێتەوە کە دوای لەتبوونی حیزبی دیموکرات، وەک ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بڵاو دەبۆوە. چونکە لە نێویدا نەبووم و زانیاریی پێویستم لەسەر ئالوگۆری پێکهاتوو لە ڕێوشوێنەکانی بڵاوبوونەوە و ئامادەکردنیدا نەبوو.

***

# ڕاگەیاندن لە سەردەمی دیجیتاڵ‌میدیا و ژیری دەسکرددا "کوردستان" بۆ نموونە



عەلی بداغی



**دەروازە:**

پرسیار ئەوەیە پێناسەی ڕاگەیاندن لە سەردەمی دیجیتاڵ‌میدیا و هۆشی دەسکرد لە ئێستادا هەر هەمان پێناسەی کلاسیک لە ڕاگەیاندنە؟ ئایا جگە لە پێناسە، هەر هەمان کارکردی جارانی هەیە یان کارکردی ڕاگەیاندن لە سەردەمی ئێستادا گۆڕاوە؟ هەر لەجیدا گرینگیی ڕاگەیاندن بۆ حیزبێکی سیاسی لە چی دایە؟ سامانی میدیایی حیزبی دێموکرات بەتایبەت ڕۆژنامەی "کوردستان" لەم دۆخەدا چ ئەرکێکی دەکەوێتە سەرشان؟

**ڕاگەیاندن چیە؟**

لە مانای نەریتی و کلاسیکی ڕاگەیاندندا، ڕاگەیاندن یان هەمان میدیا بریتییە لەو کەرەستە و ئامرازەی پەیامێک، زانیارییەک، هەواڵێک، یان ئایدیا و کولتوورێک لە نێرەرەوە دەگوازێتەوە بۆ وەرگر. نێرەر دەتوانێ حیزب بێ، حکوومەت بێ، دامودەزگایەکی پەروردەیی یان دەوڵەتی بێ، یان هەر لایەنێکی دیکە و وەرگریش کە مەبەست بەردەنگ و خەڵکە. ئەو ئامراز و کەرەستانەش بریتی بوون لە: ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان، ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و گۆڤار و کتێب. لە پێناسە و کارکردی نەریتی و کۆنباودا میدیا بریتییە لە نێوەندگیر و پێوەنددەری نێوان بەرهەمهێنەری پەیام و گوتار و هەواڵ لەگەڵ بەردەنگدا.

بەڵام لە دوو دەیە لەوەپێشەوە و بە پەیدابوون و هەمەگیربوونی ئینتێرنێت، تێکنۆلۆژیی دیجیتاڵ، تۆڕ و ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان پێناسە و کارکردی ڕاگەیاندن بەربڵاوتر بووە و تایبەتمەندیی نوێی وەرگرتوە. لەو فۆرمە نوێیەدا ڕاگەیاندن، میدیا پلاتفۆڕمێکە کە دەرەتانی تەعامول و کارتێکەریی هاوبەش دروست دەکا. واتە بەکارهێنەر، جا ئەو بەرکارهێنەرە چ خوێنەری ڕۆژنامە و گۆڤار بێ، چ بیسەری ڕادیۆ و بینەری تەلەڤزیۆن بێ، یان لە ڕێگەی کۆمپیوتێر و موبایل و تابلێتەوە لەسەر هێڵ بێت، نەک هەر وەرگر و بەردەنگ بە پێناسە کۆنەکە، بەڵکوو خۆی بەرهەمهێنەر و هاوبەش لە بەرهەمهێناندایە.

نموونەیەکی کراوەتر و جیاوازییەکی دیکە باس بکەم. ئەگەر هەتا دوو دەیە لەوەپێش ڕاگەیاندن یانی تەنیا تەلەفزیۆن و دامەزراوەکانی ڕۆژنامە و ڕادیۆ بە زەبەلاحیی زۆرەوە، ئێستا یەک تاکەکەسی بەرهەمهێنەری زانیاری لە دنیای ئەمڕۆدا دەتوانێ میدیا بێت. بلاگێرێک، چالاکێکی سیاسی کە پلاتفۆڕمێک بۆ هاوبەشیکردنی بەرهەمەکانی هەڵدەبژێری، یان هەر ئەکتیویستێکی هونەری و ئەدەبی و مەدەنی و ژینگەپارێز دەتوانێ خۆی میدیایەک بێت، ڕاگەیاندنێک بێت.

ئەمە لە ڕووی پێناسە و کارکرد بوو، بەڵام لە ڕووی تیکنیکیشەوە میدیا لە سەردەمی ئێستادا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ سەردەمی پێش بەدیجیتاڵبوون هەیە. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئێستادا بەئاسانی بەردەستن، دەتوانن لە دەقە و سانیە و هەر دەموساتێکدا بەڕۆژ ببنەوە، و بەرهەمهێنان لە میدیای ئێستادا بە ئاسانی دەکرێ بگوازرێنەوە.

ئەمە پێمان دەڵێ لە پێناسەی نوێدا ئیدی میدیا مەرج نیە ڕێکخراوێکی زەبەلاح یان ئامراز و کەرەستەیەکی سنووردار بێ و لە بەردەستی کەم کەسدا هەبێ، بەڵکوو تۆڕێک و ڕایەڵەیەکی زیندوو لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەیە و هەر بەکاربەر و بەردەنگێکیش دەتوانێ بەشێک بێت لەو پێکهاتەیە. واتە هەر بەکاربەر (بەو مانایە کەسێکە چاو لە تیڤی دەکا، لە موبایل و سیستمەکەیدا چاوی بە هەواڵ و زانیارییەکان دەکەوێ یان ماڵ و ئۆتۆمبیل و شوێنی کارەکەی گوێی داوەتە ڕادیۆ)، ئەو کاربەرە تەنیا بەکارهێنەر نیە، بەڵکوو بەرهەمهێنەر و شیکەرەوەی مانا و واتاکانیشە. یانی میدیا و ڕاگەیاندن ژینگەیەکە بۆ پێوەندیی دوولایەنە و چەند لایەنە لەنێو خەڵک و چالاکە کۆمەڵایەتییەکاندا کە لەودا پەیامەکان هەم دەتوانن بگۆڕدرێن و ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێ، هەم بەخێرایی بڵاو ببنەوە و هەر بەو خێراییەش وەڵام وەربگرنەوە.

ڕاگەیاندن بە ڕوانگەی ئێستا ئیدی چیدی ئامرازێک بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری و پەیام نیە، بەڵکوو "بنیات و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری"یە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرهەمهێنانی مانا، ئاراستەدان بە شوناسی گشتی و بەکۆمەڵ و نواندنەوەی هێز و دەسەڵاتی جەماوەری هەیە.

**میدیا و ڕاگەیاندن چەندە بۆ حیزبێکی سیاسی گرینگن؟**

زۆر بە کورتی و پوختی دەبێ بڵێین ڕاگەیاندن بۆ حیزبێکی سیاسی تەنیا هەر زمان یان باشتر وایە بڵێم "بڵندگۆ" نیە، بەڵکوو ئامرازێکی ستراتیژییە بۆ مانەوەی، بۆ گەشەکردن و ڕەواییەتبەخشین بەو حیزبە. بۆیە ڕاگەیاندن بۆ هەر حیزبێکی سیاسی لە چەند ڕەهەندەوە گرینگە:

یەکەم: ڕاگەیاندن کەرەستە و ئامرازی دروستکردن کێیەتی و شوناس و هەروەها نواندنەوەی ئەو شوناسەیە. ئەوە میدیایە کە وێنە و ڕوخسار و نەخش و دیمەنی حیزبێک لە بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەیەکدا جێ دەخات. حیزبی سیاسی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و میدیاوە بەها و بایەخەکانی خۆی، ئامانج و بەرنامەکانی خۆی بە کۆمەڵگە دەناسێنێ و دەیخاتە ڕوو.

حیزبێک میدیا و ڕاگەیاندنی نەبێ، ونە، بزرە، لە کۆمەڵگەدا نابیندرێ و هەستی پێ ناکرێ. کەواتە هەر حیزبێک لە ڕێگەی ڕاگەیاندنە شوناس و کێیەتیی خۆی دروست دەکات و بەرهەمی دێنێتەوە.

دووهەم، ڕاگەیاندن ئامرازی ڕێکخستنی گشتییە. ڕاگەیاندن دەرەتانی گەیاندنی خێرا و بڵاوکردنەوەی خێرای هەواڵ و زانیاری بۆ لایەنگران و بەردەنگەکانی حیزب دەخولقێنێ. لە کەمپینەکاندا، لە ئاکسیۆن و خۆپێشاندانەکاندا، لە مانگرتن و ئەکتە جەماوەرییەکاندا؛ ڕاگەیاندن ئامرازی سەرەکیی ورووژاندن و هاندان و ڕێکخستنی خەڵک و هێزی هەر حیزبێکی سیاسییە. تەنانەت لە کات و هەلومەرجی سەرکوت و زبروزەنگیشدا، میدیای دیجیتاڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو دەرەتانە بۆ حیزبەکان دروست دەکەن پێوەندییەکانیان لەگەڵ بەردەنگ و لایەنگراەکانیان ڕابگرن.

سێهەم ڕەهەندی کارکردی ڕاگەیاندن بۆ هەر حیزبێکی سیاسی ئەوەیە کە، ڕاگەیاندن ئامراز و کەرەستەی ڕکەبەری و قەناعەتپێهێنان بە بیروڕای گشتییە. تۆ وەک حیزبێکی سیاسی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و میدیاوە ململانێ و ڕکەبەریی نەیار یان ڕکەبەرە سیاسییەکانت دەکەی و بە ڕێگای میدیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بانگەشە بۆ خۆت دەکەی و هەوڵ دەدەی سەرنج و متمانەی گشتی و خەڵک و جەماوەر بۆ لای خۆت ڕابکێشی.

لە دنیای ئەمڕۆدا و لە وڵاتە هەرە دێموکراتەکانیشدا هیچ حیزبێکی سیاسی بەبێ ڕاگەیاندنێکی بەهێز و بەبێ حزووری میدیایی شانسێکی ئەوتۆی بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکان و سەرکەوتن بەسەر ڕکەبەرەکانیدا نیە.

چوارەمین ڕەهەند لە کارکردی میدیا ئەوەیە کە ڕاگەیاندن ئامرازی ڕەخنەگرتن و چاودێری بەسەر دەسەڵاتە. ئەوە لەو وڵاتانەی کە حیزبەکان دەرەتانی چالاکیی سیاسیی ئازادانەیان هەیە. بۆ ئێمەش وەک حیزبی دێموکرات ڕاگەیاندن بە لەقاودانی سیاسەتە چەوتەکان و ناکارامەیی ڕێژیم، هەم شەرعییەت بۆخۆی زیاد دەکا و هەم شەرعییەتی دەسەڵات دەباتە ژێر پرسیار. بە پێناسەیەکی دیکە ئەگەر میدیا چاو و گوێی حیزب لە هەر کۆمەڵگەیەکە و دەنگی ڕەخنە و داخوازیی حیزبەکانە، بۆ حیزبی ئێمەش جگە لەوە ئامرازی شەڕ و ململانیی سیاسییشە.

پێنجەمین کارکردی میدیا بۆ حیزبەکان ئەوەیە کە ڕاگەیاندن کەرەستەی دیپلۆماسی و پێوەندیی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی بۆ حیزبەکانە. ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی ئەوەی حیزبەکان لە سنووری جوغرافی و مەیدانی سەرەکیی چالاکیی خۆیان بەولاوەتر بڕۆن. حیزبەکان دەتوانن لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە پێوەندیی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی دروست بکەن، پشتیوانیی دەرەکی بۆخۆیان ڕابکێشن، یان هەر نەبێ وا بکەن ببندرێن و هەست بە بوونیان بکرێ و خۆیان بناسێنن.

شەشەمین کارکردی میدیا بۆ حیزبەکان ئەوەیە ڕاگەیاندن دەتوانێ ئامرازی خۆڕاگری لەهەمبەر سیاسەتی سانسۆڕ و پاوانخوازیی دەسەڵات بێت. بۆ ئێمە کە دژی کۆماری ئیسلامی شەڕ دەکەین، یان لە هەر وڵاتێکی نادێمۆکرات و سەرکوتگەردا کە حاکمییەتی سیاسی و دەوڵەت میدیا و ڕاگەیەنە گشتییەکانی لە پاواندایە، حیزبی سیاسی بۆ ئەوەی گێڕانەوە و ڕیوایەتی خۆی لە ڕووداو و باسە سیاسییەکان هەبێ، بۆ ئەوەی مۆرکی لەسەر ڕووداوەکان دابنێ، دەبێ و ناچارە میدیا و ڕاگەیاندنی خۆی هەبێ، وەک ڕۆژنامە، ڕادیۆ، کاناڵی تەلەڤیزیۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەگەر نا تێدا دەچێ و دەکەوێتە پەراوێزەوە. بە کورتی گەڕانی خوێن و هەناسەدان بۆ بەردەوامیی ژیانی مرۆڤ چەندە پێویستە، ڕاگەیاندن ئەو بایەخ و گرینگییەی بۆ بەردەوامیی ژیان و بوونی هەر حیزبێکی سیاسی هەیە.

حیزب بەبێ ڕاگەیاندن ناتوانێ خۆی دەربخا و خۆی بناسێنێ، ناتوانێ سەرنجی بەردەنگ ڕابکێشێ و ئەندام و هەوادار بۆخۆی زیاد بکا، ناتوانێ کۆمەڵگە بەڕێکخستن بکا و دژی دەسەڵات و حاکمییەت بەرنامە و ئاجێندای خۆی بباتە پێشێ. حیزب بەبێ ڕاگەیاندن ناتوانێ پێوەندیی بەهێز لەگەڵ دەوروبەری خۆی گرێ بدا و ناتوانێ لە ململانێ و ڕکەبەرییە سیاسییەکاندا بمێنێتەوە و تەنانەت ناتوانێ دۆخی پێشووتریشی بپارێزێ. ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی ئەوەی حیزب پەیامەکانی بە ڕوونی و بەباشی بگەنە خەڵک و لە بەرامبەر سانسۆڕ و تەبلیغاتی یەکلایەنەی ڕێژیمدا ڕیوایەت و گێڕانەوەی خۆی لە پرس و خەبات و تێکۆشانی خۆی هەبێ. بۆیە بۆ هەر حیزبێکی سیاسی و بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات ڕاگەیاندن دەبێ لە ئاستی "ئامرازی بانگەشە و تەبلیغات"ەوە بگاتە ئاستی "بنیاتنەری و دامەزراوەیەکی شوناسساز"، دامەزراوەیەک کە بەرهەمهێنەری شوناس و چییەتی و کێیەتیی خۆمان و نەتەوەکەمانە.

**حیزبی دێموکرات و مێژووی ڕاگەیاندن لە حیزبی دێموکراتدا**

ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێش ڕاگەیاندنی ئەم حیزبە و لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکافەوە بە بایەخدان بە پرسی ڕاگەیاندن هەم وەک ئامرازی وەجووڵەخستنی کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و هەم وەک ئامرازی مانەوە و بەردەوامیی ڕێکخستنی ڕێکخراوەیی، پڕۆژەی میدیاییان بووە. ئەم پڕۆژەیە بە گۆڤاری "نیشتمان" نیشتمان دەستی پێ کرد و هەر لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا بە "هاواری کورد"، "ئاوات" و "گۆڤاری کوردستان" درێژەی پێ درا. دوای ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"، گۆڤاری "هەڵاڵە"، گۆڤاری "هاواری نیشتمان"، گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵانی کورد" و کردنەوەی ئێزگەی ڕادیۆیی بەشێکی دی لە هەوڵە میدیاییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

لە وێستگەکانی دیکەی ژیانی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا چاومان بە کۆمەڵێک بڵاوکراوەی دیکەی وەک "کوردستان"، "دیسان بارزانی"، "تیشک" و "تێکۆشەر" دەکەوێ و هەروەها کۆمەڵێک کتێب دەبینین کە لەلایەن دامەزراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە چاپ کراون.

بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ چالاکیی میدیایی حیزب بەرفراوانتر دەکەن و جیا لە بەردەوامیی دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک زمانحاڵی حیزبی دێموکرات کە هەتا ئێستاش بەردوامە، هەروەها گۆڤاری "تێکۆشەر" وەک دوو میدیای نووسراو، میدیای بیستراوی ڕادیۆی "دەنگی کوردستانی ئێران"یش بە سامانی میدیایی حیزب زیاد دەبێ. ئەو خەرمانە لە درێژەی خەباتی سیاسی و پێشمەرگانەی حیزبدا بە بڵاوکراوەکانی دیکەی وەک "پێشەوا"، "خەبەرنامە"، "گەلاوێژ"، "دەنگی کورد"، "کێلەشین"، "دەنگی لاوان"، "یەکیەتی"، "پڵینگ"، "دەنگی ژنان"، "شەهید"، "نەکەرۆز"، " زانیاریی پێشمەرگە"، "ئاوارە"، "ڕوانگەی لاوان"، "٢٦ی سەرماوەز"، "لاوان"، "ژنان"، "کۆمەڵ" و "ئارارات" دەوڵەمەند کرا کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی حیزبی لە کۆمیتە شارستانەکان و هەروەها ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەردەچوون. هەروەها گۆڤاری هزریی "تیشک"، "ئاگری"، "دنیای منداڵان"، "نێرگز" "تیشکی نوێ" و "بیری خوێندکار" چەند بڵاوکراوەیەکی دیکەی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی سەر بەم حیزبە بوون.

لە سێ دەیەی ڕابردووشدا کە بە سەردەمی میدیای دیجیتاڵ دەناسرێ، حیزبی دێموکرات بە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ماڵپەڕەکانی "کوردستان‌میدیا"، "کوردستان و کورد" و تەلەڤیزیۆنەکانی "نەورۆز"، "تیشک" و "کورد کاناڵ" و دەیان ماڵپەڕ و پلاتفۆڕمەکانی دیکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری میدیادا چالاک بووە و لە سەنگەری میدیاوە لە خەباتی نەتەوەیی و سیاسیی خۆی بەردەوام بووە.

**دواجار؛ ئاسۆی "کوردستان"**

"کوردستان" دوای بڕینی هەموو ئەو کۆسپ و تەنگ و چەڵەمانەی لە زۆر قۆناغی ئەم ٨٠ ساڵەدا لەسەر ڕێی بووە، ئێستا سامانێکی دەوڵەمەند بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. "کوردستان" سەرەڕای ئەم پاشخان و مێژووە دەوڵەمەندە و، سەرەڕای ئەوەش کە کۆنترین و بەئەزموونترین بڵاوکراوەی سیاسیی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام بێبەری لە ڕەخنە و کەموکوڕییش نەبووە و نیە کە بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیە دەبێ بەپێی هەلومەرج و پێویستیی نوێبوونەوە و پێداویستییەکانی سەردەم بۆ بەردەوامیی "کوردستان" ئاوڕی لێ بدەنەوە و بایەخی خۆی بدەنێ.

# "کوردستان" وەک قوتابخانە و دامەزراوەیەکی پەروەردەیی



**برایم لاجانی**

هەشتا ساڵ بەردەوامی و ئیدامەکاری بۆ ڕۆژنامەیەک، ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە تەمەنی چاپەمەنی و دامەزراوە مەدەنییەکان تا ڕادەیەکی زۆر کورت و پچڕپچڕە، خۆی لەخۆیدا دەسکەوتێکی گەورەیە. بەو حاڵەش بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو ماوە دووروودرێژە بە تەنیا هەر تێپەڕینێکی تەقویمی نیە، بەڵکوو گێڕانەوەیەکە لە تێپەڕین بە نێو چەند ڕێژیمی سیاسی و ئەزموونکردنی چەندین قۆناغی سەرکوت و ئومێد و هەروەها ژیان لە مەتنی یەکێک لە ئاڵۆزترین گرێکوێرە سیاسییەکانی ئێراندا.

یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە لە ڕۆژی ٢٠ی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (ژانویەی ١٩٤٦)، هاوکات لەگەڵ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بڵاو کرایەوە. بەڵگە مێژووییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئەو ڕۆژنامەیە تەنانەت لە هەلومەرجە سەخت و دژوارەکانیشدا، لە ساڵەکانی سەرکوت و زەبروزەنگیشدا، چ بە شێوەی ژێرزەمینی و چ دوور لە نیشتمان بڵاو بووەتەوە. بەڵام بایەخی "کوردستان" بە تەنیا هەر لەوەدا نیە کە ڕۆژنامەیەکی قەدیمییە و بەس، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەو ڕۆژنامەیە چۆن توانیویەتی ڕۆڵی کلاسیکی "ئۆرگانی حیزبی" تێپەڕێنێ و ببێتە دامەزراوەیەک بۆ ڕێکخستنی سیاسی و بنیاتنانی حافیزەی بەکۆمەڵ و دەستەجەمعی لە کوردستاندا. لێرەدا هەوڵ دەدەین وەڵامێکی ئەو پرسیارە بدەینەوە. ڕاگەیەنە حیزبییەکان هەمیشە مەترسی ئەوەیان لەسەرە ببنە تریبونێکی یەکلایەنە و بڵندگۆی پڕۆپاگەندەی حیزبی. بەڵام لەو کۆمەڵگەیانەدا کە لەژێر ستەم و چەوسانەوەی سیستەماتیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدان، کارکردێکی دیکەیان هەیە و ڕۆڵێکی دیکە دەگێڕن. ڕۆژنامەی "کوردستان" بە درێژایی تەمەنی خۆی تێکۆشاوە سێ ئەرکی سەرەکی هاوکات دەگەڵ یەک بەرێتە پێش:

١. دارشتنی پرس و بابەتە سیاسییە ئاڵۆزەکان بە زمانێکی سادە، بە جۆرێک کە کۆمەڵانی خەڵک لێی تێبگەن.

٢. گێڕانەوەی ڕووداوە جیاجیاکانی ئێرە و ئەوێی کوردستان و گۆڕینیان بۆ گێڕانەوەیەکی دەستەجەمعی و بەکۆمەڵ بە جۆرێک کە مانا بە ئەزموونی هاوبەشیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ببەخشن.

٣. پێکهێنانی دەرفەت و فەزا بۆ گفتوگۆ و دیالۆگ نەک هەر لەنێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستاندا، بەڵکوو لەگەڵ هێزە سیاسییە سەرتاسەرییەکانیشدا. لێرەدا هونەر ئەوەیە کە وەفاداریی تەشکیلاتی نەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژنامە دەنگ و ڕەنگی خەڵک و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی دیکە پشتگوێ بخا و تووشی زەینکوێری و دەمارگرژیی حیزبی بێت. ئەوە ئەو ئاڵنگارییە کە ئێستاش لەبەردەم ڕۆژنامەی کوردستاندا هەر لە جێی خۆیەتی. یەکێک لە گرنگترین قۆناغەکانی خەباتی سیاسی ئەوەیە کە بتوانی نارەزایەتییەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵانی خەڵک بگۆڕی بۆ بەرنامەیەکی سیاسیی یەکپارچە. واتە ئەو ستەم و زوڵم و زۆری و چەوسانەوە و هەڵاواردن و تەبعیزەی لەسەر خەڵکە، بگۆڕی بۆ داخوازیی سیاسی. ڕۆژنامەی "کوردستان" لە سەرتاسەری تەمەنی خۆیدا، لەو بارەوە سەرکەوتوو بووە. "کوردستان" بە هێنانەگۆڕی ئەو ستەم و زوڵم و زۆری و چەوسانەوە هەموولایەنەی لەسەر خەڵکی کوردستانە، بە گێڕانەوەی هۆکارەکانی ئەو دۆخە بۆ ستەمی نەتەوایەتی و سیاسی کە سەرچاوەکەی لە چۆنیەتیی حاکمییەتی دەوڵەتی مەرکەزیەوە سەرچاوە دەگرێ، نیشانی داوە کە کێشەی کورد نەک هەر مەسەلەیەکی ئەمنییەتی نیە لە گۆشەیەکی وڵاتدا وەک هەندێک داروودەستەی نێو دەسەڵات باسی دەکەن، بەڵکوو چارەسەرکردنی ئەو پرسە مەحەکی دامەزراندنی دێموکراسییە لە سەرتاسەری ئێراندا. لە لایەکی دیکەشەوە "کوردستان" بە بڵاوکردنەوە و فۆرمولەکردنی داخوازە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان، نەک هەر بووەتە زمانحاڵی بزووتنەوەی کوردستان، بەڵکوو بزووتنەوەی کوردستانی لە دەستی نوخبەی کورد دەرهێناوە و بە جەماوەر و کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستانەوە گرێ داوە. گەلان تەنیا هەر بە خاک و خوێن پێناسە ناکرێن، ئەوان بەوەوە زیندوون کە خاوەنی حافیزەی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، کولتوور و فەرهەنگی هاوبەش و گێڕانەوەی هاوبەشن. لە هەلومەرجێکدا کە دەسەڵاتی تاران هەوڵ دەدا کەمایەتییەکان نادیدە بگرێ یا ژیان و خەباتیان بە جۆرێکی دیکە نیشان بدات و بەرچەسپی جۆراوجۆریان لێ بدا، ڕۆژنامەی "کوردستان" بووە بە دەفتەری تۆمارکردنی ڕووداوەکانی کوردستان و نوێنەری داخوازەکانی گەلی کورد و ئاوێنەی خەبات و بەربەرەکانیی خەڵکی کوردستان بە دژی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی.

لەوەش زیاتر "کوردستان" بە تۆمارکردنی شکان و پاشەکشە و پێشڕەوییەکان و دەستنیشانکردنی هەوراز و هەڵدێرەکانی سەر ڕێگای کاروانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان، نەیهێشتووە ئەزموونی خەباتگێڕانەی نەوەکانی پێشوومان بکەونە نێو هەمبانەی فەرامۆشییەوە. بەو پێیە "کوردستان" ڕۆڵی قوتابخانەیەکیشی گێڕاوە و بووەتە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی. ئەو تایبەتمەندییە، لە سەردەمی ئێستادا کە سەردەمی ڕایەڵکە کۆمەڵایەتی و ڕاگەیەنە کورت ماوەکانە، قووڵایی مێژوویی بەو پرسانە دەبەخشێ کە کوردستان کاریان لەسەر دەکات و ڕێگا لە دووپاتەبوونەوەی هەڵە و کەموکوڕییەکانیش دەگرێ. ڕەنگە یەکێک لە نەخشە هەرە ئاڵۆزەکانی "کوردستان" ئەو ڕۆڵە بێت کە لە مەیدانی سیاسەتی کوردستانی و ئێرانیدا دەیگێڕێ. دوو بواری دەگەڵ یەک ناتەبا:

تێکۆشان لە مەیدانی سیاسەتی کوردیدا، بریتییە لە: بەرگری لە هەویەت، ناسنامە و زمان و فەرهەنگ و مەوجوودییەتی گەلی کورد و دیفاع لە مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان و ڕاوەستانەوە بەرانبەر ئەو هێز و دەستە و تاقمانە کە دەیانەوێ کێشەی کورد بکەنە کێشەیەکی ئەمنییەتی یا فۆلکلۆری و فەرهەنگی. تێکۆشان لە مەیدانی سەرانسەریشدا، بریتییە لە: گفتوگۆ دەگەڵ ناوەند، دیالۆگ دەگەڵ هێزە دێموکراسیخوازەکانی ئێران و هەوڵدان بۆ لێکگرێدانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بە پرۆژەی دێموکراتیزاسیۆنی ئێران. لەو نێوەدا کوردستان هەمیشە تێکۆشاوە لە نێوەڕاست ڕاوەستێ و باڵانسێک بەو ئەرکە گرنگەی خۆی بدات. هیچ کاتێک لە سیاسەتی ناوەندا نەتواوەتەوە و قەتیش لێی دانەبڕاوە. لەو پێوەندییەدا "کوردستان" تێکۆشاوە لە ڕێگای هێنانەگۆڕی داخوازییە هاوبەشەکانی وەک دێموکراسی، مافی شارۆمەندی، پەرەسەندنی هەموولایەنە، عەدالەتی ناوچەیی، دیسێنتراڵیزاسیۆن، خودموختاری و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و مافەکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان، داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بە گوێی ناوەند بگەیەنێ و لە هەمان کاتدا حەساسیەتەکانی ناوەندیش پێشانی خەڵکی کوردستان بدات.

لە وڵاتێکدا کە زمانی دایکی وەک مەسەلەیەکی خسووسی بە حیساب دێت و ڕاگەیەنە کوردییەکان هەمیشە لەژێر فشار و پاڵەپەستۆی ئەمنییەتی و پۆلیسیدان، بڵاوبوونەوەی "کوردستان" بە دوو زمانی کوردی و فارسی بووەتە هۆی ئەوەی "کوردستان" ڕۆڵێکی گرنگتر لە ڕۆژنامەیەکی ئاسایی بگێڕێ. ئەو ڕۆژنامەیە زمانی کوردی لە حاڵەتی زمانێکی ناوچەیی و مۆزەخانەیی هێناوەتە دەر و بردوویەتییە ئاستی زمانی سیاسەت و حقووق و مۆدێرنیتە. ئەوەش بۆ خۆی وەڵامێکی جەرگبڕە بەوانەی دەیانەوێ پرسی کورد تا ئاستی مەسەلەیەکی ئەمنییەتی یا تەنیا و تەنیا فەرهەنگی بێننە خوار. هەشتا ساڵەیی تەمەن زەمانی خانەنشینی نیە.

بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان"، هەشتا ساڵەیی زەمانی نوێبوونەوە، خۆسازدانەوە، خۆگونجاندن دەگەڵ سەردەم و هەلومەرجی تازەی کۆمەڵگەی کوردستان و ئاستی بەرزی خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. ئەگەر "کوردستان" دەیهەوێ هەروا کاریگەر بمێنێ، پێویستی بەوەیە ئاڵوگۆڕی جیددی و هەموولایەنە بەسەر فۆرم و نێوەرۆک و میتۆدەکانی کاری خۆیدا بێنێ. بۆ نموونە: دەبێت هەوڵ دا ببێتە ڕۆژنامەیەکی چەند کەناڵی و لە فۆرماتی جۆراوجۆردا بڵاو بێتەوە. بۆ ئەوەی پەیامەکانی بگەیەنێتە نەوەی نوێی کوردستان، دەبێ لە پۆدکاست و ڤیدیۆ و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانی سەردەم کەڵک وەرگرێ. لە لایەکی دیکەشەوە "کوردستان" هەروەک ڕابردوو دەبێت دیقەت و ئەخلاقی ڕۆژنامەوانیی خۆی بپارێزێ. لە سەردەمی فەیکنیوزدا، ئەوە گەورەترین سەرمایەی هەر ڕاگەیەنەرێکی گشتی و مێدیایەکی جیددییە. کۆمەڵگەی کوردستان ئێستا کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتووە. "کوردستان" دەبێت تێبکۆشێ دەنگی هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان بێت. خەبات و تێکۆشانی ژنان، لاوان، خوێندکاران، کرێکاران، زەحمەتکێشان، بازارییەکان، مامۆستایان و... هتد بە گوێی دونیا بگەیەنێ. ئەوە نێوەرۆکی ڕۆژنامەی "کوردستان" دەوڵەمەندتر دەکات.

ئێستا لە سەروبەندی دەستپێکردنی سەدەیەکی تازە لە بڵاوبوونەوەی "کوردستان"دا پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە ئایا ئەو ڕۆژنامەیە دەتوانێ لە "ئۆرگانی حیزب"ەوە ببێتە زمانحاڵی هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران. وەڵامدانەوە بەو پرسیارە داهاتوو و شوێن و پێگەی سیاسیی "کوردستان" دەستەبەر دەکا. لە کۆتاییدا دەبێت بزانین کە ئەرکی ئەوەڵ و ئاخری "کوردستان" ئەوەیە ڕێگا نەدات میللەتێک خۆی و ناسنامە و مێژووی خۆی لەبیر بکات.

# "کوردستان" لە دەوڵەتدارییەوە هەتا بەردەوامیی لە تاراوگەدا

**ناهید حوسێنی**

هەشتا ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا تێدەپەڕێت. هەشتا ساڵ کە نەک هەر تەمەنی بڵاوکراوەیەک، بەڵکوو دیرۆکی پڕ هەوراز و نشیوی نەتەوەیەک، بزووتنەوەیەک و ئامانجێکی لەخۆیدا هەڵگرتووە. "کوردستان" هەر لە سەرەتاوە، نەک هەر ڕۆژنامەیەک، بەڵکوو دەنگی فەرمیی دەسەڵاتی پێڕەوکەی کۆماری کوردستان، تریبۆنی ئیرادەی سیاسیی نەتەوەیەکی بێبەش لە مافی نەتەوەیی و ئاوێنەی ئاواتە گشتییەکانی کورد بۆ ئازادی، دادپەروەری و کەرامەتی مرۆیی بووە.

بڵاوکردنەوە و دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە بەستێنی شکڵگرتنی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد، هاوکات بوو لەگەڵ ئەزموونێکی کەموێنە لە دەوڵەتداریی کوردی. لەو برگە هەستیارە مێژووییەدا، ڕۆژنامە نەک هەر وەکوو ئەرکی ڕاگەیاندن، بەڵکوو بەرپرسایەتی و ئەرکی چەسپاندنی ڕەوایی سیاسی، بڕەودان بە زانیاریی گشتی و فۆرمووڵە کردنی زمانی فەرمیی دەوڵەتێکی لە ئەستۆ بوو. "کوردستان" لەو سەردەمەدا، هاوکات زمانی دەوڵەت و نەتەوە بوو. پردێک لە نێوان دەسەڵاتی پێڕەوکە و کۆمەڵگەیەک کە بۆ یەکەمجار خۆی لە بەژن و قەڵافەتی مژارێکی سیاسیی سەربەخۆدا دەبینییەوە.

پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و سەرکوتی بێبەزەییانەی ئەو دەسەڵاتە، هەموو شیمانە و ئاماژەکان ئەوەبوون کە "کوردستان"یش چارەنووسی زۆربەی ناوەند و دامەزراوەکانی ئەو ئەزموونە کەم تەمەنە بەرۆکی بگرێت، بەڵام مێژوو ڕێڕەوێکی دیکەی گرتەبەر. ئەوەی هەرەسی هێنا پێکهاتەی دەوڵەتەکە بوو نەک ئیرادەی سیاسیی و نەک بیرگەی کۆیی و گشتی نەتەوەیەک. ڕۆژنامەی "کوردستان" ئەگەرچی لە جوغرافیای دەوڵەتەکەی هەڵبڕا، بەڵام لە ئەرک و بەرپرسایەتیی خۆی دانەبڕا. لێرەوە بوو کە وەرزێکی نوێ لە ژیانی ئەم بڵاوکراوەیە دەستی پێکرد. وەرزی بەردەوامیی لە تاراوگە.

لە دوورەوڵاتی و تاراوگە، "کوردستان" چیتر ئۆرگانی دەوڵەتێکی سەقامگیر نەبوو، بەڵام وەکوو ڕابوردوو هەڵگری بیرۆکەی دەوڵەتداری و مافی سەروەریی نەتەوەیی مایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە وردە وردە بوو بە ئۆرگانی فەرمیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لەم پێگەیەدا، ڕۆڵی خۆی لەگەڵ دۆخی نوێ ڕێکخست و خۆی پێناسە کردەوە.

"کوردستان" لە تاراوگە بوو بە دەنگی خۆڕاگری و بەرگری، دەنگێک کە هەوڵی دەدا هەرەس و شکستی سیاسی و نیزامی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان نەبێ بەژێر ڕەشەبای فەرامۆشییەوە و نەبێت بە بەشێک لە مێژوویەکی درەوشاوە بەڵام بەسەرچوو. لە دەیەکانی پاش کۆماری کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" بوو بە یەکێک لە گرینگترینی کەرەستەکانی ڕاگری یەکگرتوویی دیسکۆرسی نەتەوەیی. لە بارودۆخێکدا کە سەرکوت، سانسۆڕ و دابڕاویی جوغرافیایی، پەیوەندییە دەروون کۆمەڵایەتییەکانی ئاستەم کردبوو، ئەوە ڕۆژنامەی "کوردستان" بوو کە وەکوو ڕایەڵەیەکی کارا، ڕابوردووی لە ئێستا و ئێستای لە داهاتوو موتوربە دەکرد و گرێی دەدا. بەردەوامیی دەرچوونی "کوردستان" لە تاراوگە، بە واتای خۆڕاگری و بەرگری بوو. بەرگریی کولتووری، سیاسی و هێماخوازی.

"کوردستان" لەم برگە لە مێژووی خۆیدا، هاوکات لەگەڵ ڕەنگدانەوەی خەباتی سیاسی و نیزامیی حیزبی دێموکرات، هەوڵی دەدا وێنایەکی گشتگیرتر لە پرسی کورد لە ئێراندا بخاتە بەر دید و بیورووژێنێت. لاپەڕەکانی بوو بە پێگە و نوێنگەی تۆمار کردنی ئەزموونەکانی سەرکەوتن و شکست، هەوراز و نشیوەکانی ڕێگای سەختی خەبات و لێکدانەوە و شی کردنەوەی دۆخە نێوخۆیی و ناوچەییەکان. بەوپێیە، ڕۆژنامەی "کوردستان" سنووری بڵاوکراوەیەکی ئاسایی کە تەنیا ئەرکی هەواڵدەریی بێتی تێپەڕاند و هەڵکشا بۆ بیرگەی نووسراو و تۆمارکراوی بزووتنەوەیەکی سیاسی.

خاڵێکی گرینگ لە ڕەوتی بەردەوامیی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا ئەوەیە کە، ئەم بڵاوکراوەیە هەرگیز لە چوارچێوەی ڕابوردوویەکی نۆستالژیکدا بەرتەسک نەبوویەوە. هەرچەند کۆماری کوردستان هەردەم یەکێک لەو وێستگە و بڕگە گرینگانە بووە کە ڕۆژنامەی کوردستان ئاوڕی لێ داوەتەوە، بەڵام هەوڵیشی داوە ئەم ئەزموونە مێژووییە لە بەر تیشکی دۆخی نوێی خۆیدا شی بکاتەوە و خوێندنەوەی بۆ بکات. "کوردستان" لە تاراوگە، دەوڵەتداریی نەک وەکوو بیرەوەرییەکی داخراو، بەڵکوو وەکوو ئاسۆیەکی کراوە، گەش و هیوایەک بۆ دوارۆژ وێنا دەکات. ئاسۆیەک کە هێشتاش لە زەین و خەباتی سیاسیی نەتەوەی کوردا زیندووە و هەناسە دەدات و دەدرەوشێتەوە.

لەم ڕەوتەدا، ڕۆژنامەی "کوردستان" ڕۆڵێکی گرینگی لە گێڕانەوەی ڕەوایی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا گێڕا. بڵاو کردنەوەی ڕێکوپێک و دانەبڕاوی بەیاننامەکان، لێکدانەوەکان و هەڵوێستە فەرمییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بوو بە هۆی ئەوە کە ڕۆژنامەی "کوردستان" ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ دەربڕینی ڕێچکەی حیزبی دێموکرات، بەمەبەستی بەرچاوڕوونی ئەندامان و لایەنگرانی و بۆ ناساندنی ڕێبازەکەی بە کۆمەڵگەی کوردی و دەرەوەی ئەو کۆمەڵگەیە. هەوکات ئەم ڕۆژنامەیە هەوڵی داوە سنوورەکانی بڵاوکراوەیەکی حیزبی تێپەڕێنێت و ببێتە دەنگی خواستە گشتییەکانی کۆمەڵگە، وەکوو مافە نەتەوەییەکان، ئازادییە دێموکراتیکەکان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

لە ڕوانگەی مێژووییەوە، بەردەوامیی "کوردستان" لە تاراوگە دەرخەری ئەوەیە کە دەوڵەتداری تەنیا ئەوە نییە کە پێت لەسەر خاکی خۆت گیر بێت و دامەزراوەی فەرمییت هەبێت(هەرچەند ئەوە فاکتەرێکی حاشا هەڵنەگر و بنەڕەتییە)، بەڵکوو دەوڵەتداری دەکرێت لە چوارچێوەی دیسکۆرس، بیرگە و ڕێکخستنی سیاسیدا بەردەوام بێت. ڕۆژنامەی "کوردستان" یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکان و یەکێک لە گرینگترینی بەستێنەکانی ئەم بەردەوامییە بووە، بەستێنێک کە ئایدیای سەروەری و دەسەڵاتی نەتەوەیی کوردی لە جیلێکەوە بۆ جیلێکی دیکە گواستۆتەوە.


ئەمڕۆ، لە یادی هەشتا ساڵەی دەرچوون و بڵاوبوونەوەی "کوردستان"دا، ئەم ڕۆژنامەیە نەک هەر یادگاری برگەیەکی مێژوویی، بەڵکوو بەڵگەیەکی زیندووە لە خۆڕاگریی سیاسی و کولتووری نەتەوەیەک. "کوردستان" بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی بە دڵنیاییەوە بڵێین کە تاراوگە لە بوونی خۆیدا بە مانای دابڕان نییە، بەڵکوو دەتوانێت خۆی لە فۆرمێکی دیکەی بەردەوامییدا پێناسە بکاتەوە. بەردەوامییەک کە لەودا پێنووس دەبێتە نیشتمان و بیرگەی گشتی شوێنی دامەزراوە لەکیس چووەکان دەگرێتەوە.

بەرزڕاگرتنی هەشتا ساڵەی درچوونی "کوردستان"، لە ڕاستیدا ڕێزگرتنە لە بەردەوامیی ئیرادەیەک کە لە ناخی ئەزموونێکی کەمتەمەن لە دەوڵەتداریدا لەدایکبوو و چەندین دەیە لە سەرکوت و دوورخستنەوەی تێپەڕاندووە.

ئەوەی لەم دەرفەتە کورتەدا ماوە بیڵێم ئەوەیە کە ڕۆژنامەی "کوردستان" لە خۆیدا پرسیارێکی بنەڕەتیشی هەڵگرتووە کە، چلۆن دەکرێت دەوڵەتت نەبێ، کەچی بێدەنگییش هەڵنەبژێریت؟ وەڵامی "کوردستان" بۆ ئەم پرسیارە، لە ناخی مێژوووەکەیدا تۆمار کراوە، مێژوویەک کە دەیسەلمێنێت کە دەنگ ئەگەر خاشەی لە ماف و شوناسی مرۆڤدا بێت، تەنانەت لە تاراوگەشدا کپ نابێتەوە.



# "کوردستان" پردی نەپساوەی نێوان نەسڵەکان



شەماڵ تەرغیبی

**بەرایی**

ڕۆژنامەی "کوردستان" بە ٨٠ ساڵ تەمەن و ٩١٠ ژمارەی وەشان لە دەورەی نوێی خەباتی ڕاگەیاندنی خۆیدا، نەتەنیا تەمەندرێژترین وەشانی کوردییە، بەڵکوو خاوەن تایبەتمەندیگەلێکە کە لە مێژووی وەشانی کورددا بێوێنەیە؛ ٩١٠ ژمارە داهێنان و ٨٠ ساڵ وەشانی پڕ لە کەندوکۆسپ، بەڵام پڕ لە شانازی، "کوردستان"ی کردۆتە تاقانەی ڕۆژنامەکانی کوردی بە چەشنێک کە دەکرێ بڵێین مێژووی "کوردستان" لە ڕۆژی دەسپێکیەوە بە مێژوو و بەسەرهاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرێ دراوە و ئەم دووە، دووانەی لێکدانەبڕاون.

ئەوەی کە گرنگی دەداتە دیاردە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان، هۆی سەرهەڵدان یان بەستێنەکانی پێکهێنانی دیاردەکان نیە، بەڵکوو شوێنەواری ئەو دیاردانەیە لەسەر ڕەوتی کۆمەڵگە و ئەو شوێنەی دیاردەکان تێیدا سەریان هەڵداوە. لەو ڕووەوە دوای ٩١٠ ژمارە وەشان و زیاتر لە ٨٠ ساڵ کاری بەردەوام، گەڕانەوە بۆ دواوە و لێکدانەوەی ڕۆڵی "کوردستان" وەک بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی کە لە ڕۆژی دامەزرانندنییەوە تا ئەمڕۆ، سەرەڕای بوونی پشووودانی کاتی، قەت لە خەبات نەوەستاوە و یارێکی وەفادار و بەئەمەگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دەنگێکی ڕاستگۆی بزاڤی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، کارێکی هەرچەند پێویست، بەڵام دژوارە. بەم پێیە ئاوڕدانەوە لە مێژووی کوردستان، ئاوڕدانەوەیە لە مێژووی پڕ تەنگوچەڵەمەی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرایەتیی حیزب و کۆی ئەو تێکۆشەر و نووسەرانەی کە خاوەن قەڵەمی دەربەست بوون و خامەیان بە ڕاستەڕێی خەبات بۆ ئازادی چووەتە سەر تێنووس؛ خەبات بۆ ئازادی لە چنگی بێدادی و گوشاری پۆلیسیی ڕێژیمەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی. لە هەمان کاتیشدا دەکرێ بڵێین ڕۆژنامەی کوردستان یەکێک لە شانازییەکانی حیزبی دێموکرات و خەباتی مافویستانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە وێڕای ڕۆڵی بەرچاوی لە گەشەدان بە زمانی کوردی بە "ئاوێنەی باڵانوێنی هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزب" دەژمێردرێ.

ڕەنگە بکرێ زۆر تایبەتمەندی بەرجەستە بۆ ڕۆژنامەی کوردستان بخرێتە سەر تێنووس و ڕیزبەندییەکیان لێ ساز بکرێ، لەوانەش بەڵگەنامەیی بوونی ئەم ڕۆژنامەیە، بەکارهێنانی زمانی بەدوور لە تۆمەت وەپاڵدان و سووکایەتی پێکردن و...هتد. بەڵام لەم دەرفەتەدا هەوڵ دەدرێ لە ڕوانینێکی جیاوازتر و بە دوور لە پێداهەڵکوتن و لەسەر بناغەی فاکت و پێوەری ئاوەزمەندانە لەسەر "کوردستان" بدوێین؛ بەم پێیە بەگشتی دەتوانین کوردستان لەڕووی گوتارییەوە بەسەر پێنج گوتار دابەش بکەین یان بە دیوێکی تریدا بڵێین کوردستان لە پێنج ڕەهەندی فکرییەوە کاری کردوە کە بریتین لە:

١. گوتاری خودئاگایی نەتەوەیی (لە قۆناخی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ.ک، حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستاندا).
٢. گوتاری نەتەوایەتی - دێموکراتی (لە قۆناخی ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران)
٣. گوتاری بەرخۆدانی نەتەوەیی (لە قۆناخی هێرشی ڕێژیمی ئاخووندی بۆ سەر کوردستان تا دەیەی ٧٠ی هەتاوی و هاتنەئارای ڕیفۆرمی دەوڵەتی)
٤. گوتاری مافەکانی مرۆڤ (لە ساڵی ١٣٧٦ەوە تا ئێستا).
٥. گوتاری ڕۆشنگەریی سیاسی (لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی تا ئێستا).

## گوتاری خودئاگایی نەتەوەیی

ئامادەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای دامەزرانندنی بۆ ڕاگەیاندنی کۆمار، پێویستیی بە ئامادەکردنی بەستێنی هزری لای کۆمەڵگە هەبوو بۆ بەدەستەوەگرتنی مافی چارەنووسی خۆی و گەشەکردنی ناسنامەی هاوبەش لە ڕوانگەی حیزبێکی مۆدێرن و ڕێکخراوێکی تازەوە کە ئەمە لەدایکبوونی "کوردستان"ی لێ کەوتەوە. لە ماوەی تەمەنی کۆماردا، "کوردستان" وەک تریبۆنی گەیاندنی پەیامی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات تەنیا وەک "ئۆرگانێکی" کۆمیتەی ناوەندی حیزب کاری نەکردوە، بەڵکوو کەناڵێکی پێوەندیی نێوان کۆماری کوردستان و خەڵکی کوردستان بووە و سیاسەت و ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە کۆماری کوردستانی شی کردۆتەوە. لە هەمان کاتیشدا هەوڵی داوە پرسی خودئاگایی نەتەوەیی بەرجەستەتر بکاتەوە؛ بەو واتایە کە ئەگەر تا پێش لە دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، خەڵک بە کەمی شارەزاییان لەسەر مێژوو، ماف و ئەرکە نەتەوەییەکانیان هەبوو، ئەوا ڕێبەرایەتیی حیزب و کۆمار لە ڕێگەی "کوردستان"ەوە هەوڵی ئەوەیان دا کە بە قەڵەمی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە و بە زمانێکی سادە و پاراو تێیان بگەیەنن کە مافەکانیان چییە؟ مێژووەکەیان کامەیە؟ ئەرکەکانیان بەرانبەر بە نیشتمان چین؟

نەسڵی یەکەم یان نەوەی یەکەم کە نەوەی دامەزرێنەری حیزب و پێکهێنەران و یەکەم نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" بوون خاوەنی ئەزموونی "تەحەزوب" و ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕاگەیاندنی حیزبی بەتایبەتی نەبوون، بەڵام توانییان بە دانانی بەردی بناغەیەکی بەهێز لەسەر بنەوای بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی کارێک بکەن بۆ ئەوەی ئەمڕۆش و دوای ٨٠ ساڵ، "کوردستان" هەروەها یەکەم چاپەمەنیی بەتەمەنترین حیزبی کوردستان بمێنێتەوە. لەو ڕووەوە دانانی ستراتیژی، دارشتنی قەوارە و پرۆسەی بەڕێوەبەری و بڵاوکردنەوەی کوردستان لەو سەردەمەدا جێگای سەرنجە. نەسڵی یەکەم هەروەها ئەرکی داهێنانی یەکەم پەیڤ و زاراوەکانی ڕێنێسانسی بزاڤی نەتەوایەتییان بە ئەستۆ بووە. ٨٠ ساڵ دوای ئەو سەردەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و کۆمەڵگەی کوردستان، تێگەیشتن لە قورسایی کاری دامەزرێنەرانی "کوردستان" مرۆڤ دێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە لەو سەردەمەدا چ شاکارێک ئەنجام دراوە.

لەم قۆناغەدا کە کەسانێک وەک سەید محەممەد حەمیدی، هاشم خەلیلزادە، مامۆستا هێمن و زەبیحی، مەلا قادری مودەڕیس و عەلی خوسرەوی وەک نووسەر و بەڕێوەبەر کاریان تێدا کردوە، هەموو هەوڵەکان بریتی بووە لە: بەرزکردنەوەی ئاگایی گشتی کۆمەڵگە و بوونە تریبۆنێکی جێی متمانەی کۆمار. هەروەک چۆن لە یەکەم ژمارەیدا بە ڕێکەوتی ٢٠ بەفرانباری ١٣٢٤ و بە ناونیشانی "ئامانجی ئێمە" دەنووسن:

"لەم کاتەدا کە خاکی کوردستان لە هەموو وەختێک زیاتر پێویستی بە فیداکاریی کوڕەکانیەتی، لەو ئانەدا کە هەموو نەتەوەکانی گیتی بۆ ڕاگرتن، بۆ وەدەستهێنانی سەربەستی و ئازادی خۆیان و بۆ وەدەستخستنی وەسائیلی پێشکەوتنی هاونیشتمانەکانیان لە تەقەلا دەدەن.

لەم وەختەدا کە هەموو نەتەوەکانی عالەم غەیرەز سەربەستی و گەورەیی نیشتمانەکەیان ئامانجێکیان نیە و بە شەو و بە ڕۆژ بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هەوڵ دەدەن؛ ئێمە خەریکی چین و ئامانجمان چییە؟

پاش چەندین ساڵ دەربەدەری و سەرکزی و بەند و تێهەڵدانی بێژمار و قوڕبەسەری و هەژاری، لە پاش ئەوەی بە ئیشارەی دوژمنان بە نێوی مەنگوڕ و مامەش و زەرزا و دێبوکری و گەورک و گەلباغی و... کەوتبووینە گیان و ماڵی یەکتر، خوێنی یەکترمان دەمژی و دەرشت و بۆ قازانجی شەخسی خۆمان هیچ شتێکمان نەدەهاتە بەرچاو و هەر خەریک بووین دووبەرەکی و تەفرەقە بخەینە نێو یەکتر، بەکورتی پاش ئەوەی هیچ وەختێک لە بیری هاونیشتمانی خۆماندا نەبووین و لە تەپوتۆزی زەمانە بەغەیری نەفعی خۆمان بیرێکمان نەبوو و دوژمنەکان نەیاندەهێشت بە زمانی خۆمان بخوێنین و لە تیشکی زانستی سەدەی بیستەم بێبەش کرابووین، بیری سەربەستی لە لامان خەیاڵپووچ بوو و ئەوانەش کە بیرێکیان هەبوو کەمبوون، بەتایبەتی غووڵی ئیستیبدادی ڕەزاخان بەجارێک پشتی ئێمەی شکاندبوو.

پیاوە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان یا کوژران یا لە شیراز و تاران و خوراساندا بەند کرابوون. لەو کاتەدا کە زیللەت و دەربەدەری بە نوقتەی ئاخر گەیشت، خودای بەرز هاتە سەر ڕەحم و بزەی بە ئێمە داهات، شەهریوەری ١٣٢٠ هاتە پێش. ئێمە لە زنجیری دیلی ڕزگاریمان بوو و دەستی بەستراومان کرایەوە، چاوی نوستوومان وەخەبەر هات. کۆمەڵێک لە لاوان و گەنجانی کوردستان کۆبوونەوە، دەستی برایەتی و یەکیەتییان دایە دەست یەک، بێوچان سەعییان بە خەرج دا تا حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بە وجود هێنا و هەر بەرهەڵست و خائینێک کە لەناو کوردستاندا هەبوو لە نێویان هەڵگرت؛ حیزبی دێموکرات لە مەودایەکی کەمدا توانی لقی خۆی لە تەواوی شارەکانی کوردستانی ئێران بکاتەوە، ئێستا لە کوردستاندا نێوی مەنگوڕ و مامەش و زەرزا و دێبوکری و... و هەر پیتێ کە بۆنی جیایی لێ بێ ناگوترێ.

هەموو بە یەک دەنگ دەڵێن ئێمە کوردین و کوردمان دەوێ، ئەمڕۆ سەرکزیمان بە سەربڵێندی و هەژاریمان بە دەوڵەمەندی و دووبەرەکیمان بە یەکیەتیی گۆڕیوەتەوە.

هاونیشتمانان، بە چاوێک تەماشا دەکەین و هەموومان بۆ میللەت کار دەکەین و بە زمانی شیرینی کوردی دەخوێنین، ئەخلاقی خراپمان گۆڕیوەتەوە بە ئەخلاقی چاک.

ئێمە کە بە دڵمانا نەدەهات خاوەنی چاپخانە و ئینتشارات بین؛ ئەوا بە یارمەتی خوا نامەی کوردستان داندرا و هەوەڵ ژمارەی بڵاوکرایەوە، ئەم نامەیە کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڵاو دەبێتەوە دەیەوێ قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتیحاد و برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناغەکەی بە زانست و هونەر و لەشساغی داندرابێ و بتوانێ دەگەڵ دووبەرەکی و بێدینی و هەموو جۆرە ڕەوشتێک کە بۆ سەربەستی زەرەر بێت بەربەرەکانی بکەین؛ وەها قایم و بەهێز بێت کە هیچ هێزێک نەتوانێ بەربەرەکانی لەگەڵا بکا."



خەرمانانی ١٤٠٤، بەشێک لە ستافی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە قەڵای دێموکرات

## گوتاری نەتەوایەتی - دێموکراتی

نەسڵی دووهەم، کە بە وتەی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو، نەسڵی دوای کۆماری کوردستانە، تا سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا، بڕبڕەی پشت و هێزی سەرەکیی حیزب و بزاڤی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. ئەو نەسڵە جگە لە درێژەدانی ڕێبازی نەسڵی یەکەمی کوردستان، دارشتنەوەی کوردستان بەپێی ئەزموونەکانی زیاتر لە ٢٥ ساڵ کاری نهێنی و گۆڕانکارییەکانی "حەشیمەتی" و سیاسیی کوردستان بوو. ئەو نەسڵە کە چەندین ساڵ دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و حیزبی دێموکرات، ڕۆڵی ئەساسیی لە ڕێبەرایەتی و کاروباری حیزبدا دەبینێ، خاوەنی هەندێک تایبەتمەندین کە هەم لە ڕۆژنامەکانی کوردستان و هەم لە بڵاوکراوەکانی دیکەی حیزبیدا بەجوانی بەدی دەکرێن. ئەو نەسڵە هەروەها فیداکارترین نەسڵی حیزبی دێموکرات دەژمێردرێن کە لە ماوەی حکوومەتی دیکتاتۆری پەهلەویدا و لە سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەرخۆدانی گەلی کورد دژی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی، دژوارترین دەورانی خەبات و بەڕێوەبەریی شۆڕشیان تێپەڕ کردوە. هەر لەو کاتەدا بەهۆی "حاکمبوونی" جەوی ئایدیۆلۆژی و جیهانی دووجەمسەری، وەشاندنی ڕۆژنامەیەک بە بیری نەتەوایەتی و دێموکراتیک ئەرکی ئەو نەسڵەی لە نەسڵی پێش خۆی، کە ڕکەبەرێکی ئەوتۆی ئایدیۆلۆژی جگە لە دەسەڵاتخوازانی شۆڤێنیست نەبووە، قورستر کردوە.

لەم قۆناغەدا کاروباری چاپ و وەشانی "کوردستان" لەوپەڕی دژواری و سەختیدا بەڕێوە چوو. خەباتی کورد چووە قۆناغێکی نهێنی و کەشێکی تەواو پۆلیسی باڵی بەسەر کوردستان و چالاکانی سیاسی و خەباتکارانی حیزبی دێموکرات کێشا؛ بەشێکی بەرچاوی خەباتگێڕان یان بەنهێنی چالاکییان دەکرد یان ناچار بوون پەڕیوەی باشووری کوردستان و هەندەران بن. هەر ئەمەش وای کرد کە بەشی هەرەزۆری ئەرکەکانی چاپکردنی ڕۆژنامە لەم سەردەمەدا یان بەنهێنی بکرێ یان لە دوورەوڵاتی و ئاوارەیی و بەدوور لە زێد و ژینگەی سیاسی کوردستان؛ هاوشێوەی هەمان قۆناغ کە حیزبی دێموکرات پێیدا تێپەڕیوە. ئەم ئەرکەش تەنیا لە لایەن دڵسۆزان و خەمخۆرانی نیشتمانی کوردانەوە جێبەجێ کرا کە بەرچاوترینیان ڕێبەری شەهیدمان د.قاسملوو بوو کە لە ئورووپاوە ئەم ئەرکەی لەئەستۆ گرت و توانی لەم ماوەیەدا ٢٦ ژمارە لە ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو بکاتەوە کە بە "کوردستان"ی پراگ ناوبانگی دەرکردوە؛ ئەگەرچی ئەم "کوردستان"ە ناوی ئۆرگان یان زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی لەسەر نەبووە، بەڵام فکر و پرۆژەی فکری و دونیابینییەکەی هەر لە دەورووبەری فکری حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە.

## گوتاری بەرخۆدانی نەتەوەیی

دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧، تاقمێک ئاخووندی کۆنەپەرەست بەری قوربانی و مایەدانانی تێکۆشەرانی دژبەری ڕێژیمی پاشایەتییان بە تاڵان برد و ئاقار و ڕەوتی خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی لە ئێران گۆڕدرا بۆ هاتنەسەرکاری ڕێژیمێکی تۆتالیتەری هاوشێوەی پاشایەتی تەنیا بە جیاوازی جلوبەرگەوە!

ئەم نەهامەتییە نوێیە کە ڕووی لە جوغرافیای سیاسیی ئێران کرد لە ماوەیەکی کورتدا زات و ناخی ڕاستەقینەی خۆی پیشان دا و یەکەم پەلامارەکانیشی بۆ سەر کوردستان و کورد و خەباتکارانی دەست پێکرد؛ لووتکەی جینایەتکارییەکانی ڕێژیمی نوێیش لە فەرمانی بەدناوی جیهادی خومەینی خۆی پیشان دا کە تا ئەوڕۆش ئەم فتوایە کاری پێ دەکرێ.

لەم قۆناغە بەدواوە ئیتر "کوردستان" لە فازێکی نوێدا خۆی بینییەوە و خەباتی ڕۆژنامەوانی خۆی درێژە پێ دا؛ لاوانی کوردستان دوای هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر نیشتمانەکەمان، نەتەنیا ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەرخۆدانی شۆڕشگێڕانە دژی داگیرکەر بینی، بەڵکوو بەشێکی بەرچاویان "کوردستان"یان کردە سەنگەری خەباتی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی خۆیان. ئەو نەسڵە کە پەروەردەکراوی نەسڵی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون بەشێکی زۆری تا ئەمڕۆش مۆتۆری بزاڤی نەتەوایەتی و ڕاگەیاندنی حیزبی لە نێوخۆ و دەرەوەی حیزب لە ئەستۆیە.

ئەم قۆناغە لە خەباتی "کوردستان" زیاتر بریتی بووە لە: بەهێزترکردنی گوتاری بەرخۆدانی نەتەوەیی؛ بەرخودانێک کە وەک باس کرا لە پاش فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان و وەک کردارێکی بەرهەڵستکارانە بۆ مانەوەی گەل بڕیاری لەسەر درا. لە ژمارەکانی ئەم قۆناغەدا ئەوەی کە زیاتر بەرچاو دەکەوێ، هەوڵدانە بۆ ڕووماڵکردنی ڕووداوەکانی ڕۆژی جیهان، ناوچە، ئێران، کوردستان و لە هەمان کاتدا لەقاودانی سیاسەتە دژەگەلییەکانی ڕێژیم و جینایەتکارییەکانی لە کوردستان و هەروەها بڵاوکردنەوە و ئاشکراکردنی جیهانبینییە دروست و دەربەستەکانی حیزبی دێموکرات بەرانبەر بە کۆی ڕووداوەکانی سەردەم.

هەر ئەم سیاسەتە کارییەش کە بە زمانێکی سادە و پاراو و ڕووڕاست ڕوو لە گەلی کورد و باقی گەلانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران بڵاو دەکرایەوە، لەڕاستیدا بووە هۆکاری پێگەدارتربوونی ڕۆژنامەکە و بەردەوامی تەمەنی کە نەسڵەکانی دواتر خەباتیان تێدا کرد.

## گوتاری مافەکانی مرۆڤ

نەسڵی چوارەمی بەڕێوەبەری "کوردستان"، نەسڵێکە کە گەورەبووی دوای حەفتاکان و ئەو کاتەیە کە شەڕی چەکداری وەک مێتۆدی سەرەکی خەبات لە کوردستان ڕاوەستێندرا. نوێنەرانی ئەو نەسڵە کە زۆربەی هەرە زۆریان لاوانی لەدایکبووی سەروبەند یان دوای شۆڕشی ٥٧ن، هەروەها پێگەیشتووی دەستپێکی سەدەی ڕاگەیاندن و ئینفۆرماتیکن.

درێژە بۆ لاپەڕەی ١٧

# "کوردستان"
# هەشتا ساڵ پاراستنی زمان و ناسنامە



سۆران عەلیپوور




به تێپەڕینی هەشتا ساڵ بە سەر چاپ کردن و بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ و ڕوانینێک بە ڕابردووی پڕ لە ئاستەنگ و هەوراز و نشێوی ئەو ڕۆژنامەیەدا، بە بوێرییەوە دەتوانین بڵێین کە چیدیکە باس لە ڕۆژنامەیەک وەک ئۆرگانێک و زمانحاڵی حیزبێکی سیاسی ناکەین، ئێمە لە بەردەم میراتێکی سیاسی و کولتووری نەتەوەیەک دا ڕاوەستاوین کە بە درێژایی هەشتا ساڵ بەرگری لە پرسی ڕەوای کورد کردووە و پارێزەرێکی هەمیشەیی کلتوور و زمانەکەی بووە. میراتێک کە بێجگە لەوەی سەرچاوەیەکی گرینگی تۆمار و مێژووی کۆمار و ڕووداوەکانی کوردستان بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە هاوکات نموونەی بڵاوکراوەیەکی نەفەس درێژە کە زۆربەی تەمەنی خۆی لە ئاوارەیی و شەڕ و گەمارۆ و بێدەرەتانی و هەڕەشە و نهێنیکاریدا تێپەڕ کردووە.

ئەو ڕۆژنامەیە کە چەند ڕۆژ پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاوکرایەوە و بە جۆرێک درێژەدەری گۆڤاری "نیشتمان"ی کۆمەڵەی ژێ/کاف بوو، هەم مێژوویەکەی و هەم چارەنووسەکەی بە چارەنووسی حیزب و نەتەوەکەیەوە بەسترایەوە، کوردستان بێجگە لەوەی کە کۆڵەکەیەکی ڕاوەستاوی ڕۆژنامەنووسی کوردییە، هاوکات هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندیشە کە سیمایەکی جیاوازیان بە کوردستان داوە. ناونانی ڕۆژنامەکە بە "کوردستان" ڕێک وەک یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە لە لایەن میقداد میدحەت بەدرخان نزیکەی نیوسەدە پێشتر بڵاو کرابۆوە، هەڵگری کۆمەڵێک پەیامی سیمبولیک و زمانی بوو کە بێجگە لە ڕۆلە سیاسیەکەی، ڕایەڵکەیەکی زمانی و کلتووری لە نێوان دوو ساتەوەختی مێژوویی دا دروست دەکرد، سەردەمێک کە کورد لە دەروازەی سەدەیەکی پڕ لە ڕووداو و گۆڕانکاریدا گەیشتبوو بە ئاستێک لە وشیاری نەتەوەیی لەگەڵ سەردەمی دامەزرانی کۆمار وەک دەرفەتێک بۆ بە دامەزراوەیی کردنی ئەو وشیارییە نەتەوەییە.

بڵاوبوونەوەی کوردستان لە یەکێک لە سەردەمە زێڕینەکانی ڕۆژنامەگەری کوریدا و لەپاڵ کۆمەڵێک گۆڤار و بڵاڤۆکی دیکەی وەک نیشتمان، هاواری کورد، هەڵاڵە و گڕوگاڵی منداڵان و ئەو خزمەتەی کە لە ١١٣ ژمارەی "کوردستان"دا * بە زمان و ناسنامە و کولتووری کوردی کرد جێگەی تێرامان و سەرنجە، لە یەکەم ژمارەی کوردستان دا وێڕای وتووێژێک لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد سەبارەت بە ویست و داخوازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوکات ئاگادارییەکیش بڵاو کراوەتەوە کە لەمەوبەدوا خوێندن بە زمانی کوردییەو هەموو خەڵک ئەرکدار دەکا کە منداڵەکانیان بۆ خوێندن ڕەوانەی مەدرەسەکان بکەن. لەوڕۆژەوە تا دەگاتە نوێترین ژمارەی کوردستان کە ئێستا لە بەردەستی خوێنەران دایە ئەو دوو ئێلیمێنتە واتە خاوەنداری کردن لە پرسی سیاسی، ناسنامەیی و نەتەوەیی گەلی کورد لەلایەک و پاراستن و پەرەپێدانی زمانەکەی لە لایەکی دیکەوە دوو تایبەتمەندیی هەمیشەیی کوردستان بوون.

بەرجەستەبوونی ئەو دوو پرسە لە کوردستاندا وەک زۆر ئاکتی دیکەی سیاسی بێجگە لە پێگەیشتوویی هەستی نەتەوەیی، کاردانەوەیەکیش بوو بە سیاسەتە پاوانخوازییەکانی ڕەزاشا کە لە ڕێگەی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند و لە ڕێگەی سانترالیزمی سیاسی و ئیدارییەوە لە هەوڵی دروستکردنی شوناسێکدا بوو بۆ خەڵکی ئێران، ئەو شوناسە داتاشراوە لەسەر بنەمای سڕینەوە و پەراوێزخستن و شێواندنی کولتوور و مێژووی نەتەوەکانی دیکە داڕێژرابوو، لەڕاستیدا پرۆسەیەکی ئاڵۆزی ئاسمیلەکردن بوو کە لە لە خوێندنگەکانەوە تاکوو پادگانەکانی ئەرتەش پیادە دەکرا. زمانی فارسی وەکوو زمانی فەرمی دیاری کرابوو و هەرچی لەگەڵ پێناسەی ڕەزاشا بۆ ئەو شوناسە نوێیە ئێرانییە دەگونجا بە مۆدێرن و پێشکەوتوو و شارستانی ئەژمار دەکرا و ئەوی دیکەش کە کولتوور و ناسنامەی نەتەوەکانی دیکە بوو بە دواکەوتوویی و عەشیرەییی بێکەڵک لەقەڵەم درا. سەرانی ژێ ـ کاف و پاشان سەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانیش بەتەواوەتی هەستیان بە مەترسییەکانی کۆنسێپتی دەوڵەت ـ نەتەوەی پەهلەوی کردبوو، هەم لە بڵاوکراوەی "نیشتمان" و هەم لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" یشدا ئەو گرینگیدانە بە شوناسی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەشی کورد بەتەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە.

جێی ئاماژەیە کە دوای تێکچوونی کۆمار دووبارە ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەستی خوێندکارانی کورد لە باکۆ کە لەسەردەمی کۆماردا ڕەوانەی باکۆ کرابوون لە ساڵی ١٣٢٦ەوە بڵاو دەکرێتەوە و بۆ ماوەی ١٦ ساڵێک وەک ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە، لەو دەورەیەدا کوردستان ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ نیە و پاشکۆیەکە لە گۆڤاری ئازەربایجانی ئۆرگانی ڕەسمی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، سەرنووسەری ئەو دەورەیەی کوردستان ڕەحیم سەیفی قازی بوو.

ئەو ڕۆژنامەیە لە تەمەنی هەشتا ساڵەی خۆیدا تەنیا لە دوو قۆناغی مێژوویی کورتدا وەک ڕۆژنامەیەکی ئاسایی و لە نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە ئازادی چاپ و بڵاو کراوەتەوە، قۆناغی یەکەم بەر لە چەند ڕۆژێک لە دامەزرانی کۆماری کوردستان دەست پێدەکا و تا ئاوابوونی تەمەنی کورتی کۆمار درێژە دەخایەنێ و قۆناغی دووەمیش لە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بۆ چەند مانگێک لەگەڵ خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات دا ڕۆژنامە بە چاپی ئۆفسێت و لە هەزاران نوسخەدا بڵاو دەبێتەوە. لە قۆناغی یەکەمدا کوردستان زیاتر وەک زمانحاڵی کۆماری کوردستان بە هەموو دامەزراوە سیاسی و سەربازی و ئیدارییەکانیەوە ڕۆڵ دەگێڕی، کەسانی ناسراوی مێژووی هزر و ئەدەبیاتی کوردی وەک سەید محەممەدی حەمیدی، هێمن، هەژار، حەسەنی قزڵجی و ...لەو ڕۆژنامەیەدا دەنووسن. بەشداری ئەو توێژە لە چینی ڕۆشنبیر، شاعیر و چیرۆکنووس و ئەدیب لەو قۆناغەی ژمارەی کوردستان دا مۆرکێکی تایبەتی بەخشیە ڕۆژنامەکە کە لە قۆناغەکانی دواتر و تا ئێستاش بە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەوە دیارە، واتە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی پەیام و وتارە سیاسیەکان ئەرکی پاراستنی زمان و ئەدەبیاتی کوردیش کرد بە ئەرکی خۆی.

پاش ڕووخانی کۆمار و لەگەڵ ئاوارەبوونی بەشێک لە ئەندامانی حیزب و نووسەرانی ڕۆژنامە بۆ ماوەیەکی کاتی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی کوردستانیش دەوەستێ تا ساڵی ١٩٧١ کە بۆ جارێکی دیکە لە بەغدا و لەسەر دەستی ئەندامانی حیزب لە ئاوارەییدا چاپ دەکرێتەوە، لەو دەورەی ڕۆژنامەی کوردستاندا کە تا ئێستاش بەردەوامە دووبارە کوردستان پارێزەرێکی دیاری داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و ئاوێنەی باڵانوێنی خەبات و بزووتنەوەکەیەتی و دووبارە پرسی زمان و کولتووری کوردی لەسەر دەستی کەسانێک کە هاوکات ئەندامی کۆڕی زانیاری کوردن بایەخێکی تایبەتی پێ دەدرێ.

هەڵبژاردەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری وەک د.قاسملوو، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، مامۆستا هێمن، کاک کەریم حیسامی، کاک هاشم کەریمی، کاک حەمەدەمینی سیراجی، کاک حەسەن ڕەستگار و جەلالی میراوەیی و دەیان کەسی دیکە و ڕووناکبیرانی باشووری کوردستانیش لە نووسەرانی دیاری ئەو دەورەیەی کوردستانن. چارەنووسی کوردستان دوای ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتیی تێکەڵیەکە لە چارەنووسی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان و خاوەنی ڕۆژنامەکە، دەورانێکی پڕ هەوراز و نشێو کە بە بڵاوبوونەوەی چەند ژمارەیەکی کوردستان لە کوردستانی ئازاد دەست پێ دەکا، تا دەگاتە ئاوارەیی و دۆڵە و دۆڵ کردن و گواستنەوەی لە کوێستانەوە بۆ دیوی گەرمێن و لە دوو دەورەشدا بڵاوبوونەوەی لە دوو شوێن و لە دوو بەرگی جیاوازدا و بە سیاسەتی جیاوازدا، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کوردستان بڵاوکراوەیەک بووە کە ڕاستگۆیی و زمانپاراوی خۆی پاراستووە و سەرەڕای هەوراز و نشێوی زۆر خاوەنداریێتی لە لە پرسی ڕەوای گەلێک کردووە و یەکێک لە پارێزگارە دیارەکانی ناسنامەکەی بووە . کاریگەری کوردستان لە سەر نووسەرانی کورد، گۆڤاری سروە، گۆڤاری مهاباد و زۆر ڕۆژنامە و بڵاڤۆکی و نووسراوەی دیکە کە لە ڕۆژهەڵات بڵاو دەبوونەوە بە ئاسانی دەناسرێتەوە.

ئێستا کە دوای هەشتا ساڵ ژمارە ٩١٠ی دەورەی دووەمی کوردستانتان لەبەردەست دایە، لەوانەیە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە چۆنە ڕۆژنامەیەک لەو ماوە دووروودرێژەدا هەر ٩١٠ ژمارەی لێ دەرچووە، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە بە شێوەی ڕۆژانە و وەک سەرچاوەیەک بۆ هەواڵ و زانیاری بەڕۆژ بۆ خاوەنی کوردستان کە هاوکات ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی سیاسی و چەکداری لەسەر شان بووە کارێکی ئاستەمە، بەڵام هەر ئەوە کە کوردستان بەردەوام بووە و لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردووشدا وەک بڵاوکراوەیەکی نیو مانگی بڵاوبۆتەوە و شوێنی گەشەکردن و پەروەردەکردنی دەیان قەڵەمی نوێ بووە و دوور لە زێدی خۆی دەنگی ڕۆژهەڵات، ناسنامە و زمانەکەی بووە ، شانازییەکی گەورەیە بۆ دوو هاوچارەنووسی کوردستان و حیزبی دێموکرات.

***

درێژەی...

## "کوردستان" پردی نەپساوەی نێوان نەسڵەکان

لە حەشیمەتناسیدا، "نەسڵ" بە خەڵکانێک دەوترێ کە قۆناخێکی ژیانیان پێکەوە دەست پێ کردبێ و بە کۆتاییان گەیاندبێ". لە ڕوانگەی ڕاگەیاندنیشدا "نەسڵ" گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، چوونکە نەسڵ بۆ نیشاندانی ڕادەی جیاوازیی تاکەکەسی و گرووپی و شیکردنەوەی فەرهەنگ و بەرژەوەندییەکان و کردەوەکان بە ڕادەی جیاوازی "چینایەتی کۆمەڵایەتی" گرنگی هەیە. مەبەست لە نەسڵ مەودای نێوان باوک و دایک و منداڵەکانە کە لە حاڵەتی ئاساییدا ٢٥ ساڵ دەخایەنێ؛ بەڵام لە کوردستاندا لەلایەک بەهۆی شەڕی داسەپاو بەسەر گەلی کورددەوە و لەلایەکی دیکەوە بەهۆی گرفتە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کە بۆتە هۆی دابەزینی نێونجی تەمەنی خەڵکی کورد و لەلایەکی دیکەوە بەهۆی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان لە ڕێگای کەناڵە جیاجیاکانی پێوەندییەوە، تەمەنی ئاڵوگۆڕی نەسڵەکان بە ١٥ بۆ ١٦ ساڵ دادەبەزێ.

لەو ڕووەوە ئەگەر ئێمە بڕوامان بە بۆچوونی دەروونناسان و کۆمەڵناسان لەمەڕ جۆری جیاوازیی ڕوانگەکان، بیر و هزر و ڕامانەکان و ویستەکانی نەسڵە جیاوازەکان هەبێ، ئەوکات سروشتییە کە، بڕوامان بەوە هەبێ کە هیچ نەسڵێک ئاوێنەی تەواوی ئاواتەکانی نەسڵەکانی پێش خۆی نیە و ناتوانێ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی نەسڵی پێشووی خۆی هەبێ. نەسڵی یەکەمی "کوردستان" نەسڵی خودموختاریخواز و خوازیاری وەدیهاتنی مافەکانی گەلی کورد لە دەستووری ئەوکاتی ئێراندا بوو. نەسڵی دووهەم جیا لە خودموختاری خوازیاری چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ناعەدالەتییە ئابوورییەکانی کوردستان بوو. بیروباوەڕی ئەو نەسڵە کە گەورەبووی دەورانی شەڕی "ئایدیۆلۆژییەکان" و شەڕی سارده، لە وتار و بابەتەکانی کوردستانی ئەو سەردەمەدا بە وردی دەبینرێ. نەسڵی سێهەم کە سەرهەڵداوی نەسڵی هۆشیاری نەتەوایەتی دوای ڕووخانی سۆڤیەت و جیهانی "سۆسیالیستی"یە قورسایی زۆرتر بە کێشەی نەتەوایەتی دەدا و کێشەکان ڕادیکاڵتر لە ئاستی خودموختاری و چارەسەری ناوچەیی دەبینێ و خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە سیستەمی سیاسیی ئەمڕۆی ئێرانە و گەڵاڵەداڕشتنێکی نوێی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان گەلانی پێکهێنەری ئێراندایە. نەسڵی چوارەم جیا لەوە کە گرنگییەکی تایبەت بە کێشەی مافی مرۆڤ، ژینگە و پاراستنی "کەرامەتی ئینسان" دەدات، بەلایەوە شارۆمەندی وڵاتێک بوون "نرخ نیە" بەڵکوو بەهای ژیانی مرۆڤ لە بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی وەک تاک و کۆمەڵ دەبینێ و نرخی شارۆمەندی لە ڕوانگەی نرخی بەها مرۆڤایەتییەکانەوە سەیر دەکا و لای وایە بزووتنەوەیەک دەتوانێ سەرکەوتوو بێ کە ناچار بە دووپاتکردنەوەی مێژوو نەبێ.

### گوتاری ڕۆشنگەریی سیاسی

لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی بەملاوە، کارگێڕانی "کوردستان" بە وەرگرتنی ئەزموونی نەسڵەکانی پێش لە خۆیان، بە خوێندنەوەیەکی بەرینتر لە ڕووداوەکانی سەردەم و جیهانبینییەکی نوێ کە دەکرێ بڵێین بەهۆی پەرەسەندن و گەشەسەندنی "دەسەڵاتی چوارەم" هاتە ئاراوە و هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لە تەکنیکی نوێی سەردەم، هەرچەند لە لانیکەمەکان بوو، توانی شۆڕشێکی نوێ لە کاری ڕۆژنامەوانی بە گوتاری ڕۆشنگەریی سیاسی ئەنجام بدات و بەردێکی نوێ لەسەر بەردەکانی پێشووتر دابنێ. ڕۆشنگەریی سیاسی بەو مانایە کە لە سەردەمی بەریەککەوتنەکان، ئاڵوگۆڕی هاوکێشە ناوچەیی و هەرێمییەکان، ئاڵوگۆڕە خێراکانی دونیای مێدیا و چێبوونی فرەیی لە تێڕوانین و دیدوبۆچوونەکان، کاکڵی ڕاستەقینەی سیاسەتەکانی حیزب وەک خۆی و بێ دەسکاری بگەیەنێتە بەردەنگەکانی و لەنێوان سەدان و هەزاران ڕایەڵکە و مێدیای هەمەڕەنگ و جۆراوجۆر ڕەسالەتی مێژوویی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ تێگەیاندنی نەسڵی پێنجەمی کوردستان جێبەجێ بکات.

دواقسە: "کوردستان" کە بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی و وەشانی حیزبییە، پردێکی نەپساوەیە لە نێوان نەسڵی دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات و نەوەی ئەمڕۆ و دواڕۆژی ئەو حیزبە تا لەلایەک مێژوو دووپات نەبێتەوە و لەلایەکی دیکەوە نەریتە دێموکراتیک و مرۆڤایەتییەکان، نرخە ئەخلاقییەکانی دامەزرێنەرانی حیزب، بەردی بناغەی ئاوەدانکردنەوەی دیدوبۆچوونی نەسڵەکانی دواڕۆژ بێ و سەرەڕای بوونی جیاوازی لە نێوان ویستی نەسڵەکان، بنەما سیاسی، فکری و ئەخلاقییەکانی دامەزرێنەران "کوردستان" ببێتە نەریتێکی بەهاداری ڕێبوارانی ڕێبازی دێموکرات.

زمانی "کوردستان"، وەک وترا زمانێکی پاراو، خەڵکپەسند و جیاواز لە "ڕکەبەرانی" خۆیەتی. پاراوی و خەڵکپەسندی، گەشەپێدانی فەرهەنگی سازان و دیالۆگ، جیاوازییەکە کە "کوردستان" بە گەشەپێدانی دەوڵەمەندتر و حیزبی دێموکرات لە لای کۆمەڵانی خەڵک خۆشەویستتر دەکات. نەریتی ڕاگەیاندنی چاپی لەوەدایە کە پێوەندی نێوان خوێنەر و ڕۆژنامە یەکلایەنەیە، کە لەودا ڕۆژنامە یان دەستەی نووسەران بڕیار لەسەر نێوەڕۆک و جۆری بابەتەکانی بڵاوکراوە لە ڕۆژنامەدا دەدات و ئەرکی خوێنەر تەنیا خوێندنەوەی بابەتەکانە.

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین، کە درێژەدانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێمە گرێدراوە بە ڕادەی ئازادیی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان لەنێوان بەڕێکەر (فرستندە) و وەرگری پەیامەکەمانەوە. ئەگەر تا ساڵانی پێشوو پەیڤی یەکلایەنانە نیشانەی بوونی ئۆتۆریتەی سیاسی و فەرهەنگی حیزبێک بوو، ئەمڕۆ نرخی کۆمەڵایەتی هەر حیزب و ڕێکخراوێک بە ئاستی کراوەیی و گوێگرتنی ئەو حیزب و ڕێکخراوە بۆ دەنگەکانی دەرەوەی خۆی و ئەو دەنگانەیە کە حیزبەکە ڕوو بەوانە گرێ دراوە. بۆیە سەرەڕای ئەوەی، کە لەوانەیە ڕەوتی ئازادیی ئاڵوگۆڕی زانیاری خاوەنی خاڵی ئەرێنی و نەرێنی خۆی بێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە لەو سەردەمەدا مەرجی مانەوەی کۆمەڵگە و ڕێکخراوەکان گرێدراو بە خۆگونجاندن لەگەڵ ڕۆحی زەمانە، پێویستە ڕاگەیاندنی حیزبیش بەو پێناسەیە نوێ بکرێتەوە و دەرگای گفتوگۆی دوولایەنە لەنێوان خوێنەر و نووسەران و خاوەنانی وەشانی حیزبی بکرێتەوە. ئەم کارە دەبێتە یارمەتیدەرێک بۆ گەشەکردنی دوولایەنانەی حیزب و کۆمەڵگە و نرخە حیزبی و گشتییەکان لە دیالۆگێکی کراوەدا پێکەوە گەشە دەکەن.

***

ژێدەر:
ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان – د. هیمدادی حوسێن ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١ قۆناغەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێراندا – شەریف فەلاح

# "کوردستان"، قوتابخانەی نەتەوەیی و پارێزەری ناسنامەی کورد

## کاتێک ڕۆژنامەیەک دەبێتە چەک



ئاگری باڵەکی

ڕۆژنامەی "کوردستان" تەنیا لاپەڕەیەکی چاپکراو یان ئۆرگانێکی حیزبی نیە، بەڵکوو گەورەترین ئەرشیڤی سیاسی، فەرهەنگی و مێژوویی کوردە لە سەدەی بیستەم و بیست و یەکەمدا. ئەم ڕۆژنامەیە کە لە دڵی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوەی گرت، لە ماوەی نزیکەی هەشت دەیەدا بوو بە قەڵایەکی خۆڕاگر بۆ پاراستنی زمان و مێژوویەک کە لەژێر هەڕەشەی سڕینەوەدا بوون.

**زمانی کوردی: لە قەدەغەوە بۆ زمانی فەرمی و زانستی**

لە بەفرانباری ١٣٢٤دا کاتێک یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی «کوردستان» بڵاوکرایەوە، کورد لە قۆناغێکی تاریکدا بوو. زمانی کوردی لە ناوەندەکانی خوێندن و فەرمانگەکاندا بە تەواوی وەلا نرابوو. «کوردستان» هات و ئەم هاوکێشەیەی گۆڕی؛ زمانەکەی لە ئاستی ئاخاوتنی ناوماڵەوە بەرزکردەوە بۆ ئاستی زمانی سیاسەت، دیپلۆماسی و ئەدەبیات. ئەم ڕۆژنامەیە بووە تاقیگەیەک بۆ وشەسازی و ستانداردکردنی ڕێزمان. نووسەرانی وەک هەژار، هێمن و زۆر بلیمەتی تر، لە ڕێگەی ئەم پلاتفۆرمەوە نیشانیان دا کە کوردی دەتوانێت گوزارشت لە ئاڵۆزترین چەمکە سیاسی و فەلسەفییەکان بکات. بۆ نەوەیەک کە لە قوتابخانەکاندا بە زۆر فارسییان پێ دەخوێندرا، «کوردستان» تاقە پەنجەرە بوو بۆ بینینی وشەی کوردی بە شێوەی چاپکراو. ئەمە تەنیا کارێکی ڕۆژنامەوانی نەبوو، بەڵکوو شۆڕشێکی زمانەوانی بوو کە ڕێگری لە توانەوەی کولتووری کرد.

**ئەرشیڤی مێژوویی: نووسینەوەی مێژوو بە دەستی خاوەنەکەی**

یەکێک لە گەورەترین کارەساتەکانی نەتەوەی کورد، نووسینەوەی مێژووەکەی بووە لە لایەن ناحەزانییەوە. دەوڵەتە ناوەندییەکان هەمیشە هەوڵیان داوە ڕاپەڕین و بزووتنەوەکانی کورد وەک "ئاژاوەگێڕی" یان "دەستی دەرەکی" وێنا بکەن. لێرەدا ڕۆڵی «کوردستان» وەک مێژوونووسێکی ڕاستگۆ دەردەکەوێت. ئەم ڕۆژنامەیە بووە ئەرشیڤی:

– بەڵگەنامە سیاسییەکان: بەیاننامەکان، نەخشەڕێگا و پەیماننامە ستراتیژییەکانی بزووتنەوەی کورد.

– ناوی شەهیدان و قوربانیان: تۆمارکردنی ناوی ئەو کەسانەی دەسەڵات دەیویست تەنانەت ناویان لە یاددا نەمێنێت.

– ژیانی ڕۆژانەی خەڵک: ڕاپۆرتەکان لەسەر دۆخی گوندەکان، ئابووری کوردستان و ئەو ستەمە ڕێکخراوەی کە پەیڕەو دەکرا. لە ڕاستیدا، ئەگەر لاپەڕەکانی «کوردستان» نەبوایە، ئەمڕۆ زۆرێک لە وردەکارییەکانی کۆماری کوردستان و قۆناغەکانی دوای ئەوە (وەک ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٧٩) دەبووە مەتەڵ و تەنیا لە ڕێگەی گێڕانەوەی دەماودەم دەمانبیستن.

– ڕاگەیاندنی شاخ: کاتێک پێنووس دەبێتە سەنگەر لە دوای ساڵی ١٩٧٩ و دەستپێکردنی قۆناغی خەباتی چەکداری، ڕۆژنامەی «کوردستان» پێویستی بە جۆرێکی تر لە خۆڕاگری هەبوو. چاپخانەکان گوازرانەوە بۆ ئەشکەوتەکان و قەدپاڵی چیاکان. نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکان، بە چەک و پێنووسەوە، لە ناو جەرگەی شەڕدا ڕووداوەکانیان تۆمار دەکرد. ئەمە تایبەتمەندییەکی دەگمەنی مێژووییە؛ مێژوو لە دوورەوە و لە ژووری ئارامدا نەنووسراوە، بەڵکوو لە ناو خوێن و خۆڵەمێشی ڕووداوەکاندا نووسراوە. ئەمە وای کردوە کە گێڕانەوەکانی ڕۆژنامەکە خاوەن "ڕەسەنایەتی" بن. خوێنەر کاتێک بابەتێکی دەخوێندەوە، دەیزانی ئەمە دەنگی ئەو پێشمەرگەیەیە کە دوێنێ لە سەنگەردا بووە.

**وشیاری نەتەوەیی و گواستنەوە بۆ سەردەمی دیجیتاڵ**

ڕۆژنامەی «کوردستان» توانی چەمکی "نەتەوە" لە مێشکی تاکی کورددا جێگیر بکات. ئەو تەنیا باسی حیزبێکی نەدەکرد، بەڵکوو باسی مافی چارەنووس، دیموکراسی و یەکسانی دەکرد. ئەمڕۆ کە ئەم ڕۆژنامەیە قۆناغی کاغەزی تێپەڕاندووە و چووەتە ناو جیهانی دیجیتاڵ و سۆشیاڵ میدیا، ئەرکەکەی قورستر بووە. ئێستا ئەرشیڤی دیجیتاڵی «کوردستان» وەک کتێبخانەیەکی نیشتمانیی کراوە وایە. گەنجێکی کورد لە هەر شوێنێکی جیهان بێت، دەتوانێت بە یەک کلیک بگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی چڵ و پەنجاکان و بزانێت باوباپیرانی بۆچی خەباتیان کردووە. ئەم بەردەوامییە نیشانەی ئەوەیە کە پەیامی ڕۆژنامەکە لە جەستەی حیزبێک گەورەتر بووە و بووە بە کۆڵەکەی ناسنامەی نەتەوەیی.

**ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک ئەرشیڤی نەتەوەیی**

ئەمڕۆ ئەرشیڤی ڕۆژنامەی "کوردستان"، بەتایبەت ئەو ژمارانەی لە سەردەمی کۆمار و دواتر لە قۆناغی شاخدا چاپ کراون، تەنیا وەک کاغەزێکی کۆن سەیر ناکرێن، بەڵکوو بوونەتە "باکووری مێژوویی" و سەرچاوەیەکی بێ جێگرەوە بۆ توێژەران، مێژوونووسان و زمانناسان. لێرەدا دەبینین چۆن ئەم ئەرشیڤە خزمەت بە زانستی مێژوو و ناسنامەی کورد دەکات:

١. تاکە سەرچاوەی بەڵگەیی: بۆ هەر توێژەرێک کە بیەوێت لەسەر مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کار بکات، بەڵگەنامە دەوڵەتییەکانی ئێران زۆرجار لایەنگرانە و بە دیدێکی نەیارانە نووسراون. لێرەدا ڕۆژنامەی «کوردستان» دەبێتە تاکە سەرچاوەی ڕەسەن کە تێیدا:

– بڕیارە سیاسییەکان بەو شێوەیەی دراون تۆمار کراون.

– وتاری سەرکردەکان (وەک پێشەوا قازی، د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی) وەک خۆی پارێزراوە.

– ئەمە وای کردوە توێژەرانی بیانی (وەک ڤلادیمیر مینۆرسکی، کریس کۆچێرا و مارف خەزنەدار) بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد، پەنا بۆ ئەم ئەرشیڤە ببەن.

**٢. گەنجینەی زمانەوانی و زاراوەسازی**

بۆ زمانناسان، ئەم ڕۆژنامەیە پرۆسەی گەشەکردنی زمانی کوردی پیشان دەدات. توێژەران لە ڕێگەی ئەم ئەرشیڤەوە دەتوانن ببینن کە چۆن زمانەکە لە زمانی شێوەزارییەوە گۆڕاوە بۆ زمانی ئیداری و ڕۆژنامەوانی. چۆن وشە نوێیەکان دۆزراونەتەوە؟ چۆن ڕێنووس لە قۆناغە جیاوازەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟ ئەمە وەک تاقیگەیەک وایە بۆ ئەوانەی لەسەر مۆدێرنیتەی زمانی کوردی کار دەکەن.

**٣. ئەنیسکلۆپیدیای کۆمەڵایەتی**

ئەرشیڤی «کوردستان» تەنیا باسی شەڕ ناکات، بەڵکوو زانیاری وردی تێدایە لەسەر:

– دۆخی ژنان لەو سەردەمانەدا (بۆ نموونە چالاکییەکانی یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان لە سەردەمی کۆمار).

– دۆخی ئابووری، کشتوکاڵ و بازرگانی لە ناوچە ئازادکراوەکان.

– ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و ئەو بەرهەمانەی کە لە ترسی فەوتان لەم ڕۆژنامەیەدا چاپ کراون.

**٤. بەدیجیتاڵکردن؛ گواستنەوەی مێژوو بۆ ناو مۆبایلی گەنجان**

یەکێک لە گرنگترین هەنگاوەکان لە ساڵانی دواییدا، بەدیجیتاڵکردنی تەواوی ئەم ئەرشیڤە بوو. ئێستا خوێندکارێکی زانکۆ لە ئورووپا یان باشووری کوردستان دەتوانێت بە ئاسانی دەستی بە ژمارەکانی ساڵی ١٣٢٤ بگات.

– ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی شوناسی نەتەوەیی چیتر تەنیا چیرۆک نەبێت، بەڵکوو بەڵگەی بەرجەستە بێت لەبەردەستی نەوەی نوێ.

– ڕێگری دەکات لەوەی مێژووی کورد بە "ساختە" یان "ئەفسانە" ناو ببرێت، چونکە بەڵگەی نووسراوی مێژوویی (ڕۆژنامە) بەهێزترین شایەتە.

**پوختەی باس:**

ڕۆژنامەی «کوردستان» توانی مێژوویەک کە بڕیار بوو "بشاردرێتەوە"، بکاتە مێژوویەک کە "بدرەوشێتەوە". ئەگەر ڕۆژێک بێت مێژوویەکی گشتگیر بۆ نەتەوەی کورد بنووسرێتەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیە، ئەو مێژووە هەرگیز تەواو نابێت. ئەمە ئەو میراتەیە کە هەزاران نووسەر و پێشمەرگەی تر بە پێنووس و بە خوێن پاراستیان، تا ئەمڕۆ ئێمە بتوانین بە شانازییەوە بیخوێنینەوە.

ڕۆژنامەی «کوردستان» لە شاخ، سەلماندی کە "وشە" قەڵایەکی وایە کە بە فڕۆکە و تۆپباران ناڕووخێت. ئەمە مێژوویەکی دەگمەنە کە تێیدا ڕۆژنامەنووس، پێشمەرگە و شاعیر هەموویان لە یەک کەسدا کۆببوونەوە بۆ ئەوەی چرای هۆشیاری نەتەوەیی نەکوژێتەوە.

بە کورتی، ڕۆژنامەی «کوردستان» چیرۆکی نەتەوەیەکە کە نەیویستووە بمرێت. ئەگەر تفەنگ پارێزەری خاکی کوردستان بووبێت، ئەوا ئەم ڕۆژنامەیە پارێزەری ڕۆحی کورد بووە. لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیە شاهیدی ئەوەن کە "پێنووس" کاتێک لە خزمەت مافە ڕەواکاندا بێت، لە هەموو چەکێک بڕندەترە. «کوردستان» تەنیا ڕۆژنامە نیە، بەڵکوو ناسنامەنامەی نەتەوەیەکە کە لە ڕێگەی وشەوە، مێژووی خۆی لە دەستی سڕینەوە ڕزگار کردووە.

# «دنیای منداڵان» لە باوەشی دایکی دڵسۆزی «کوردستان»دا




خزمەتەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان» بە درێژایی تەمەنی هەر ئەوە نەبووە کە دەنگ و هاواری خەباتی شاخ و شاری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بووە، یان مەتەرێزی پاراستنی زمانی کوردی و هاوکات فێرگەی ئەو زمانە دەلالە بۆ فێرخوازانی لە هەموو بەشەکانی کوردستان بووە، بگرە ئەوەندەی توانیویەتی لە بوارەکانی دیکەی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسیدا هەنگاوی ناوە، کە باوەش گرتنەوە بۆ «دنیای منداڵان» یەک لەوانە.

ئەوە شانازییەکی گەورەیە بۆ «کوردستان» کە لە قۆناغی سەختی خەباتی شاخدا منداڵانی کوردستانی لەبیر نەکردوە، لە خەمی پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەی داهاتووی نیشتماندا بووە و ئەوەی لەو پێناوەشدا لە دەستی هاتووە بۆی کردووە.

«کوردستان» کە هەر لەبنیڕا پێی وابوو هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگەی کوردەواری بەش و مافیان بەسەریەوە هەیە، ئەو بەشەی بۆ منداڵان بەخاوەن کرد و لە ژمارەی ٣٤٢ی خۆیدا وەک دیاریی ڕۆژی جیهانیی منداڵان، بە ناوی «دنیای منداڵان» بەوانی بەخشی. بەڵام ئەوە هەمووی نەبوو. «کوردستان» لێ بڕابوو کە باوەشی خۆی بۆ منداڵان ئاواڵە بێڵێتەوە و هەموو مانگێک بەو دیارییە خنجیلانەیە منداڵانی کوردستان بەسەر کاتەوە. «دنیای منداڵان» کە ئێستا ببووە دڵخۆشییەکی گەورە بۆ منداڵان، ماوەی ٦ ساڵ و ٧١ ژمارە دیاریی مانگانەی «کوردستان» بوو کە ئێستا نەک هەر ئیدی وەک پاشکۆیەکی ٨ لاپەڕەیی ڕۆژنامە، بەڵکوو وەک ڕێکخراوێکی منداڵان کاری دەکرد و چالاکی و بەرنامەی پەروەردەیی، فێرکاری و کاتبەسەربەردنی بۆ منداڵان ڕێک دەخست، فستیڤاڵی بەڕێوە دەبرد و بەشداریی کۆڕ و کۆبوونەوەی منداڵان لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی دەکرد.

«دنیای منداڵان» کە ئێستا ئیدی پێی گرتبوو، ماڵی خۆی جیا کردەوە و بەو هەگبە پڕ لە زانست و ئەزموونەی لە ماڵە باوانی لە «کوردستان» خستبوویە سەر یەک، لە سڵی ١٣٨٦ی هەتاوییەوە لە «ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان»دا کە ئەویش هەر بەشێک لە خەرمانلۆغەی کوردستان بوو، درێژەی بە وەشان و کار و تێکۆشان بۆ خزمەتکردنی زیاتری منداڵان دا.

**بیرۆکەی دنیای منداڵان**

مانگی جۆزەردانی ١٣٨١ی هەتاوی هاوکات لەگەڵ ئامادەکارییەکان بۆ ژمارە ٣٤٢ی ڕۆژنامە کوردستاندا کاک قادر وریا پێشنیاری کرد بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان، «کوردستان» دیارییەک بە منداڵان بدا و ئەو دیارییەش با پاشکۆی ڕۆژنامە و تایبەتنامەیەکی منداڵانە بە ناوی «دنیای منداڵان» بێ. بڵاوبوونەوەی ئەو پاشکۆیە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی منداڵان و خوێنەرانی «کوردستان» بەرەوڕوو بووەوە. ئەوەش وایکرد کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڕیار بدا ڕۆژنامەی «کوردستان» هەموو مانگێک «دنیای منداڵان»ی لەگەڵ بێ.

خوێنەرانی دنیای منداڵان تەنیا منداڵانی نێو بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەبوون کە بە جیا پاشکۆی دنیای منداڵانیان بەسەردا دابەش دەکرا، بەڵکوو گەورەکانیش هەروەها هەموو ئەو کەسانەی ڕۆژنامە «کوردستان»یان بۆ دەچوو، یان هەموو ئەو کەسانەی لە ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» و دواتر لە «کوردستان و کورد»دا سەیریان دەکرد یان دایاندەگرت؛ لە خوێنەرانی دنیای منداڵان بوون و بابەتیان بۆ دەنارد و لەگەڵی بەردەوام بوون.

«دنیای منداڵان» لە بەردەوامیی کاری خۆیدا توانی کۆمەڵێک نوێقەڵەم و کەسانی هۆگر بە نووسین و دنیای ئەدەب هەر لەنێو منداڵاندا بدۆزێتەوە کە دوای چەند ساڵ ژمارەیەکی زۆر لەوان خۆیان لە دەستەی نووسەرانی دنیای منداڵاندا دیتەوە، هەروەها توانی سنووری تەسکەکانی پاشکۆیەتیی ڕۆژنامە ببەزێنێ و وەک ڕێکخراوە و ناوەندێکی منداڵپارێزی هەڵسوکەوت بکا و بەرنامە و پلانی پەروەردەیی و فێرکاری بۆ منداڵان دابنێ. «دنیای منداڵان» هەر لەو ماوەیەدا کە پاشکۆی «کوردستان» بوو، توانی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٨٢ هەتا ١٣٨٦ی هەتاویدا چوار فستیڤاڵی هاوینە بەڕێوە ببا کە هەر کام لەو فستیڤاڵانە دەیان بڕگەی ئەدەبی، هونەری، وەرزشی، شانۆ و گۆرانی و سروود و چالاکیی منداڵانی تێدا جێ کرابوونەوە. بەڕێوەبردنی بۆنەکانی ڕۆژی جیهانیی منداڵان و کردنەوەی پێشانگای جۆراوجۆر بەڕێوەبردنی پێشبڕکێ و فستیڤاڵە وەرزشییەکان بەشێکی دیکە لە چالاکییەکانی دنیای منداڵان بوو کە دواتریش، ئەو کاتەی «دنیای منداڵان» نەک وەک پاشکۆی «کوردستان»، بەڵکوو وەک گۆڤارێکی سەربەخۆ کاری دەکرد، درێژەیان پێدرا.

«کوردستان» بە وەشانی «دنیای منداڵان» هەر تەنیا جێژنانە و دیارییەکی بە منداڵان نەدا، بەڵکوو توانی بیانهێنێتە نێو کارێکی بەکۆمەڵ و ڕێکخراوەیی و، هەستی متمانەبەخۆبوونیان تێدا بەهێزتر بکا. کاتێک کە چاو بە لاپەڕەکانی دنیای منداڵاندا دەخشێنین و، بەرهەمی نووسراو، وەرگێڕان و شێوەکاریی منداڵان دەبینین و سەیری ئەو چالاکییە هونەرییانەی وەک شانۆ و هەڵپەڕکێ و پێشبڕکێیەکانیان دەکەین و دەبینین کە چۆن دنیای منداڵان توانیویەتی ببێتە چەترێک و منداڵان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە؛ ئەو کات بە بایەخی ئەو کارە گەورەیەی «کوردستان» دەزانین کە کردوویەتی.

ئێستا کە یادی ٨٠ ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان" دەکەینەوە، بۆ یادکردنەوەش بێ جێی خۆیەتی ئاماژە بە چەند ناوێک بکەین کە وەک سەرنووسەری دنیای منداڵان و پاشان وەک بەرپرسی منداڵپارێزی کە سەرپەرستیی بڵاوبوونەوەی ئەو گۆڤارەی دەکرد، کاریان کردوە و بەپرسایەتیی ئەو کارەیان لە ئەستۆ بووە؛ وەک برایم جەهانگیری، عەلی بداغی، ناسر فەتحی، عوسمان بیورانی، فەڕشید محەممەدی، ئازاد عەباسیان و شیلان قوربانیفەڕ.

بێگومان ئەو خزمەتەی ڕۆژنامەی «کوردستان» بە دنیای ڕۆژنامەنووسیی منداڵان و ئەدەبی منداڵان کردی، خزمەتێکی شایان و بەبایەخ بوو، خزمەتێک کە شایانی ئەوەیە بە تایبەت، کاری توێژینەوەیی لەسەر بکرێ.

# "کوردستان" و ئەدەبی بەرگری



**عەلی فەتحی**

زۆربەی گەلانی جیهان لە سەردەمی خۆرزگارکردنیاندا خاوەن تایبەتمەندییەکی مێژوویی هاوشێوەن. ئەگەر باسی ئەو بەشە وەلابنێین داخوا ئەدەبیاتی بەرگری هاندەر بووە کە خەڵک بە وشیارییەوە بەرەو بەرخۆدان هەنگاو بنێن، یا ڕاپەڕین و سەرهەڵدان بوونەتە هۆی خولقانی ئەدەبیاتی بەرگری، ئەوە قەناعەتێکی گشتی لای هەموومان دروست دەبێ کە پێمان دەڵێ: هەردوو لایەن کاریگەرییان لەسەر پشکووتن و پێشەوەچوونی هەڤدوو هەبووە و هەرجارێ لایەنێک لەو دوو لایەنە ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە، ئەویش بەپێی دۆخ و زەمەن و هەڵکەوتەی جوگرافی.

سەدەکانی ١٩ و ٢٠ خاوەن زۆرترین ئاڵوگۆڕ و ڕووداوگەلی بنەڕەتین لە مێژووی ناوچەرخدا. زۆربەی گەلانی جیهان، بەتایبەت لە باڵکان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها بەشی هەرە زۆری وڵاتانی ئەفریقا توانیان لە نێوان ئەو دوو سەدەیەدا خۆیان لەدەست ژێردەستەیی ڕزگار بکەن. بزوێنەری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی ئەو وڵاتانە لە ڕاستیدا دەگەڕاوە بۆ هەستێکی نوێگەرایی بەهێز. هەستێک کە لە شۆڕشی ئینگلیستانەوە لە سەدەی حەڤدەرا دەستی پێ کردبوو و لە سەدەی هەژدە بە شۆڕشی فەڕەنسە بەهێزتر بوو. بەرهەمی هەرە گرنگی ئەو نوێگەراییە دواتر کاریگەری لەسەر بەشی زۆری وڵاتانی جیهان دانا و وەکوو فکر و ئایدیایەکی سیاسی جێی خۆی لەنێو ئەدەبیاتی سیاسی گەلاندا کردەوە. وەک چۆن لە ئینگلیستان شۆڕش بۆ دیموکراسی و گۆڕینی سەڵتەنەتی موتڵەقە بۆ پاشایەتیی مەشرووتە و بەهێزبوونی سیستەمی پەرلەمانی بەبێ خوێنڕشتن بووە هۆی گۆڕانێکی قووڵ لە کۆمەڵگەی ئینگلیستاندا، لە فەڕەنساش بە شێوەی خۆی، شۆڕشەکە گۆڕانی کۆمەڵایەتی - سیاسی لێ کەوتەوە و سیستەمی پاشایەتی بۆ هەمیشە جێی خۆی دا بە نیزامی کۆماریی دیموکراتیک و حکوومەتی سێکۆلار. هەڵبەت گشت ئەو ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییانە کە بوونە هۆی دارمانی سیستەمێکی موتڵەقە و دامەزرانی قەوارەیەکی دیموکراتیک، هەروا ئاسان جێبەجێ نەبوون و دەبوایە کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانە پێشتر ئامادە بکرێن بۆ وەرگرتنی گۆڕانی لەو چەشنە.

ئەو گۆڕانەش پێویستی بە ئامراز و زەمەن هەبوو. بۆ گواستنەوەی فکر و ئایدیا دەبوایە ڕووناکبیرانی کۆمەڵگە قۆڵی لێ هەڵماڵن و بە نووسین و بڵاوکردنەوەی خەون و خۆزگەکان لە کات و زەمەنی گونجاودا ئەرکەکە بەجێ بگەیەنن و ڕێگا بۆ ڕاپەڕین و ئاڵوگۆڕی بەکردەوە خۆش بکەن. بە خوێندنەوەی مێژووی ئەو گەلانە دەبینین هەم ڕووناکبیرەکانیان و هەم نووسراوە و بەرهەمەکانیان وەکوو ئەستێرە لەسەر ڕوخساری مێژوویاندا دەدرەوشێنەوە، چونکە ئەوان لە قۆناغێکی گونجاودا، هەموو بیر و هزریان تەرخانی خزمەت بە ڕزگاریی نەتەوەیی خۆیان کرد. ئەوان یا هەلومەرجیان بۆ ئاڵوگۆڕ خولقاند یا ئەگەر گۆڕانێکی ناوچەیی دەستی دابێ، بە باشترین دەرفەتیان زانیوە و قۆستوویانەتەوە. کوردستان، نیشتمانێکی دابەشکراوی سەردەمە جیاوازەکان، یەک لەو شوێنانەی جیهان بووە کە زۆرترین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیی لە دەوروبەری خۆی دیتووە و ویستوویەتی لە قازانجی سەربەخۆیی بیانقۆزێتەوە، لێ مەخابن تێیاندا سەرنەکەوتووە.

لە سەردەمی بەر لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی، بەتایبەت ئەوانەی سەدەی نۆزدە، هەوڵ و تێکۆشانەکان پتر ناوچەیی و عەشیرەیی بوون و سەرۆک عەشیرەتەکان تەنیا لە فکری پاراستنی جوگرافیای ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بوونە و بەس. دواتریش هەڵبەت، ڕاستە جووڵانەوەکان ڕوخساریان گۆڕیوە و ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی نەتەوەیی ڕەچاو کراوە، لێ دیسانیش لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی ئامادەیی وەرگرتنی بیر و هزرەکە نەبووە، ئەوانەش نەیانتوانیوە بە ئاکامی دڵخواز بگەن. وەختێک توێژەر لە هۆکاری سەرنەکەوتنی هەر کامیان بکۆڵێتەوە، لانیکەم بەو قەناعەتە دەگا کە لە هیچ کام لەو جووڵانەوانەدا، دۆخی گونجاو، ئامرازی پێویست، ئامادەیی کۆمەڵگە لە باری فکرییەوە وەبەرچاو نەگیراوە یا بە ڕادەی پێویست گرنگی پێ نەدراوە. دەکرێ بڵێین ئەگەر لە باکووری کوردستان جووڵانەوەیەک دەستی پێکردبێ، بەدڵنیاییەوە لە موکریانی ڕۆژهەڵات کەم کەس پێی زانیوە، جا چ بگا بەوە کە ئامادەی پشتیوانی لێکردنی بووبێ. لە دەستپێکی نیوەی دووهەمی سەدەی بیست، دوای تێپەڕبوون لە قۆناغی جووڵانەوە ناوچەیی و عەشیرەییەکان، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر دەستپێکی ڕەوتێکی نوێدا دەکەوین و دەکرێ بڵێین شۆڕشی ڕزگاریخوازیی ئەمجارە ڕەنگ و ڕوخساری نەختێ وەکوو جووڵانەوەی گەلانی سەربەستیخواز، بەتایبەت لە باڵکان دەچێ. بۆیە ناڵێم زۆر شێوەی جووڵانەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقای نەداوە، چونکە وڵاتانی ئەو دوو هەرێمانەی دوایی لەبەر ئەوەی هەم دژی عوسمانییەکان ڕاپەڕیبوون و هەم گەرەکیان بوو خۆیان لەدەست دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان ڕزگار بکەن، ئامرازی هەرە بەهێزیان لەو نێوەدا گەشەی زمانی عەرەبی و دینی ئیسلام بووە. ڕووناکبیرەکانیان لەو بوارەدا کاریان کردووە ناسنامەیەکی عەرەبی ئیسلامی بەهێز فۆرموڵە بکەن تا هەم بەگژ عوسمانییەکاندا بچنەوە و هەم دواتر لەدەست کۆلۆنیالیزمی ئوروپی ڕزگارییان بێ، نموونەی بەرچاویش لەو نێوەدا وڵاتی جەزائیر بووە.

پێشڕەوانی "ڕێنێسانس"ی جەزائیری، ڕۆشنبیرانێک بوون کە لەم قۆناغەدا جەختیان لە پەروەردە و زمانی عەرەبی و شوناسی ئیسلامی کردوەتەوە. بە خوێندنەوەی مێژووی گەلانی باڵکان بەڵام، بۆمان دەردەکەوێ دۆخەکە لای ئەوان هەندێ جیاوازتر بووە. ئەوانیش لە لایەک نزیک بە پێنج سەدە ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون و لە لایەکی ترەوە داگیرکاری وڵاتانی زلهێزی دەوروبەر. ڕۆشنبیرە نیشتمانپەروەرەکانیان هەم لە سەردەمی عوسمانیدا و هەم دوای ئەو قۆناغە، ڕۆڵی گرنگیان گێڕا لە دارشتنی شوناسی نەتەوەیی. بۆ وێنە لەنێو ئەلبانییەکاندا کەسایەتیی ڕووناکبیری وەکوو نەعیم فرەشەری هەرکە دیتی عوسمانییەکان بەرەو لاوازبوون دەچن، هەوڵی تەواوی دا شوناسی نەتەوەیی ئەلبانی زەق بکاتەوە. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد کە سەدەی نۆزدە بە سەدەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم ناسراوە، دەبینین لە بەشی ئەورووپیی ژێردەستەی ئیمپراتۆری عوسمانیدا، گەلانی ئەویش هەموو هەوڵی خۆیان بۆ گەشەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی مەسیحی دەخەنەگەڕ. ڕۆشنبیرانی ئەم بزووتنەوانە بە پشتبەستن بە ناسنامەی نەتەوەیی و زمانەوانی، بە ئاراستەی دابڕان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و پێکهێنانی نەتەوە نوێیەکانی باڵکان مامەڵەیان کردوە و بەمەش وردە وردە کولتووری بێگانەی عوسمانییان لە باڵکان دوور خستووەتەوە. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە ڕۆڵ و تایبەتمەندییەکانی ڕۆشنبیرانی نیشتمانپەروەری ڕۆمانیا لە سەردەمی عوسمانیدا بکەین. ئەوان سەرەتا هەوڵیان دا بۆ زیندووکردنەوەی زمان و کولتووری خۆیان. زمانی ڕۆمانییان لە کاریگەرییەکانی سلاڤی و یۆنانی پاک کردەوە و کردیان بە زمانێکی ستاندارد و ئەدەبی. هەروەها جەختیان کردەوە لەسەر ڕەگ و ڕیشەی لاتینی، واتە بە پشتبەستن بە مێژوو و ڕەگی لاتینی گەلانی داکیا و ترانسیلڤانی. هەروەها پێداگر بوون لەسەر پەیوەستکردنی ڕۆمانییەکان بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و شوناسی لاتینی. هەر ئەو ڕۆشنبیرانە تێکۆشان بۆ دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و بزووتنەوەکەیان یارمەتیدەر بوو لە چێکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی هاوبەش لە نێوان ناوچە جیاوازەکانی دانیشتووانی ڕۆمانی (مۆڵدۆڤا، والاچیا و ترانسیلڤانیا). لە پەنا ئەوەشدا، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر کەنیسە دانا و پیاوانی ئایینی و ڕۆشنبیرانی ئایینی بە بەشدارییان لە ڕێنێسانسی بەردەست، ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە بەرەوپێشبردنی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی لەناو خەڵکی ئاساییدا. دەبێ بڵێین کە ڕۆشنبیرە ڕۆمانییەکان لە ڕێگەی هەوڵەکانیانەوە بناغەی جووڵانەوەیەکی ڕووناکبیرییان بۆ ڕۆمانییەکان دامەزراند تاکوو هەوڵ بۆ سەربەخۆیی لە دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و زلهێزە گەورەکانی دیکەی ناوچەیی بدەن. لە پەنا ڕۆمانییەکان و لە هەمان سەردەمدا دەبینین بولگارییەکانیش بێکار دانەنیشتوون و نوخبە و هەڵکەوتەکانیان لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا جەختیان لەسەر گرنگی زمانی بولگاری و مێژووی هاوبەشی بولگارییەکان کردووەتەوە و بە نووسینی دەقی مێژوویی و ئایینی، هەستی نەتەوەیی خەڵکی خۆیان بزواندووە و بەهێزیان کردووە.

ئەوان جیا لە گرنگیدان بە پەروەردە و کولتوور، تەنانەت خەباتی سیاسی و چەکدارییشیان بە ئامانجی دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی و ڕزگاری لەدەست عوسمانییەکان دەست پێکرد. بولگارەکان ڕووناکبیری وەکوو پایسی هیلساندارسکییان هەبوو کە هەر لە سەدەی هەژدەوە خۆی بە مێژووەوە ماندوو کرد و یەکەم مێژووی گشتیی بولگاریای نووسی و تۆوی ناسیۆنالیزمی بولگاری چاند، یا خریستۆ بۆتێڤ، وەک شاعیر و ڕۆژنامەنووس و شۆڕشگێڕ، دواتر بوو بە ڕەمزی بەرخۆدان و خەباتی ڕزگاریخوازانە. لە دراوسێیەتی ئەوانیشدا یۆنانییەکان، ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان وەخۆکەوتن و تەنانەت وەکوو ناوەندێک کاریگەرییان لەسەر خەڵکانی دەوروبەری خۆشیان دانا. ڕۆشنبیرانی نیشتمانپەروەری یۆنانی لە سەردەمی عوسمانیدا، وەکوو ئادامانتیۆس کورایۆس و ڕیغاس فێرێئۆس و زۆر کەسی تر بە پشتبەستن بە شارستانییەتی هێلینیک و ئورووپیبوون و بە ئیلهام وەرگرتن لە دەورەی ڕێنێسانس و سەردەمی ڕۆشنگەری، بنەمای فکری و ڕێکخراوەییان بۆ سەربەخۆیی یۆنان دابین کرد، ئەویش بە زیندووکردنەوەی زمان و کولتوور و مێژووی یۆنانی کۆن. وەکوو بیرۆکە بابەتی ناسیۆنالیزم و دەوڵەت - نەتەوە لە یۆنان، یا هەمان ناسیۆنالیزمی یۆنانی و داوای ڕزگاری لەدەست دەسەڵاتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی یۆنانی مۆدێرنیان هێنایە گۆڕێ. ڕۆشنبیرەکانیان بە بڵاوکردنەوە و بەرەوپێشبردنی چەمکی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی مۆدێرن هەوڵیان دا کۆمەڵگەی خۆیان ئامادەی تێکۆشانێکی بەربەرین بکەن. ڕۆڵ و چالاکیی ڕووناکبیرەکانیان پتر جەختکردنەوە بوو لەسەر میراتی کۆن، واتە زیندووکردنەوەی مێژووی یۆنانی کۆن و بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی خۆیان و بەراوردکردنی لەگەڵ شوناسی عوسمانیدا. لەگەڵ بیرۆکەی شوناسخوازی، ئەرکێکی گرنگی دیکەشیان جێبەجێ کرد، ئەویش زیندووکردنەوەی زمانی یۆنانی، یا باشترە بڵێم هەوڵدان بۆ ستانداردکردن و پێشخستنی ئەو زمانە وەک زمانی نەتەوەیی کە هێمای یەکگرتوویی بێ. لە بەشێکی دیکەی هەوڵەکانیاندا، دامەزراندنی کۆمەڵگەی نهێنییان کردە ئامانجی سەرەکی. ڕێکخراوە سیاسی و سەربازییە نهێنییەکانیان بە مەبەستی پلاندانان و ئەنجامدانی ڕاپەڕین وەک خواستی بنەڕەتی وەبەرچاو گرت و بە چەکی کولتووری و سیاسیی یۆنانی، دژی هەژموونی کولتووری عوسمانی وەستان و هەوڵیان دا لەجێی نەریتە کۆنەکانی عوسمانی، بیرۆکەی مۆدێرن و ئورووپی جێگیر بکەن. کوردستان، ئەویش وەکوو هەموو ئەو وڵاتانەی باسم کردون، بێبەری لە کارتێکەری ئەو سیاسەت و هەژموونییانە نەبووە کە لە ناوچەدا خاوەن دەسەڵات بوونە، بەتایبەت ئەوانەی هەوڵیان داوە بۆ سڕینەوەی ناسنامە و هەستی نەتەوەیی و بڕینی زمانی کوردی. تازە دەبێ بڵێم بە جیاوازییەکی گەلێک زۆر، چونکە ئەگەر بولگاری یا ڕۆمانی و یۆنانی کەوتنە ژێر هەژموونی کولتووریی عوسمانی، کوردستانی ماڵوێران بە دوو و سێ پارچەبوون، خرایە ژێر زەختی سێ ئیمپراتۆری ناوچەکە، واتە ئێران و ڕووس و عوسمانی. هەندێ ناوچەی کوردستان تەنانەت چەند جارێکیش لە مێژوودا کەوتنە ژێر سەیتەرەی هەرسێکیان، چونکە لەبەر شەڕ و ململانێی ئەو سێ زلهێزە، کوردستان هەمیشە یەکەم شوێن بووە ناخواستە بووەتە گۆڕەپانی پێکدادانیان. بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک لەو شوێنانەی کوردستانی گەورە بووە کە لە کاتی شەڕی نێوان دەوڵەتەکانی دەوروبەردا زۆرجار دەستاودەستی پێ کراوە.

بابەتی سەرنجڕاکێش و جێی باس ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردی لەو بەشە، بەدوای ئەو گشتە زەخت و ئاڵوگۆڕانەدا هێشتا کوردانە ماوەتەوە و ناسیۆنالیزمی کوردی وەکوو خوێن بە دەمارەکانی جەستەی تاکی کورددا دەگەڕێ. ئەوە پێمان دەڵێ کە بۆ هیچ توێژەرێک زەحمەت نابێ بەدوای وڵامێکی بەجێ بۆ دۆزینەوەی هۆکاری زیندوومانەوەی ئەو هەستەدا بگەڕێ. کورد لەو بەشەی کوردستان، دوابەدوای جووڵانەوەی ناسیۆنالیستیی سمکۆ نائومێد نەبوو و زۆری نەخایاند و لە یەکەم دەرفەتی بەردەستدا، بە هیممەتی ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەرانی سەردەم هەستایەوە سەرپێ. چونکە، وڵاتی ئێران لە سەروبەندی شەڕی دووی جیهانیدا ئاوسی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ و لاواز لە باری نیزامی و ئیدارییەوە بوو. وەختێک کەوتەبەر شەپۆلی ئاڵوگۆڕەکانی ئەو شەڕە، لەجێوە لە لایەن دەوڵەتانی ڕووس و ئینگلیسەوە لە ٢٥ی خەرمانانی ١٩٤١دا دابەش کرا.

بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی بەشی زۆری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەبەر سۆڤیەت کەوت. بە قۆستنەوەی ئەو دابەشکارییە، ڕووناکبیر و نوخبەکانی ئەو سەردەمە جووڵەیەکی نوێیان دەست پێکرد و بە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٢دا، یەکەم بەردی بناغەی ڕێکخراوێکی سیاسییان دامەزراند. ئامانجی ئەو ڕێکخراوە وەک لە ڕۆژنامەی زمانحاڵی ئەودا هاتووە، ئازادیی نیشتمان بووە. بیری ڕووناکبیرانی دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵەیە بە ڕوونی لە ژمارەی یەکی گۆڤاری "نیشتمان"دا هاتووە و دەڵێ: "کۆمەڵەی ژ-ک تێدەکۆشێ تا زنجیر و کەڵەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەتوکوتەی ئێستا، کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تێیدا بژی...." بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێکخراوە، تەنانەت هەر لە یەکەم نووسراوەدا باس لە ئاستی توانایی و چۆنیەتیی تێکۆشانی خۆیان دەکەن و دەڵێن: "هەندێک کەس وای لێک دەدەنەوە کە دەبێ نەتەوەی کورد بە زۆر و نیروی چەک ڕزگار بکرێت، بەڵام ئەوانە بەهەڵە چوونە و ڕێگای ڕاستیان لێ ون بووە چونکوو چەک و تفاقی شەڕ کە لە چەنگ کورد دایە، لە بەرانبەر چەک و تفاقی شەڕی ئەوانەی بوونە بەرهەڵستی سەربەستیی ئێمە کار ناکات و دەبێ کورد بزانێت ئەمڕۆ تفەنگ لە چاو گوللەپژێن و تۆپ و تانک و فڕۆکە و... تۆقتۆقەیەک زیادتر نیە. تەنیا ڕێگایەک دەبێ کورد بەرەو سەربەستی پێیدا بڕوا، شەقامی شارستانیەتییە، ئەو ڕێگایە ڕاست و ڕەوان دەچێتە نێو مێرگی ئازادی و سەربەستی ..." گەرای دامەزرانی کۆڕێک لە ڕووناکبیرانی کورد بە بیرکردنەوەی جیاواز، مەودایەک دەخولقێنێ کە تاکی کورد بە چاوی هەڵسەنگاندن سەیری سەرهەڵدانەکانی پێشوو بکا و پێشنیاز و پلانی نوێی بۆ داهاتوو هەبێ، بێ ئەوەی بکەوێتە گێژاوی ئایدیۆلۆژییەکی تایبەت. هەر ئەو کۆمەڵە ڕووناکبیرانەی تا دوێنێ ئەگەر ناچار بوون بە ئامانجی ڕاگۆڕینەوە و ڕاوێژێکی سیاسی لە حوجرە و خانەقاکاندا کۆببنەوە، بە دوای دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە دەوری گۆڤاری نیشتمان کۆبوونەوە.

لەڕاستیدا ئەو گۆڤارە بوو بە پلاتفۆرمێکی مۆدێرن بۆ بڵاوکردنەوەی بیرە جیاوازەکان و لەسەرووی هەمووشیانەوە ناساندنی هەرچی پتری بیری ناسیۆنالیستیی کوردی، یا باشترە بڵێم پەرەسەندنی کوردایەتی. زۆری نەخایاند و تەنیا سێ ساڵێک بەسەر ئەو دامەزرانەدا تێپەڕی و هەر ئەو ڕووناکبیرانە دیسان ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٤٥، دوابەدوای هەڵسەنگاندنی دۆخی سەردەم و بەرژەوەندی کورد لەو قۆناغەدا، "کۆمەڵەی ژ - ک"یان گۆڕی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەوانە ئەگەر پێشتر یەک لە شەرتەکانی ئەندام وەرگرتن لایان ئەوە بوو کە شێخ و مەلا و ئاغا بۆیان نیە، دوای دامەزرانی حیزب، ئەمجار خۆیان کەسایەتیی خۆشنێو و بەوەجی وەکوو "قازی محەممەد"یان بانگهێشت کردوە. هەر ئەوانە، دوابەدوای ئەو ئاڵوگۆڕانە، کۆماری کوردستانیان دامەزراندووە و گرنگترین نەخشیان بە جەنابی قازی وەکوو پێشەوا و سەرکۆمار ئەسپاردوە. بەوەندەش نەوەستاون و ئەمجار بە زیادیشەوە، لە دەوری ڕۆژنامەی کوردستان کۆڕیان بەستووە کە لەو کاتەدا زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە.

وەختێک بە تێرامانەوە سەیری بابەتەکانی "کوردستان" دەکەین، دەبینین سنوورە دەستکردەکان وەلانراون و ئەژمارێک لە ڕۆشنبیر و نووسەرانی باشووری کوردستانیش ڕوویان لە نووسین بۆ ئەو گۆڤارە کردوە. "کوردستان" ئیتر لەو وەختەوە بووەتە قوتابخانەیەکی بەوەج بۆ پەروەردە و گەشەی زمانی یەکگرتووی کوردی، پلاتفۆرمێک بۆ کۆبوونەوەی گشت بیر و هزرە سیاسییەکانی سەردەم و تریبوونێک بۆ بڵاوکردنەوەی ئامانج و خواستەکانی کورد و گەیاندنی هزری سەربەستی و ئازادی بۆ هەموو شار و گوندەکانی کوردستان. ئەو ڕۆژنامەیە ئیتر، لەو وەختەوە بوو بە بەردی بناغەی قوتابخانەیەک و سەرچاوەیەکی مێژوویی کە جیا لەوەی هەموو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی تێدا تۆمار دەکرا، لە هەمان کاتدا ببوو بە گەنجینەیەکی ئەدەبیی دەوڵەمەند و فێرگە و ناوەندێکی بەوەجیش. چونکە، بەشێکی فرە لە بەرهەمی تەواوی شاعیر و نووسەر و سیاسییەکانی ئەو قۆناغە لەو گۆڤارەدا بڵاو دەبۆوە. ئێمە ئەمڕۆ بە خوێندنەوەی بابەتەکان، دەبینین هەر هەموو قەڵەمبەدەستانی ئەوکات، بە ژن و پیاوەوە بگرە هەتا مرۆڤگەلی ئایینی و سێکۆلار، جا دەوڵەمەند بوایە یا هەژار، لەهەمبەر یەک هەستدا خۆیان بە بەرپرسیار زانیوە: دەبێ نووسین و بەرهەمی ئەدەبی لە خزمەت گەلەکەیدا بێت. هەروەها هاندەر بێت بۆ تاکی کۆمەڵگە بە مەبەستی خزمەت بە نیشتمان و پاراستنی سەربەستی و ئازادیی خۆی. هاوکاتیش خزمەتی پەرەپێدانی هەمان هزر و بیرکردنەوە لە بەشە ژێردەستەکانی دیکەی کوردستان بکا. بە خوێندنەوەی مێژووی گەلان، زۆر ناوی ناسراومان بەرچاو دەکەوێ کە نەخشی بەوەجیان گێڕاوە لە بەرەوپێشبردن و بڵاوکردنەوە و بەهێزکردنی هزری سەربەخۆیی وڵاتەکەیاندا. بۆ وێنە شاعیر و نووسەرانی یۆنانی. ئەوان لەنێوان شەڕەکانی یەکەمی جیهانییەوە تا دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، هەموو پێنووسەکانیان خستەگەڕ بۆ خزمەتی گەشەسەندنی بیری سەربەخۆیی وڵاتەکەیان.

لە نیشتمانی ئێمەش، ڕۆژنامەی کوردستان کە بەتەمەنترین گۆڤاری زیندووی کوردییە، چەشنی مەکۆیەکی مەئمەن، ڕووناکبیرە ناسراوەکانی وەکوو حەسەن قزڵجی، هێمن، هەژار، هێدی، فایەق بێکەس، قانع، مەلا مارف کۆکەیی، شێخ جەمیل زیائەدینی، دڵدار، دڵشاد ڕەسووڵی، سەید کامیل، مامۆستا حەقیقی، سەید محەممەد حەمیدی، محەممەد نووری (عەتری گڵۆڵانی) و زۆرانی تری کۆکردەوە. ئەو نووسەرانە جیا لە بابەتەکانی خۆیان، بە سەدان بابەتی دیکەی نووسەرانی ناسراو و نەناسراوی ئەو سەردەمە و بەرلە خۆیان چاپ و بڵاو کردەوە. ئەو ئەرکە گرنگانەی ئەو ڕووناکبیرە کوردانە لەو قۆناغەدا لەبەردەم خۆیان دانا و تێیدا سەرکەوتن، بریتی بوون لە: دامەزراندنی بناغەیەکی پتەو بۆ پەروەردەکردنی ئەدەبی بەرگری، دامەزراندن و گەشەپێدانی زمانی یەکگرتووی کوردی، پێناسەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی، پاراستن و بەهێزکردن و پەرەپێدانی کوردایەتی لە سەردەمە سەخت و دژوارەکاندا، تەنانەت دوای نەمانی کۆماری کوردستانیش. ئەو هەستە گیانفیداییە، ئەو ئەدەبیاتە شۆڕشگێڕانەیە، جیا لەوەی هێزێکی بە باوەڕ بوو لە زەینی هەر تاکێکی کورددا، ڕۆحیشی بەخشی بە هەستی خۆشویستن و ڕێزلێنان لە سیمبۆلەکانی دیکەی نەتەوەیی وەکوو ئاڵا و سروود و نیشتماندۆستی. بە واتایەک، وەختێک عەتری گڵۆڵانی لە شێعری "یا وەتەن یا مردنم"دا دەڵێ:

"باری ئەستۆی دوژمنە وا هێسی کردوە گەردەنم، نامەوێ ئەو ژینە تاڵە یا وەتەن یا مردنم

ئەی وەتەن لەو وەختەوە ئەم ڕۆڵەیەت هاتۆتەڕوو، شیری تۆی کەوتۆتە یاد و مێهری تۆی کەوتۆتە خوو..."

ئیدی ڕووناکبیر و نووسەری کوردیی هیچ سەردەمێک، تا ئەو ڕۆژەی نەتەوەکەی وەکوو گەلانی دیکە سەربەست نەبێت، ناتوانێ ئەو هەستە وەلابنێ. ڕەنگدانەوەی ئەو هەستە نیشتمانپەروەرییە نەک هەر لە گۆڤاری کوردستاندا، بەڵکوو لە گۆڤار و هەفتەنامەکانی دیکەی وەکوو هاواری کورد، ئاوات، هەڵاڵە و هاواری نیشتمانی سەردەمی کۆمار و گۆڤارەکانی دیکەی دوای کۆماریشدا بووەتە هەوێنی شێعر و پەخشانەکان. بە واتایەک گرنگیدان بە ئەدەبی بەرگری لە هەمووی ئەو بڵاوکراوانەدا بەردەوام وەبەرچاو گیراوە. گۆڤاری "کوردستان" لەنێو گشتیاندا نموونەیەکی هەرە دیار و ناسراوە و لەمەڕ بڵاوکردنەوەی ئەو ئەدەبیاتە شۆڕشگێڕانەیە پشکی شێری پێ بڕاوە. ئەو ڕۆژنامەیە ئێستاشی لەگەڵ بێت، دوای هەشتا ساڵ تەمەن، کە دیارە وێڕای حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشی هەرە زۆری لە ئاوارەییدا تێپەڕ کردوە، هەروا بە هیممەت و تێکۆشانی نووسەرانی دڵسۆزی خۆی، لە چاپ و بڵاوبوونەوە نەکەوتووە. گەلی کورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت، ئەمەگداری خۆی کردوە. چونکە مێژووی نووسراو و پارێزراوی هەشتا ساڵ تەمەنی بەرخۆدان و شەرحی ڕووداوگەل و بەیانی ئاڵوگۆڕ و هزر و ئامانجەکانی ئەو بەشەیە. لە هەمان کاتدا قوتابخانەیەکیش بووە بۆ پێگەیاندن و پەروەردەی سەدان خاوەن قەڵەم و ئاشناکردنیان بە ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانەی سەردەمەکان.

KURDISTAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO: 910 9 January 2026

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com www.kurdch.tv
Yahsat 1A @ 52.5° East Frequency: 12149
polarization: Vertical -27500 FEc : 3/4

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# "کوردستان" لە نێوان ڕۆژنامە و ئۆرگانی حیزبیدا



**عەلی مێهرپەروەر**

بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٨٠ ساڵ بەسەر تەمەنی ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پیرۆزبایی لە دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەران و ئامادەکارانی ئێستای ئەو ڕۆژنامەیە و حیزبی دێموکرات دەکەم و سەری ڕێز و قەدرزانی لەبەرانبەر هەوڵ و تێکۆشانی هەموو ئەو کەسانەی کە لەو ماوە دوور و درێژ و پڕکەندولەندەدا ئەرکی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستانیان لە قۆناغە جیاواز و هەلومەرجە دژوارەکاندا لە ئەستۆ بووە، دادەنوێنم. ئەگەر لەخۆبوردوویی و فیداکاریی ئەو مرۆڤانە نەبوایە، بێگومان ئەو ڕۆژنامەیەش نەیدەتوانی درێژە بە بەرپابوونی خۆی بدا.

ئەگەر بە پێوەری تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی چاو لە ڕۆژنامەی کوردستان، سەرەڕای ناوەکەی وەک "ڕۆژنامە" بکەین، ناتوانین لە دەستەی ڕۆژنامە سەیری بکەین، هەرچەند لەوانەیە لە قۆناغێکدا، بۆ نموونە سەردەمی کۆماری کوردستان، بەهۆی ئەوەی حیزبی دێموکرات بۆ خۆی حاکم و بەڕێوەبەری کاروباری کۆمار بووە، تا ڕادەیەک ئەو ئەرکەی گێڕابێ. بەستراوەیی ڕۆژنامەی کوردستان بە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی سیاسی و خوازیاری دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەرکێکی تایبەتی بەو ڕۆژنامەیە بەخشیوە و بەناچاری چارەنووسی هاوشێوەی چارەنووسی حیزبەکەی لێ هاتووە کە هیچ کاتێک لە ماوەی تەمەنی دوور و درێژیدا لە لایەن ڕێژیمەکانی پاشایەتی و دواتر کۆماری ئیسلامی، نەک بە فەرمی دانی پێدا نەنرا، بەڵکوو وەک دژبەر و نەیاری خۆیان پێناسەیان کرد و لە یاسا دەرچوو لە قەڵەمیان دا. بۆیە تێکۆشان لە نووسین و بەڕێوەبەری و چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو ڕۆژنامەیە وەک تێکۆشان لە ڕیزی تەشکیلاتی حیزبێکی نایاسایی سەیر دەکرا و دەکرێ و ئێستاشی لەگەڵ بێ سزای توندی بەدواوەیە. تەنیا کاتێک حیزب و ڕۆژنامەکە تا ڕادەیەک توانیبێتیان تێکۆشانی ئازادانەیان هەبێ، ئەو کاتانە بووە کە لەو ناوچە جوگرافییە، دەسەڵات و حاکمییەتی ڕێژیمە ناوبراوەکان یان هەر نەبووە یا زۆر کز و لاواز و یان بەپێی هەلومەرجێکی تایبەت و بۆ ماوەیەکی سنووردار کەشوهەوایەکی نیمچە دێموکراتیک لە وڵاتدا هەبووبێ و تا ڕادەیەک بوار بۆ بڵاوکرانەوەی ئازادانەی ڕۆژنامەی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەخسابێ. بۆ نموونە سەردەمی سەرۆک وەزیریی دوکتور "موسەدیق"، کە بەداخەوە ئەویش دوای کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی کۆچیی هەتاوی، خۆری ئازادی لە پشتی کێوەکانی دیکتاتۆریدا ئاوا بوو و جارێکی دیکە حیزب و ڕۆژنامەکە تێکۆشانی نهێنییان دەست پێکردەوە. ئەرکی سەرەکیی ڕۆژنامەی کوردستان وەک ئۆرگانی حیزبی، پتر بریتییە لە: هاندان و ڕێنوێنیی کادیر و ئەندامانی حیزبەکە بۆ پاراستنی یەکریزی و یەکپارچەیی نێوخۆیی حیزب، لە ڕێگای ڕێنوێنییەکانی حیزبی و پاراستنی کەشوهەوای دێموکراتیک لە نێوخۆی حیزبەکەدا. تەحلیل و شیکردنەوە و لێکدانەوەی دروستی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب بەرانبەر ڕووداوەکان و بابەتەکانی ڕۆژ، سەرچاوەیەک بوو بۆ ئەوەی ئەندامانی حیزب باشتر بتوانن هەم بەرگری لە سیاسەتەکانی حیزب بکەن، هەم بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ لای حیزبەکەیان دەستیان پرتر بێ، ئەو کاتە ئەندامێکی حیزبی دەتوانێ لەگەڵ نەیاران یان ڕکەبەرەکانی حیزب دیالۆگێکی شیاوی هەبێ، کە ئاگادارییەکی زۆرتری سەبارەت بە بەرنامە و ئامانج و تاکتیک و ستراتیژیی حیزبەکە هەبێ. باشترین سەرچاوەش بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژنامەی کوردستان!

ئەندامانی حیزب پێویستییەکی زۆریان بە فێربوون و ئامووزشی سیاسی هەیە کە ڕۆژنامەی کوردستان دەتوانێ لەو بوارەدا هەنگاوی گرنگ هەڵبگرێ. هەواڵی ڕاست و دروست لە کۆبوونەوەکانی حیزبی وەک کۆنفرانسەکان، کۆنگرە، پلینۆمەکان و کۆبوونەوە حیزبییەکان بڵاودەکرێتەوە و بێگومان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ڕەنگ دەداتەوە، و سەرچاوەیەکی جێی دڵنیایە بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لەو هەواڵە حیزبییانە. ئەندامانی حیزب دەتوانن ڕا و بۆچوونی خۆیان دەربارەی ئەو ڕووداوانە دەرببڕن. شرۆڤە و لێکدانەوەی سیاسەتە دژی گەلییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی جێگایان ڕۆژنامەی کوردستانە. ڕۆژنامەی کوردستان بەهۆی ئەوەی کە ئۆرگانی حیزبێکی سیاسییە و لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی نایاسایی و تێکۆشان لە ڕیزی ئەو حیزبەدا سزای بەدواوەیە، بۆیە کۆمەڵێک کێشە بۆ چاپ و گەیاندنی بە دەست خوێنەرانی کە پتر ئەندامان و لایەنگرانی نهێنی لە نێوخۆی وڵاتن، دەخوڵقێنێ.

بوونی ژمارەیەک لە ڕۆژنامەی کوردستان بەلای کەسێکەوە لە نێوخۆی وڵات بەسە بۆ ئەوەی بکەوێتە بەر زەبروزەنگ و ئەشکەنجە و ئازار لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە. گەیاندنی ڕۆژنامەکە بۆ نێوخۆی وڵات لەگەڵ مەترسیی گەورە بەرەوڕوو بوو. بۆیە ئامادەکردنی ڕۆژنامەکە زۆر دژوار نەبوو، دژواریی سەرەکی گەیاندنی بەدەست ئەندامان و لایەنگرانی نهێنی بوو. هەروەها کاتی خۆی بۆ گەیاندنی ڕۆژنامەکە بە ئەندامانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات بەتایبەت لە ئورووپا، کەند و کۆسپی گەورەی لەبەردەم بوو و حیزب ناچار بوو چەند ژمارەیەک لە ڕێگای جۆراوجۆر بنێرێت بۆ دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە فەڕانسە، و لەوێ بە تیراژێکی زۆر کۆپی دەکرا و پاشان لە ڕێگای پۆستەوە بۆ کۆمیتەکانی حیزبی لە وڵاتان بە مەبەستی گەیاندن بە دەست ئەندامانی حیزب دەنێردرا. هەرچەند لە ڕووی ئەمنییەوە کێشەیەکی نەبوو، بەڵام ماوەیەکی چەند مانگی دەخایاند تا ژمارەیەک لە ڕۆژنامەی کوردستان بگەیێشتایەتە دەست ئەندامان و لایەنگران.

لە قۆناغێکی دواتردا ڕۆژنامەکە بە شێوەی فاکس دەنێردرا بۆ کۆمیتەکان و لە هەر وڵاتێکدا بە هۆی کۆمیتەکان تەکثیر و بڵاو دەکرایەوە. دیارە لە چاو پێشوو باشتر بوو. بەڵام دوای ئەوەی کە ئینتێرنێت هاتە ئاراوە و دەرەتانی ئەوە ڕەخسا کە ڕۆژنامەکە لەسەر سایتەکانی فەرمیی حیزب دابنرێ، کێشەی گەیاندن کۆتایی پێ هات. بەتایبەت تا ڕادەیەکی زۆر کێشەی ئەمنی لە نێوخۆی وڵات سەبارەت بە ڕۆژنامەکە بۆ ئەندامان نەما و دەیانتوانی ئیستیفادەی لێ بکەن بێ ئەوەی مەترسییان لەسەر بێ.

ئەرشیفکردنی ڕۆژنامەکە لە هەلومەرجی تاراوگەیی و شەڕی چەکداریی حیزب کێشەیەکی دیکە بوو، بەڵام هەر وەک باسمان کرد بە هاتنە کایەی ئینتێرنێت و بەفایلکردنی مەجازیی بابەتەکان ئەو کێشەش چارەسەر بوو. لە هەلومەرجی خەباتی چەکداری دژی کۆماری ئیسلامی، دابینکردنی نووسەر و ئامادەکار بۆ ڕۆژنامەکە ئاستەنگێکی دیکە بوو بەڵام بەو حاڵەش بەخۆشییەوە وەشاندنی ڕۆژنامەی کوردستان پەکی نەکەوت و ئەو کەلێنەش هەر چۆنێک بوو پڕ دەکرایەوە. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبێکی سیاسییە کە ناچارە نێوەرۆکی بابەتەکانی ڕەنگدانەوەی سیاسەتەکانی حیزب بێ یان لانیکەم دژایەتییەکی زۆری لەگەڵ سیاسەتەکانی حیزب نەبێ، بۆیە ڕۆژنامەی کوردستان نەیدەتوانی وەک سکۆی ئازاد و ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ بڵاوبکرێتەوە. بەو حاڵە تا ڕادەیەک مەجال و دەرەتانێک بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونی جیاواز بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەسەلە کە بەرپرسایەتییەکەی دەخرایە ئەستۆی نووسەرەکەی، چەند لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەکە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکرا. ئایا ئێستاش ئەو سیاسەتە بەڕێوە دەچێ؟ نازانم. [دیارە حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی کادیر و ئەندامانی حیزب بتوانن بە ڕاشکاوی و ئازادانە ڕا و بۆچوونی خۆیان لەبەرانبەر سیاسەت و بڕیارات و مەسائیلی حیزبیدا دەرببڕن، بڵاوکراوەیەکی نێوخۆیی هەبوو بە ناوی "تێکۆشەر" کە هیچ سانسۆرێکی لەسەر نەبوو].

بۆ ماوەیەک ڕۆژنامەی کوردستان پاشکۆیەکی تایبەت بە منداڵانی بڵاو دەکردەوە. گرنگتر لەوەش ئەوە بوو کە هەرچەند بابەتەکان لەژێر چاودێری و ڕێنوێنیی یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نووسەران ئامادە دەکران، منداڵەکان بۆ خۆیان بابەتەکانیان دەنووسی و بەرهەمی خودی منداڵان بوو. هەموو جارێک منداڵەکانی نێو حیزب چاوەڕوانی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان و بابەتەکانی خۆیان بوون و کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لە هاندانی منداڵان بۆ ئامادەکردنی بابەت، جا چ وێنەکێشان بوایە یان بەرهەمی دیکە بوایە، هەبوو. جگە لەو پاشکۆیە ڕۆژنامەکە لاپەڕەگەلێکی بۆ کەسانی خاوەن بەهرەی ئەدەبی، جا چ بەرهەمەکە شێعر یان چیرۆک یان هەر بابەتێکی دیکە بوایە، تەرخان کردبوو. خاڵێکی دیکە کە پێویست دەکا ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە چ کەسانێک کە وەک نووسەری بابەتەکان چ ئەو کەسانەی کە بە کاری فەنی لە تایپ و چاپ و... سەرقاڵن، وەک خۆبەخش و پێشمەرگەئاسا کار دەکەن و ڕەنج و ماندووبوونیان جێی ڕێز و پێزانینە. بەبێ فیداکاری و لەخۆبردوویی ئەو کەسانە ڕۆژنامەیەک بە ناوی ڕۆژنامەی کوردستان بوونی نەدەبوو.

## بەر لە ماڵاوایی

# "کوردستان" وەک ئۆرگانی حیزبێکی نەتەوەیی



**ئاگری ئیسماعیلنژاد**

دوایین خولی ڕۆژنامەی کوردستان کە لەلایان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەردەچێت، لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوییەوە دەرچووە و لە ٥٥ ساڵی ڕابردوودا چارەنووسی ئەو ڕۆژنامەیە گرێ دراوە بە چارەنووسی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها دۆخی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە.

لە ٥٥ ساڵی ڕابردوودا میدیای کوردی ڕۆژهەڵات بە هۆی دابڕانی تەشکیلاتی لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات لانیکەمی لە دوو قۆناغدا دوو ڕۆژنامەی "کوردستان" وەکوو زمانحال یان ئۆرگانی حیزبی دیموکرات دەرچوون، بەڵام ڕەوتی بەڕێوەچوونی فکری ئەو ڕۆژنامەیە تەنانەت لە سەردەمی دوو ناونیشانیشدا دەکرێت بڵێن یەک ڕەوت بووە. بەڵام ئاخۆ ڕۆژنامەی "کوردستان" میدیایەکە بەشێوەی ئۆرگانی حیزبێکی سیاسی بڵاو دەبێتەوە؟

خوێندنەوەی سەرپێی بۆ میدیای ئۆرگانی ئەوەیە میدیاییەکە تەنیا لە پێناو خواست و ویستی حیزبێکی سیاسی دابێت. لە جیهانی میدیادا، میدیای ئۆرگانی بەو هۆکارانەی خوارەوە هەمیشە بە گومانەوە سەیریان دەکرێت:

– میدیای ئۆرگانی سیاسەتی پەراوێزخستن، قرتاندن و زەقکردنەوەی نالۆژیکی وەکوو بنەمایی سیاسەتی هەواڵی خۆیان بەکار دێنن.

– میدیای ئۆرگانی زمانی ئیدلۆژیکی خۆیان هەیە، و زۆر وشە و چەمک لە میدیای ئۆرگانیدا مانا و تەنانەت کەسایەتییەکەی دەگۆڕدرێت.

– میدیا ئۆرگانی لە ئاستی لێکدانەوەدا تەنیا ئەو لێکدانەوەی لێ‌ب ڵاودەبێتەوە کە خواست یا خۆلیای لایەنە سیاسییەکەیەتی.

– میدیای ئۆرگانی لە ڕووی کۆمەڵایەتیی و ئەدەبییەوە دەق ، هزر و بۆچوونی خۆی تەنیا بڵاو دەکاتەوە کە لە ڕاستییدا، ئەو بەرهەمانەش دڕێژکراوەی سیاسەتی فەرمی لایەنە سیاسییەکەیانن.

ئەگەر ئەو چەند بنەما سەرەکییە، بۆ میدیای ئۆرگانی لەبەر چاوبگرین، ئایا ڕۆژنامەی کوردستان میدیاییەکی ئۆرگانییە؟ بۆ وڵامی ئەو پرسیارە باشترە ڕۆژنامەی کوردستان بەش بەش بکەین:

**یەکەم: بەشی هەواڵ**

لە ڕەوتی ٥٥ ساڵی ڕابردوودا "کوردستان" لاپەرەی یەکەم، دووهەم و زۆر جار سێهەمی لاپەرەی هەواڵ بوون و لە لاپەرەی یەکەم سەرەڕای ئەوەی هەواڵ داندراوە، وتاری سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیەش داندراوە کە لە ڕاستییدا بۆچوونی حیزبی دیموکرات لەسەر پرسێکی گرینگی کاتی نووسینی سەروتارەکە بووە. لەسەر وتاری سەرنووسەر دەکرێت، بڵێین کە ڕۆژنامە چ ئۆرگانی لایەنێکی سیاسی بێت و چ وەکوو ڕۆژنامەیەکی نائۆرگانی بناسرێ، بەڕێوەبەرانی ئەو ڕۆژنامەیە مافی ئەوەیان هەیە سەروتارەکە لە پێناو ئەو هزر، بۆچوون یان ڕێبازە بنووسن کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی کە وایە سەروتار پێوەرێک نییە، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەیەک بکاتە بڵاوکراوەی ئۆرگانی یان نائۆرگانی. بەڵام لە بەشی هەواڵ بە گشتی ئەوە تایبەتمەندی بەشی هەواڵی ڕۆژنامەی کوردستانە:

– هەواڵی پەیوەندیدا بە کەسی یەکەمی حیزبی دیموکرات بەدەر لەوەی لە ڕووی کارتێکەری لەسەر کۆمەڵگا و تەنانەت گرینگی ئەو هەواڵە لە پرسی تەشکیلاتی هەواڵی مانشێتی یان سەرەکی ڕۆژنامەی کوردستانە.

– هەواڵی پەیوەندیدار بە حیزبی دیموکرات لە لاپەرەکانی هەواڵی ڕۆژنامەی کوردستان زیاترین ڕێژەیان هەیە و هاوکات باشترین شوێنیان بۆ تەرخان دەکرێت.

– شوێن و لاپەرەی هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە حیزبی دیموکرات لە "کوردستان" پلەی تەشکیلاتی بکەری هەواڵەکە دیاری دەکات، واتە هەواڵێک کە پەیوەندی بە دەستەی بەڕێوەبەری حیزبەوە بێت، بەرچاوتر لە هەواڵێک دادەندرێ کە پەیوەندی بە دەستەی بەڕێوەبەری ئەو حیزبەوە نییە.

– زمانی هەواڵ لە "کوردستان"دا زمانی ئیدلۆژیک نییە.

– لە بواری قرتاندن، پەراویزخستن یان زەقکردنەوەی هەواڵێک دەکرێت، بڵێین "کوردستان" هەوڵ دەدا هەواڵی پەیوەندیدار بە حیزبی دیموکرات زەق بکاتەوە، بەڵام شێوازەکانی‌تر بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ ناگرێتە بەر کە وایە "کوردستان" لە بواری هەواڵدا خۆی لە هەواڵی چەواشەکرا و یان هەڵبەستراو نادات.

ئەگەر بمانەوەێ لێرەدا بەو پێیە باسی بەشی هەواڵی "کوردستان" بکەین، دەبێت بڵێن ئەو ڕۆژنامەیە لە لاپەرەکانی هەواڵی دا میدیاییەکی ئۆرگانییە، یان زیاتر وەکوو میدیاییەکی ئۆرگانی هەڵسووکەوت دەکات.

**بەشی دووهەم: لێکدانەوەی سیاسییەکانی ڕۆژنامەی کوردستان**

حیزبی دێموکرات لە ڕووی سیاسییەوە، یەک ستراتژیی گرینگی هەیە، باوەر بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و دابینکردنی مافی سەروەری بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووی تاکتیکییەوە لە قۆناغێ پرسی دابینکردنی خودمختاری بۆ کوردستان و ئێستا پرسی دەستەبەرکردنی فێدرالیزمی لە ئێراندا گرتوتە بەر. "کوردستان" لە لێکدانەوە سیاسییەکانی کە بڵاوی دەکاتەوە:

یەکەم: زمانی ئیدلۆژی بەکار ناهێنێ. دووهەم: ئەو وتارانە بڵاو ناکاتەوە کە کورد بە نەتەوە نەزانێ یان نکۆڵی لە مافی کورد لە بواری وەکوو سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوور و فەرهەنگی بکات. سێهەم: وتار یان لێکدانەوەی بڵاو کردۆتەوە کە گومان بخاتە سەر تاکتیکە سیاسییەکانی یان لەگەڵ سیاسەتی فەرمی حیزب دێموکرات نەیەتەوە. بۆیە لە بەشی سیاسییدا دەکرێت، بڵێن "کوردستان" ڕۆژنامەیەکی ئۆرگانی نییە.

"کوردستان" دوو بەشی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیشی هەیە ، لە بەشی ئەدەبیدا سیاسەتی زاڵ پرسی شوناسخوازی نەتەوەی کورد و بەدەر لەو هێڵە هیچ هێڵێکی ئەدەبی نییە. لە پرسی کۆمەڵایەتیدا وەکوو حیزبێکی کۆنەپارێز هەڵسوکەوت دەکات کە لە ڕاستییدا لەو بوارەدا زیاتر نوێنەرایەتیی پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی لە ڕۆژهەڵات دەکات و بۆ وێنە کەمتر خۆ لە قەرەی باسی وەکوو هاوڕەگەزخوازی و پرسی کەمینەی زایەندی دەدات. بەڵام هاوکات دژی مافی کەمینەی زایەندی و کۆمەڵایەتی نییە. ڕەنگە گرینگترین چەمک کە "کوردستان" لەسەر پرسی کۆمەڵایەتیی ژنان کاری لەسەر کردبێت، بابەتی ژنی کوردە واتە ژنێک کە مافی نەتەوەی و زایەندی پێکەوە لێ پێشێل دەکەن. هەڵبەت ئەو پرسە هیچ کات سیاسەتی بناغەی بەشی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەی کوردستان نەبووە.

ئەگەر بمانەوە بەو پێیە وڵامی پرسیارە سەرەکییەکە بدەینەوە، ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژنامەیەکی ئۆرگانی حیزبێکی نەتەوەییە، کە هەوڵ دەدا لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی ئەو نەتەوەیەدا چالاکی خۆی بکات.